# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

هەینی ٣ی بانەمەڕی ١٣٩٥ ـ ٢٢ی ئاوڕیلی ٢٠١٦ | ژمارە: ٦٧٨ | www.kurdistanukurd.com


## داواکاریی ئاڵمان بۆ گەڕاندنەوەی زیاتری پەنابەران لەو وڵاتە

پیتێر ئاڵتمایەر، سەرۆکی دەفتەری ئانگێلا مێرکێل داوای کرد کە دوو بەرابەری ئەوەندە پەناخوازەی کە بۆ گەڕاندنەوەیان لەبەر چاو گیراوە، پەناخوازی زیاتر لەو وڵاتە دەربکرێن.
بە قسەی ناوبراو، ئەمە ئەرکی هەموو ئەیالەتەکانی ئاڵمانی فیدراڵە.
پیتێر ئاڵتمایەر، سەرۆکی دەفتەری ئانگێلا مێرکێل، وێڕای پێداگریی لەسەر پێویستیی دوو بەرابەر کردنی گەڕاندنەوەی پەرنابەران بۆ وڵاتەکانیان گوتی، لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا ٣٧ هەزارو ٢٢٠ کەس لەسەر داوای خۆیان گەڕاونەتەوە هەروەها ٢٢ هەزارو ٢٠٠ کەسی دیکەش بە زۆر نێردراونەتەوە.
ئەم سیاسەتمەدارەی حیزبی دێموکرات مەسیحیی ئاڵمان گوتی بۆ ساڵی ٢٠١٦ دەبێ دوو بەرابەری ئەوەندە کەسەی ساڵی ڕابردوو نێردراونەتەوە، ئەم وڵاتە بەجێ بێڵن.
شایانی باسە هەر ئێستا ئیدارەی فیدراڵی کاروباری کۆچبەر و پەناخوازان مانگانە دەبێ زیاتر لە سەر ٥٠ هەزار پەناخواز بڕیار بدەن کە زیاتر لە یەک لە سێی داوای ئەو پەنابەرانە ڕەد دەکرێنەوە.

# مانگرتن‌و ناڕەزایەتیدەربڕینی شارە سنوورییەکان ڕەوا و شایانی پشتیوانین



زیاتر لە ٩ مانگە ڕێگا سنوورییەکانی کوردستان داخراون، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی هاتوچۆی کۆڵبەران و جموجۆڵ لە بازاڕەکانی ئەو شارانە ڕابگیرێ. چەند ڕۆژ دوای داخستنی بازاڕو دوکانەکان لە چەند شاری سنووریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە داخستنی سنوورەکان خۆپیشاندانێکی جەماوەری بەڕێوەچوو.
لەو خۆپیشاندانەدا کە سەدان کەس لە خەڵکی بازاڕ، کۆڵبەران‌و کاسبکاران تێیدا بەشدار بوون، خەڵکەکە بە داخستنی دووکان‌و بازاڕ، بەستنی ڕێگای تێپەڕینی کانتینێرەکان‌و دانی دروشم ناڕەزایەتییان بە داخستنی سنوورەکان دەربڕی.
دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێک پشتیوانی لە مانگرتن و ناڕەزایەتی خەڵکی زەحمەتکێشی ناوچە سنووریەکانی کوردستان کردوە. لە ڕاگەیەندراوەدا هاتوە:» سیاسەتی سەرکوتکەرانەو تێکەڵ بە هەڵاواردنی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان، بووە بە هۆی ئەوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ زۆرگیروگرفتی ئابووریی وەک بێکاری، کەم داهاتی، نەبوونی بنکەو دامەزراوەی بەرهەمهێن، پەنابردن بۆ کاری سەخت‌و پڕمەترسی تەنیا بۆ دابینکردنی سەرەتاییترین پێویستییەکانی ژیان‌و هتد، بەرەوڕوو بن».
لەو ڕاگەیاندراوەدا هەروەها وێڕای پشتیوانی لە داخوازە ڕەواکانی خەڵک، داوا لە چین و توێژەکانی دیکەی کوردستان کراوە کە هاودەنگ‌و پشتیوانی ئەم ناڕەزایەتیدەربڕینانە بن.

## پشتیوانی لە مانگرتن‌و ناڕەزایەتیدەربڕینی شارە سنوورییەکان دەکەین

لە ڕۆژی شەممەی ڕابردووە شارە سنوورییەکانی مەریوان، سەوڵاوا، بانە، سەردەشت‌و پیرانشار، شایەدی زنجیرەیەک ناڕەزایەتیدەربڕین و مانگرتنن. درێژەو بەردەوامیی داخرانی سنوورەکان، کوژرانی کۆڵبەران‌و بەرەوژوورچوونی کرێی دووکانەکان لە بازاڕچەکان‌و هەوڵی کاربەدەستان بۆ ڕاگوێزتنی سوودو خێری بازرگانیی سەر سنوور بۆ شارو ناوچەکانی دیکە لە سەر حیسێبی بێبەشکردنی خەڵکی شارو ناوچەکانی سەرسنوور بووە بە هۆی وەڕێ کەوتنی ئەم مانگرتن‌و ناڕەزایەتیدەربڕینانە.
سیاسەتی سەرکوتکەرانەو تێکەڵ بە هەڵاواردنی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان، بووە بە هۆی ئەوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ زۆرگیروگرفتی ئابووریی وەک بێکاری، کەم داهاتی، نەبوونی بنکەو دامەزراوەی بەرهەمهێن، پەنابردن بۆ کاری سەخت‌و پڕمەترسی تەنیا بۆ دابینکردنی سەرەتاییترین پێویستییەکانی ژیان‌و هتد، بەرەوڕوو بن. ئەم دۆخە ئابوورییە وای کردوە کۆمەڵێک کێشەو قەیرانی کۆمەڵایەتی لە کوردستان پەرە بگرێ. دانیشتوانی ناوچە سنوورییەکان زۆرترین پشکیان لە شوێنەوارو کاریگەرییەکانی سیاسەتی پشتگوێخستن‌و هەڵاواردنی کۆماری ئیسلامی بەرکەوتووە. هەر بۆیە ڕێژەیەکی بەرچاو لە دانیشتوانی ئەو ناوچانە بە کۆڵبەری‌و هێنانی کەلوپەل لە سنوورەکانەوە خەریکن. هاتنی کاڵا لەو سنوورانەو دەرەتانی ئاڵوگۆڕی شتومەک لە گەڵ هەرێمی کوردستان هەم بووە بە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێک بازاڕچە لە ناوچە سنوورییەکان‌و هەم یارمەتییەکی ڕێژەیی بە بووژانەوەی بازاڕەکانی ئەو شارە سنوورییانە کردوە. لە گەڵ ئەوەی کاربەدەستانی ڕێژیم یاساو ڕێوشوێنی دلخوازی خۆیان بۆ کارکردنی خەڵک لەو بازاڕچانەو هێنان‌و بردنی کەلوپەل بۆ سنوور، دیاری کردوەو خەڵکەکەش ناچارن بەڕێوەی بەرن، بەو حاڵەش هەر کات پێیان خۆش بوو سنوورەکان دادەخەن، کرێیەکان زیاد دەکەن‌و کێشەی جۆراوجۆری دیکە بۆ کاسبکاران‌و بازاڕییانی ئەو ناوچانە پێک دێنن. لە گەڵ داوای دروستکردنی ناوچەی ئازادی بازرگانی کە داوای خەڵکی ئەو ناوچە سنوورییانەیە، دژایەتی دەکەن‌و، لە بەرامبەردا هەوڵ دەدەن ناوچەی ئازادی بازرگانی لە قووڵایی پارێزگەکانی سەرسنوور دا دروست بکەن تا خێرو بێری ئەوان بۆ خەڵکی ئەو ناوچە سنوورییانە نەبێ. شانبەشانی دروستکردنی ئەم جۆرە کێشەو گرفتانە، ڕۆژ نیە گیانی چەندین کەس لە زەحمەتکێشترین توێژی خەڵک کە کۆڵبەرانن نەستێنن، بەو پەڕی دڕندەییەوە دەیان سەر حەیوانی بارهەڵگر دەدەنە بەر دەسرێژو بە هاسانی ژیانی دەیان هەزار بنەماڵە کە بەڕێچوونیان بە کارو کاسپی لەو سنوورانەوە بەستراوەتەوە، دەخەنە مەترسی.
حیزبی دیموکراتی کوردستان، ناڕەزایەتیدەربڕین‌و مانگرتنی کۆڵبەران، بازاڕییان‌و کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکان بە ڕەوا دەزانێ‌و وێڕای مەحکوومکردنی گوشاروکۆسپ‌و بەربەستدروستکردنی دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم، پشتیوانی لە داخوازەکانی مانگرتووان دەکا. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە توانای دیپلۆماسی، ڕاگەیاندن‌و تەشکیلاتیی خۆی بۆ گەیاندنی دەنگی خەڵکی وەزاڵەهاتوو بە تایبەتی ئەم زنجیرە ناڕەزایەتییانەی هەر ئێستا درێژەیان هەیە، کەلک وەردەگرێ‌و وەک هەمیشە لە سەنگەری پشتیوانی لە ماف‌و داخوازیە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان‌دا ڕادەوەستێ. داواو چاوەڕوانیمان ئەوەیە توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هاودەنگ‌و پشتیوانی ئەم ناڕەزایەتیدەربڕینانە بن.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٠١٦/٤/٢٠**
**١ی بانەمەڕی١٣٩٥**

## ئاسۆ گەشەکانی بەردەم کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی

**قادر وریا**

کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەدەی نۆزدەیەم دا کەوتە ڕێ. سەدەیەک دواتریش لە کاتێکدا، سەدەی بیستەمی جێ دەهێشت و پێی دەنایە سەدەی ٢١، چەند ئاسۆیەکی گەش هاتنە سەر ڕێی. لاچوونی سێبەری دەسەڵاتی ڕێژیمی دیکتاتۆری بەعس لەسەر بەشی هەرە زۆری خەڵک و خەڵکی باشووری کوردستان یەک لەو ئاسۆ گەشانە بوو. چونکە بە دروستبوونی دەسەڵاتی کوردی و وەدیار کەوتنی ئازادی لەم بەشەی کوردستان، هەلومەرجێکی نوێ بۆ ڕۆژنامەنووسیی کوردی هاتە کایەوە کە بەرەکەت و شوێنەوارەکانی هەر بەو بەشەی کوردستان نەوێستا و بەشەکانی دیکەی کوردستانیشی گرتەوە.
ئاسۆیەکی گەشی دیکە کە لە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتاکانی سەدەی ٢١، خۆی نیشانی کورد و نەتەوە بندەست و بێ کیانەکان دا، ئەو دەرەتانە بوو کە لە سۆنگەی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیای پێوەندییەکان پەیدا بوو. ئەم پێشکەوتنە هەروا بەردەوامە و هەتا دێ خێراتر و سەرسووڕهێنەرتر دەبێ و ئەم شانسەشی بۆ نەتەوە بێ دەوڵەتەکان، بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان و تەنانەت تاکەکانیش دروست کردوە کە لە جیهانی پێوەندییەکان و سەردەمی گەشەی بێ وێنەی میدیا دا، دەنگ و ڕەنگیان دیار بێ و هەست بە بوونی خۆیان بکەن.
دەسپێکی سەدەی دووهەمی تەمەنی ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەر تەنیا شایەدی دەوڵەمەندیی ئەو کاروانە لە رووی زۆر بوونی گۆڤار و ڕۆژنامە و پەرەگرتنی جۆراوجۆریی میدیای نووسراو نەبوو، بەڵکوو لەدایکبوونی تەلەڤیزیۆنی کوردی و میدیای ئەلێکترۆنیشی لەگەڵدا بوو. تەیار بوونی نەتەوەی کورد، بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکەی و تاکە هەمیشە سەرکوتکراوەکەی بە ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن و پێوەندی، توانای ئەوانی، هەم لە بەرپەرچدانەوەی هێرش و پەلامار و شەپۆلەکانی میدیای نەیارانی دا، بەرەو ژوور بردوە، هەم هێزی ئەوانی لە داکۆکی لە زمان و کولتوور و ناسنامەی خۆیان دا، زیاد کردوە. هەر بەم پێیە، دەنگ و پەیامیشیان، بە پێچەوانەی ڕابردوو، بە هاسانی سنوورە دەسکردەکان و مەودا زەمانی و مەکانییەکان دەبڕێ و بەردەنگی خۆی دەدۆزێتەوە.هەر لەو کاتەش‌دا وای کردوە میدیا و ڕۆژنامەنووسیی کوردی، پێوەندییەکی هەراوتر لە جارانی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵ هەبێ، ژمارەی بەردەنگ بەردەوام لە زیادبوون دابێ و پێوەندیی ڕاگەیەن و بەردەنگ، ببێتە دوولایەنە.

**درێژە ل٢**



لە پەراوێزی سەفەری روحانی بۆ تورکیە

٥



مانگرتن لە شارەکانی مەریوان، بانەو سەردەشت بەهۆی داخرانی سنوورەکان

٥



«شاعیری گەل» لە ڕەوتی کاروانی خەباتی نەتەوەکەیدا

٦



پێشێل کردنی مافی مرۆڤ، نەریتی نەگۆری کۆماری ئیسلامی!

٧

ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی شازدە (بەشی چوارەم)

٩

کوردستان
رۆژنامەی ● ژمارە:٦٧٨

**خالید عەزیزی:**

# ئادرەسی چارەسەری پرسی کورد لە ئێران حیزبی دێموکراتە

کاک خالید عەزیزی،سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سمیناڕێکدا کە کۆمیتەی سۆئێدی حیزبی دێموکڕات بۆ پێکهێنابوو، سیاستو خوێندنەوەی حیزبی دێموکڕات بۆ ئاڵوگۆرە نوێیەکانی ناوچەی شی کردەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو کۆبوونەوە تەشکیلاتی‌یەدا گوتی: ئادرەسی چارەسەری پرسی کورد لە ئێران حیزبی دێموکراتە.

لە سەرەتای ئەو سمینارەدا کە ڕۆژی شەممە، ٢١ ی خاکەلێوە (٩ی ئاوریلی ٢٠١٦ی زایینی)و بەبەشداریی سەدان ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، کاک حەمەرەسووڵ کەریمی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبو بەرپرسی کۆمیتەی سوئێدو کاک نەبەز عەلیدووست، بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب لە وڵاتی سۆئێد، لە سەر پێکهێنانی سمینارەکەو لە سەر شێوەی بەشداریو هەروەها گرینگیدان بە باسەکانی کاک خالید عەزیزی لە سەر مەسەلە سیاسیو تەشکیلاتیو دیپلۆماتیو خەباتی فرە ڕەهەندی باسێکیان بۆ بەرچاو ڕوونیی زیاتری بەشداران کردەوە. پاشان کاک خالید عەزیزی باسەکەی پێشکێش کرد.

کاک خالید لە سەرەتای قسەکانی بە هێنانە بەرباسی چۆنیەتیی خوێندنەوەی حیزبی دێموکرات بۆ ئاڵوگۆڕەکان لە ئێران گوتی: باسی سیاسەتی گشتیو کەلان لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی هەمووو بۆ ئەوەیە کە چۆن مەسەلە حەیاتییەکان، یان مەسائیلی زۆر گەورەی نیوخۆیی حیزبیش باسیان لە سەر بکرێ، چونکا سیاسەت بە حیزب دەکرێو بە تایبەت حیزبێکی وەک حیزبی دێموکراتیش کە بۆتە جێی سەرنجی دۆستو دوژمن. تەبیعەتی سیاسەتیش وایە کە ئەگەر مەترەح بووی، نفووزت هەبوو، لە هاوکێشەکان‌دا بوونت هەبوو، چاوەروانییەکانیش لە تۆ زیاتر دەبێ، ئەگەر لەلایەک خەڵی جۆراوجۆر، بەشێک لە بەرژەوەندییەکانیان لە وجودو پێگەی تۆدا دەبینن، لەوانەیە بەشێکیش وا هەست بکەن کە بە گەورە بوونەوەو مەترەح‌بوونو حزووری تۆ بەرژەوەندییەکەیان دەکەوێتە مەترسییەوە. جا بۆیە هەرچەندی قسەو باس چ لە میدیای کوردی، چ لە میدیاکانی کوردی ئێرانو چ لە مێدیاکانی ئێرانی‌دا و چ لە نیو خۆماندا لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی ئێمە دا هەبێ، زۆر ئاساییەهو دەبی بە دڵێکی فراوانەوە وەریبگرینو پێشوازی لێ بکەین.

سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا لەسەر جێگەو پێگەی حیزبی دێموکرات گوتی: حیزبی دێموکرات بە ئاسانی حاشای لێ ناکرێ. کۆماری ئیسلامی زۆری هەول دا نەیتوانی وا بە ئاسانی لە پەراوێزی بخا. ڕێکخراوی دیکە لە دەوروبەری دروست بوون، بەڵام ئەوانیش نەیاتوانی جێگای حیزبی دێموکرات بگرنەوە. تەنانەت لە پارچەکانی دیکە هەبوو، کە حیزبێک بە هەر هۆکارێک کە خۆی پێ باش بووە، ویستوویەتی لە گۆڕەپانی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەیدانداری بکا، بەڵام هەر نەیانتوانیوە جێی حیزبی دێموکرات بگرنەوە.

کاک خالید عەزیزی لە تەوەرێکی دیکەی باسەکەدا ئاماژە بە خاڵە لاوازەکانی حیزب وەک دابڕانەکانی نیو ڕیزەکانی ئەم حیزبە کردو تیشکی خستە سەر خەسارەکانی ئەو دیاردەیەو سیاسەت‌کردنی حیزب لەو دۆخەدا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەو بەشەی قسەکانی‌دا گوتی: گرفتی گەورەی گۆڕەپانی سیاسی ئیرانو ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەوە دایە کە کەس ناوێرێ باسێکی نوێ بێنێتە گۆڕی، یەکسەر تۆمەتباری دەکەنو تاوانێکی دەخەنە پاڵ. زۆر کەس پێیان خۆش نیە کە باسێکی نوێ بێتە گۆڕی، چونکی هێنانە بەرباسی شتی نوێ پرسیار دروست دەکاو کە پرسیاریش دروست بوو خەڵکی تێ دەئاڵێ، بەدواداچوون بۆ باسەکە دەکرێو لەوانەیە هەر ئەوە پرسە بەرۆکی خۆشمان بگرێتەوەو ڕابردووی ٣٧ ساڵ هەڵسوکەوتو سیاسەتمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیش بکەوێتە بەر ڕەخنە.

کاک خالید گوتی: زۆر لایەن دەیانەوێ لە جێی خۆماندا بمێنینەوەو هەر یەک بوعدی چاو لە کێشەکان بکەین. خۆ لە باسو بابەتە نوێیەکان نەدەین، ئەوەش دەبێتە هۆی کەڵەکە بوونی گرفتێکی زۆرو ئەگەر سبەی ڕۆژێ دۆخێکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتە ئاراوە، ئێمە هیچمان پێ نەبێ بۆ باس کردنو تەعامول لەگەڵ دۆخی نێوخۆ دا. هەر بۆیە ئێمە دەبێ بە هێنانە بەرباسی پرسیاری نوێ، خەڵکی بە هێمنی بێنینە نێو باسەکان و لە کێشەکاندا هاوبەشیان بکەین.



سکرتێڕی گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان گوتی“ حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هێنانە بەرباسی پرسی نوێ، تابۆی یەک لایەنە بوونی سیاسەتی شکاند. شکاندنی ئەو تابۆیەو هێنانە ئارای شکڵێکی دیکە لە سیاسەت، وڵامێکی بە ئێمە دایەوەو شوێنی ئەو وڵامە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لە نێوخۆی کوردستانی ئێران ئەو بۆچوونەی ئێمەی بوو کە باوەڕبەخۆبوونی لە نێو هێندێک خەڵک‌دا دروست کرد کە نیگەران نەبنو بچنە نێو چالاکییە سیاسیو مەدەنییەکانو بەو جۆرە تێبکۆشن کە خۆیان پێیان باشەو دڵنیا بن لەوەی کە ئەگەر هاتنە ناو کێشە سیاسییەکانەوە، کەس تاوانباریان ناکاو پێیان نەڵێ خائینهو خۆفرۆشو لایەنێک هەیە کە بە جۆرێک دیفاعیان لێ دەکا.

کاک خالید عەزیزی هەر لەو بەشە لە قسەکانی‌دا گوتی: لە نێوخۆی وڵات خەڵکێکی زۆر هەیە کە دەیەوێ خەباتو تێکۆشان بکا، ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە ئەو خەڵکە بەشداری تێکۆشان بکەین. ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو کارەمان کرد. ئێمە دەبێ خەڵک ئەرکدار بکەینو هەوڵ بدەین بە ئاوەڵاکردنی مەیدانی خەبات، بیانهێننە نێو خۆمان. زۆر کەسو لایەن هەیە کە لەو گوتارە سیاسییەی ئێمە سڵ دەکەنەوە، لێی دەدەنو دەیانەوێ ئێمە واز لەو سیاسەتەی خۆمان بێنین، بەڵام ئێمە بێ ترس درێژە بە سیاسەتی خەڵک پەسندی خۆمان دەدەین.

سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە بەشێکی دیکە قسەکانی‌دا هاتە سەر باسی کێشەی نێوان دوو لایەنی دێموکراتو گوتی: ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین کە کێشەکانی نێوانمان بە دیالۆگو دانیشتن چارەسەر بکەین. نابێ ڕێگە بدەین کە دژبەرانی یەکگرتنەوە لە هەردوو لا کێشەکان قووڵتر بکەنەوەو ناکۆکییەکان بکەنە ناکۆکیی سیاسی.

کاک خالید گوتی: ئێمە دەبێ تەوافوق بکەینە بەردی بناخەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە درێژەی باسەکەی‌دا گوتی: حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوووتە ئالا هەڵگری گۆڕانکاری، بۆ حیزبێکی گەورەی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان کە سکرتێرو ڕێبەرییەکەی خۆ لە کایە سیاسییەکانی ناوچەو جیهان دەدا، ئاوا ئاسان نیە کە بێ کێشە لە مەیدانی خەبات‌دا بچێتە پێش، لە کۆتاییش‌دا من دەمەوێ بە خەڵک لە نێو ئێرانو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵێم کە ئادرەسی چارەسەری کێشەی کورد لە ئێران حیزبی دێموکراتە.

لەبەشی دووهەی سمینارەکەش‌دا کە لەلایەن کاک سەعید بێگزادەوە ئیدارە دەکرا، وێڕای هاتنە بەرباسی کۆمەڵێک پرسو بابەتێ نێوخۆیی تەشکیلاتی، لەلایەن بەشدارانی سمینارەکە کۆمەڵێک پرسیار بەرەوڕووی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرانەوەکە لەلایەن بەڕێزانەوە وەڵام درانەوە.

## کۆبوونەوەی سکرتێری گشتیی حدک لەگەڵ دو پارڵمانتاری سۆئێد لە پارڵمانی ئەو وڵاتە

لە کۆبوونەوەی سکرتێری گشتیی حدک لەگەڵ دوو پارڵمانتاری سۆئێد لە پارڵمانی ئەو وڵاتەدا، کاک خالید عەزیزی سەرنجی هەیئەتی خانەخوێی بۆ دوایین گۆڕانکارییەکان لە ئێرانو کوردستان ڕاکێشا.

ڕۆژی چوارشەممە، ١٨ ی خاکەلێوە (٦ی ئاوریلی ٢٠١٦ی زایینی) کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەردانی پارلمانی سۆئێدی کردو لەگەڵ بەڕێزان خاتوو ئاندرینە وینتهێر (Andrine Winther )، بەرپرسی پەیوەندییە نێونەوتەوەییەکانی پارتی سوسیال دیموکراتی سۆئێدو سەرکان کۆسە( Serkan Kose ) ئەندامی پارلەمانو ئەندامی لیژنەی کاروباری دەرەوەی پارلەمانی ئەو وڵاتە دیدارو چاوپێکەوتنی کرد.




لەو دانیشتنەدا لەگەڵ ئەوەی باس لە پەیوەندیی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانو پارتی سوسیال دێمۆکراتی سۆئێد کرا، کاک خالید عەزیزی باسی لە بارودۆخی ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستو پرسی کورد لە نێو ئەو هاوکێشانەدا کرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە درێژەی باسەکەی‌دا لە پێوەندی لەگەڵ ئێرانو پرسی کورددا داوای لە حیزبی سوسیال دیموکراتو حکومەتی سۆئێد کرد کە لەو پەیوەندییەدا بێ تەفاوت نەبنو لە ئاستی ئوروپا دا، سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، ئێعدام، ئەشکەنجەو ئازاری جیابیران لە ئێرانو زەوتکردنی سیتماتیکی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا گوشار بخەنە سەر حکومەتی ئیسلامی ئێرانو پشتگیری لە جوڵانەوەی مەدەنیو چالاکانی سیاسی کوردو نێوخۆی ئێران بکەن.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارە دا باس لەوە کرا کە چۆن هەر دووک لا تێبکۆشن بۆ هاوکاریی زیاتر لە ئاستی وڵاتی سۆئێدو کۆڕو کۆمەلە نێونەتەوەییەکان بۆ بەرجستە کردنو هێنانە ڕۆژەڤی باسو خواسەکانی پێوەندیدار بە ئێران بە گشتیو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی.

لە برگەیەکی دیکەی باسەکانی ئەو دانیشتنەدا باسێکی تێرو تەسەل لەبارەی کێشەی نێوخۆیی ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆڵ سوسیالیست کراو لەو پێوەندییەدا کاک خالید عەزیزی داوای کرد کە هەردووک لا هەوڵ بدەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ چارسەری کێشە نێوخۆییەکانی ئەو ڕێکخراوە گرینگە نێونەتەوەییە.

پێویست بە ئاماژەیە کە لەو دیدارە دا بەڕێزان عەزیز سەید نژادیانو چنوور ئەکبەرپوور، لە بەشی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی کومیتەی سۆئێدی حیزبی دیموکراتی کوردستان هاوڕێیەتی سکرتێری گشتیی حیزبیان دەکرد.

### درێژەی

## ئاسۆ گەشەکانی بەردەم کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی

سێهەم ئاسۆی گەش لە بەردەم رۆژنامەسیی کوردی کە لەم ساڵانەی دوایی دا، گیانێکی نوێی وەبەر ئەم کاروانە پڕشانازییە ناوەتەوە، گەشەی هەست و بیری نەتەوەیی لە هەموو بەشەکانی کوردستان و لای هەر تاکێکی کورد لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهانە. گەشانەوە و بووژانەوەی ئەم گیانە نەتەوەییە کە بۆخۆی بەرهەمی بەرەوژوور چوونی وشیاری و ئاگایی‌یە، هەتا رادەیەکی زۆر، قەرزداری گەشە و هەڵدانی میدیا و پێوەندییەکانە.

داگیرکەرانی کوردستان و زەوتکەرانی مافەکانی نەتەوەی کورد، هەروا کە نەیانتوانی بە هۆی سنووورە دەسکردەکانیان و هێزە ئەهریمەنییەکانیانەوە، پێشی دەستراگەیشتنی کورد بە بەرهەمەکانی زانست و تێکنۆلۆژیای مۆدێرن بەتایبەتی لە بواری میدیایی و پێوەندییەکاندا بگرن، بە دڵنیایی‌یەوە ناشتوانن بەر بە شەپۆلی بێ‌ئامانی شۆڕش و راپەڕینی رزگاریخوازانە بگرن. گرنگ ئەوەیە خاوەنی میدیای کوردی و هەموو ئەوانەی لە کاروانی رۆژنامەنووسیی کوردی دا بەشداریی کاریگەریان هەیە، ئەو ڕێچکەیە بەرنەدەن کە «کوردستان»ی دایک و میقداد میدحەت بەدرخانی پێشەنگ، ١١٨ ساڵ لەمەوبەر، لەسەری رۆێشتن. ڕێچکەیەک کە دەکرێ بەم جۆرە بیخوێنینەوە: سوود وەرگرتن لە کەرەستە و ئامێز و زانستی سەردەم لە پێناوی رزگاریی خاک و نەتەوە و رۆیشتنی بەرەوپێشەوە شانبەشانی نەتەوە ئازاد و بەختەوەرەکان.

## پێکهاتنی ڕێورەسمێک بۆ ڕێزنان لە شەهیدانی کوردستان لە شاری ڤێسترۆسی سۆئێد


بۆ ریز گرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی ڕۆژی ١٠ خاکەلیوە، پێشەوا قازی محەممەدو یارانیو هەروەها ڕێزنان لە سەرجەم شەهیدانی کوردستان ڕێوڕەسمێک لە شاری ڤێسترۆسی وڵاتی سۆئێد پێک‌هات.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە ڕۆژی شەممە، ١٤ ی خاکەلێوە بەڕێوەچوو، بە خوێندنەوەی شێعرێکی حیماسی لەلایەن موژدە عزیزی، ئەندامی کومیتەی حیزب لە وڵاتی سۆئێدو؛ مارشی سروودی نەتەوەیی ئەی رەقیبو پاراستنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی سورخەڵاتی کورد دەستی پێ‌کرد.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕیادەدا بیستون فروغی پەیامی کومیسیونی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوەوە خۆێندەوە. دوابەدوای ئەو مامۆستا عاشق ئیسماعیلی، شاعیرو نووسەری ناسراوی حیزب باسێکی بەنرخی لە سەر شەهید، ڕۆژی ١٠ی خاکە لێوەو کەسایەتی پێشەوای نەمر پێشکەش کرد.

دواتر پەیامی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو حیزبی شیوعی کوردستان کەو بەو بۆنەوە بۆ کومیتەی حیزبو ئەو ڕێوڕەسمە نێردرابوون لە لایەن هاوڕێ مسعود دێماسی،یەوە خوێندرانەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو یادەدا سەید عەلی هاشمی، تێکۆشەری دێرینی ڕێزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان پیامی کەمپینی یەکبوونی خوێندەوەو ڕێبوار ئیبراهیم‌زادەو سیروان ئاروەند وەک دوو ئەندامی بنەماڵەی شەهید لە سەر جێگەو پێگەی بەرزی شەهیدان قسەیان کرد. بە دوای ئەوان‌دا ڕەحمان نستانی، فەرماندەی بەوەجی پێشووی ڕێزەکانی



حیزبی دیموکراتی کوردستان، بیرەوەرییەکی بەهەستو سۆزی لە سەر لەداردرانی بە کۆمەڵی پۆلێل لەلاوانی حیزبی دێموکرات لە زیندانی ورمێدا پێشکەش کرد.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا لەوحی ڕێزلێنانو پێزانین لەلایەن کومیتەی ڤیستروسی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە پێشکەش بە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان کراو بە سروودی شەهیدان کۆتایی بە ڕێورەسمەکە هات.

## بەڕێوەچوونی سمیناری ١٠ی خاکەلێوە لە کۆپێنهاگ، پایەتەختی وڵاتی دانمارک



به دەستپێشخەریی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانو پشتگیریو هاوکاریی فیدراسیۆنی کۆمەلە کوردستانییەکان لە وڵاتی دانمارک، بە بۆنەی ١٠ خاکەلێوە، ڕۆژی لە سێدارەدانی پێشەوای قازی محەممەدو هاوڕێیانی و ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، سمینارێکی سیاسی بۆ کاک حەسەن حاتەمی، ئەندامی ڕێبەریی حیزب، لە شاری کۆپێنهاگ، پایەتەختی وڵاتی دانمارک پێکهات.

ئەو سمینارە ڕۆژی یەکشەممە، ١٥ ی خاکەلێوە بەبەشداریی نوێنەرانی زۆربەی حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکانو کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتووی ئەو ناوچەیەو ئەندامو دۆستانی حیزبی دیموکڕات گیراو بە سەروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بیدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان عەدنان ئاغاجان، سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەلە کوردستانییەکان، کە نوێنەرایەتی زۆرینەی حیزبو ڕێکخراو و کۆمەلە کوردییەکانی وڵاتی دانمارک دەکا، بە وتارێک سمینارەکەی کردەوە.

بەڕێز ئاغاجان باسێکی لەسەر کۆماری کوردستان و ئەو ڕۆژە لە مێژووی گەلی کورددا کردو ئاواتی ئەوەی خواست کە لە داهاتوودا هەموو حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکان، بە یەکگرتووییو هاودەنگی زیاتر ئەو ڕۆژە نەتەوەییو گرینگانەی گەلەکەمان یاد بکەینەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی کۆڕیادەکەدا کاک محەممەد زەبیحی، بەرپرسی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک، وێڕای بەخێرهێنانی میوانەکانو دەربڕینی پێزانینی خۆیو کومیتەی حیزب بۆ ئەرک وەخۆگری فدراسیۆنی کومەڵە کوردستانییەکانو پشتگیریو هاریکاری بەردەوامیان، کورتەیەک لە ژیانو خەباتی کاک حەسەن حاتەمیی بۆ ئامادە بووان باس کرد.

بە دوای ئەو کاک حەسەن حاتەمی وەک گۆڕگێڕی ئەو سمینارە دەستی بە پێشکەش کردنی باسەکانی خۆی کرد.

کاک حەسەن حاتەمی قسەکانی بە بیرهێنانەوەی ١٠ ی خاکەلێوە، ڕۆژی لەداردرانی پێشەوا قازی محەممەد، سەدری قازیو سەیفی قازی دەست پێکردو پەرژایە سەر کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد.

کاک حەسەن حاتەمی گوتی: لەنێو ئەو سەردارانە دا، کەسێکی بلێمەتو هەڵکەوتەی وەک: قازی محەممەدی تێدابوو، کە زمانەکانی، ئینگلیسی، رووسی، ئالمانی، عەرەبی، تورکی بەهەردووک زاراوەی ئازەریو عوسمانی، فارسیو کوردیی دەزانی وخاون پێگەی ئایینی، کۆمەڵایەتیی، فەرهەنگیو ملکداری بوو. ئەو کەسایەتییە تێگەیشتوویە، لە ماوەی پتر لە ٣ ساڵ کاری سیاسی دا، لە ڕێگای ڕێکخراوییو حیزبی بەشێوەی مەدەنی بە هاوبیری کەسانی زاناو ئەوینداری ئازادی و مافی نەتەوایەتی و هاوخەباتی فەرماندەرانی نیزامی لەبەشەکانی دیکەی بەغەدر دابەشکراوی نیشتمان، بەتایبەتی بارزانییەکان، سەرۆک عەشیرە بەهەستەکان، بازارییەکان، ڕووناکبیران، لاوان، ژنان، زەحمەتێکشانی دێو شار و هەموو چین و توێژەکان، خەونو ئاواتی بە میلیۆن کوردی ماف پێشێلکراوی ڕاگەیاند. ئەو بوو کە لە کۆمەڵگەیەکی دواکەتوو و پتر لە ٩٠ ٪ نەخوێندوار و ٨٥ ٪ گوند نشین، لەنێو وڵاتێکی بەفارسی کراو و ناوەند گەرای توند لەژێر تێزی بێڕێزی دەوڵەت نەتەوە، شوناسێکی نەتەوییو سیاسیو جمهوورییەکی کوردی ڕاگەیاند.

ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانلە درێژەدا گوتی: ئەو بڕیارە مەزنە کۆماریخوازییە کوردییە لە حاڵێکدا درا، کە هەم لەلایەن سۆڤیەتییەکان مۆدیلی ئازەربایجانی هەڕەشەی لێدەکرا؛ هەم لە لایەن پیشەوەری، سەرۆکی حکوومەتی میللی ئازەربایجان کە خوازیاری خودموختاری کوردەکان لەنێو ئازەربایجانی بەشی ئێراندا، بوون. بەڵام جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئەو هەموو کارە گرینگانە، لە ڕێگای دیالۆگو دیپلۆماسی، ئارامیو ئاشتی، بێ زیندانی سیاسیو خوێنڕێژی بە ئاکامێکی ڕێژەیی و زۆر موسبەت گەیشتن. بۆیە بە حەق ڕێبەری مەزن دکتور قاسملوو لە کتێبی مێژوویی چل ساڵ خەبات دا، دەنووسێ: "پێشەوا قازی محەممەد گولێک بوو لە بیابان ڕوابوو."

ئەندامی ڕێبەریی حیزب لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا بە لێکدانەوەی دۆزی کورد لە باشوور، باکوورو ڕۆژاوای کوردستان کە هەموویان تیشکەیەک لە خۆری کۆماری کوردستان وێنا دەکەن، هاتە سەر ئەوەی کە پێویستە یەکێک لە بەندەکانی وەسیەت نامەی پێشوای مەزن قازی محەممەد کە یەکگرتوویی کوردانەیە، ببێتە ئەرکو دەروەستییەک لە نێوان هەموو لایەنەکاندا.

حەسەن حاتەمی گوتی هەر بۆیە پێویستە و پێشنیار دەکەین لەبەر گەورەیی کۆمار و لەسێدارەدانی یەکەمین سەرکۆماری مەزنی کوردو هاوڕێیانی بەو تایبەتمەندییانەی گۆشەییەکی چووکیان لێ باس کرا؛ ڕۆژی ١٠خاکەلێوە بکرێتە ڕۆژی شەهیدان و نەمرانی هەموو کورد و کوردستان.

بڕگەیەکی دیکە ئەو سمینارە تەرخان کرا بۆ پرسیاری بەشدارانو وڵامی کاک حەسەن حاتەمی، کە لەو بەشەش دا ئامادەبووان زۆر چالاکانە بەشدارییان کردو لە لایەن کاک حەسەنەوە وڵامی پرسیارەکان درانەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو سمینارە دا چەندین لەوحەی ڕێزلێنان، لە لایەن بەڕێز خالید ڕەواندووست، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کومیتەی حیزب لە دانمارک، پێشکەشی بنەماڵەی شەهیدان کرا.

## لە زانکۆیەکی فینلاند سمیناری «کورد لە سێبەری سیاسەتی جیهانیدا» بەڕێوەچوو

بە بەشداریی کۆمەڵێک سیاسەتمەدارو نوێنەرانی پارلمانی فینالند، سمیناری "کورد لە سێبەری سیاسەتی جیهانیدا" لە زانکۆی هێلسینکی بەڕێوە چوو.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٦ی خاکەلێوە بەبۆنەی ساڵیادی کارەساتی ئەنفالو بەبەشداریی دەیان توێژەر، خوێندکار، چالاکانی سیاسیو مەدەنی فینلەندیو کوردی دانیشتووی ئەو وڵاتە سمیناری "کورد لە سێبەری سیاسەتی جیهانیدا" لە زانکۆی هێلسینکی بەڕێوەچوو .

سمینارەکە بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی کوردو کوردستانو سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیبو بە قسەکانی وڵات نەهری، سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکانی فینلاندو «لورا لۆدینیوس»، بەرپرسی گشتیی ڕێکخراوی یەکیەتی ئاشتی فینلاند دەستی پێکرد.

لەو سمینارەدا ئێرکی تۆمیۆئا، وەزیری دەرەوەی پێشووی فینلاندو نوێنەری پارلمان لە فراکسیۆنی سۆسیال دیموکراتەکان وتارێکی لەسەر ئاڵوگۆڕی سنوورەکانو مافی نێونەتەوەیی پێشکەش کرد.

ئێرکی تۆمیۆئا لە وتارەکەی خۆیدا وێڕای ئاماژە بە لەدایکبوونی وڵاتانی نوێی دوای سۆڤیەتی پێشوو و هەروەها ڕووداوەکانی دوای پەیمانی سایس پیکۆ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گوتی: پرسی سەربەخۆیی کوردستان پرسیارێکی گەرمی سەر مێزە کە هێزە دەسەڵاتدارەکان جارێ ناوێرن خۆی لێ بدەن". بە بڕوای ناوبراو لەو هەلومەرجەدا باشترین چارەسەر بۆ کێشەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان شێوەی دێموکراتیکو ئاشتیانەیە کە لەودا مافی نەتەوایەتیی کورد وێڕای نەتەوەکانی دیکە بە ڕەسمی بناسرێن.

کۆڕگێڕێکی دیکەی ئەو سمینارە خاتوو لی ئاندرسۆن، پارلەمانتارو پسپۆڕی پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی لە فراکسیۆنی یەکیەتیی چەپ بوو. ناوبراو لە وتارەکەی خۆیدا باسی ئەزموونی سەردانی خۆی بۆ باکووری کوردستان کردو شەڕی ئەو دواییانەی دەوڵەتی تورکیە دژی گەلی کوردی بە شەڕی "نێوخۆیی" ناو برد. ئەو هەروەها ئاماژەی بەو تراژیدییانە کرد کە لە باکووری کوردستان بەهۆی هێزەکانی تورکیەوە ڕوو دەدەنو ڕەخنەی لە بێدەنگی وڵاتانی ئوروپایی لە بەرامبەر سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیە و بازرگانیکردن بە بارودۆخی نالەباری پەنابەران گرت.

لە پەنێلێکی دیکەی سمینارەکەدا دکتۆر کریستینا کۆیڤوونێن، توێژەرو لێکۆڵەر کە هەشت کتێبی لە پەیوەندی لە گەڵ کوردو کوردستان نوسیوە، باسێکی لە مێژووی کورد کردو لە باسەکەی خۆیدا مێژووی ژێنۆسساید لە کوردستانی لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە تا ئەمرۆ هێنایە بەرباس.

دوا باسی سمیناری "کورد لە سێبەری سیاسەتی جیهانیدا" لەلایەن مەجید حەقی، چالاکی سیاسیو بەرپرسی ئاکادێمی کۆمەڵگای ئاشتیو گەشەپێدان لە ژێر سەردێری "سیستەمی سیاسی ئێرانو پرسی کورد لەو وڵاتە" پێشکەش کرا.

مەجید حەقی لە وتارەکەی خۆیدا وێڕای شیکردنەوەی سیستەمی سیاسیو دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران، پێگەی نەتەوە بندەستەکانی لە ڕوانگەی یاسای بنەڕەتی ئێران شی کردەوە. ئەو لە بەشێکی دیکەی وتاری خۆیدا باسی مێژینەی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو هەڵوێستی دەوڵەتانی ناوەندیو ئەو کارەساتانەی کرد کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دژی گەلی کورد جێبەجێ کراون.

شایانی باسە ئەو سمینارە لەلایەن فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە فینلاندو ڕێکخراوی یەکیەتیی ئاشتی فینلاندەوە پێکهاتبوو.

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ٧٣ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی لاوان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی ٧٣ ساڵەی دامەزرانی ئەو ڕێکخراوەیە ڕێوڕەسمێکی پێکهێنا.

لەو ڕێوڕسمەدا کە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ٢١ ی خاکەلێوە بەبەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە، کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانیان بەڕێوەچوو، ڕێز لە یادو بیرەوەریی دامەزرێنەرانی ئەو ڕێکخراوەیە گیرا.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیبو ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکردو پاشان پەیامی هەیئەتی ئیجرایی یەکیەتیی لاوان لەلایەن پێشەوا عەلیپوور، سکرتێری گشتیی ئەو ڕێکخراوەیە پێشکەش کرا.

پێشەوا عەلیپوور بە ئاماژە بە مێژووی دامەزرانی ئەو ڕێکخراوەیەو پشکوتنی لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا گوتی: "پێشوامان قازی محەممەد بیری لە داهاتووی حیزبی دێموکراتو نەتەوەی کورد کردۆتەوە بۆ داهاتوو، هەر بۆیەش بە گرنگیدان بە لاوانی ئەو سەردەم دڵنیا بوو کە دوای ئەویش ڕێبازی نەتەوەییو تێکۆشان بۆ دامەزرانی حکومەتی کوردی کوێر نابێتەوە. هەر واش بوو کە قاسملووی لاو و بەرپرسی لاوانی ئەو سەردەم لە پاش ماوەیەک دەبێتە ڕێبەری حیزبی دێموکراتو ئەم شێوازە لە پەروەردەی لاو نەریتێکە لەنێو دێموکرات کە لە پێشەوامان بە میرات ماوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەو بۆنەیە لەلایەن کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسی پێشکێش‌کرا.

کاک کەماڵ کەریمی لە پەیامەکەیدا بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی دامەزرانی سازمانی جەوانانو پەیوەستبوونی تێکۆشانی سازمانی جەوانان بە ژێ کافو پاشان بە حیزبی دێموکرات، باسی لە گرنگیی بوونی ئەم ڕێکخراوەیە کرد.

ئەندامی دەفتەری سیاسی لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: لاوان لە سەردەمی زووە دەوری کاریگەریان هەبووە لە گەیاندنی سیاسەت و پەیامەکانی حیزبی دێموکرات بۆ نێو توێژی لاو و کۆمەڵانی خەڵک، ئەوان بە هۆی کارە هونەریو ئەدەبییەکانیان یارمەتیدەر بوون کە خەڵک لە بیری حیزبی دێموکراتو بیرۆکەی کۆماری کوردستان تێبگەیەنن.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێڕەسمەدا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە لایەن خاتوو شلێر مەحمودی خوێندرایەوەو لە درێژەی بەرنامەکانی ئەو یادەدا کۆمەڵێک بڕگەی هونەری هەبوو کە بەشێکیان بریتی بوون لە: گۆرانییەک بە دەنگی خاتوو شیرین شەریفی، گۆرانییەک بە دەنگی ڕێبوار حەسەنی، پیشاندانی شانۆیەک لەلایەن گرووپی شانۆی لاوانو هەروەها تابلۆیەکی هەڵپەڕکێی لاوانی دێموکرات.

## چالاکیی تەبلیغیی لاوانو پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تورجان بەبۆنەی ڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی لاوان

پۆلێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو یەکیەتیی لاوان لە شارەدێی تورجان چالاکییەکی تەبلیغییان بەبۆنەی ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی لاوان بەڕێوەبرد.

لەو چالاکییە تەبلیغییەدا بە نووسینی دروشم لە سەر دیوارو لێدانی پوستیرو تراکتی تەبلیغی لە شوێنە گشتییەکان یادی دامەزرێنەرانی یەکیەتیی لاوانیان بەرز ڕاگرتو سڵاویان لاوانی بەشدار لە مەیدانی خەباتو تێکۆشانی ڕزگاریی نەتەوەکەیان نارد.

ئەو شوێنانەی لە تورجان چالاکیی تەبلیغییان تێدا کراوە بریتین لە: گەڕەکی پشت قەڵاو بەرقەڵا، دەورووبەری مزگەوتی شێخ وسوو، دەورووبەری مزگەوتی جامیعە، دەرووبەری حەمامی گشتی، دەورووبەری شیرکەتی نەوت، ناوەندی شارەدێی تورجان، گەڕەکانی خواریو سەرێ.

## بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆروێژ

کۆنفرانسی کۆمیتەی گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆروێژ بەبەشداریی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوەچوو.

ڕۆژی شەممە، ١٤ ی خاکەلێوە کۆنفرانسی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ بۆ هەڵبژاردنەوەی کۆمیتەی گشتیی ئەو وڵاتە بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب لە نۆروێژ بەڕێوەچوو.

کۆنفرانس بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیبو ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. ئەو کۆنفڕانسە بە قسەکانی کاک ئەبووبەکر قەدیکورد، بەرپرسی تەشکیلاتی کۆمیتەی نۆروێژو کردنەوەی کۆنفڕانس لەلایەن کاک محەممەد غەریبی، ئەندامی دێرینی حیزب دەستی بەکارەکانی کرد.

لە بڕگەی دەسپێکی کاری کۆنفڕانس‌دا ڕاپۆرتی کۆمیتەی حیزب لە لایەن کاک ئەسعەد خزری، بەرپرسی کۆمیتە خوێندرایەوە. ڕاپۆرت تیشکی خستبووە سەر کارو چالاکییەکانی کۆمیتەی حیزب لە ماوەی ٣ ساڵی ڕابردوودا.

پاشان ئەندامانی بەشداری کۆنفرانس بە دەربڕینی ڕاوبۆچوونو ڕەخنەو پێشنیارەکانیان چالاکانە بەشداری باسەکان بوون کە دواتر لە لایەن هاوڕێیان ئەسعەد خزریو ئەبوبەکر قەدیکورد وڵامی ڕەخنەو تێبینی‌یەکانیان درایەوە.

لە بەشێکی دیکەی کۆنفرانس‌دا کاک سەعید بەیگزادە، بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی دەرەوەی حیزب، باسێکی کورتی لە سەر بابەتەکانی پێوەندیدار بە کاروباری تەشکیلاتیو هەروەها کاروچالاکییەکانی کۆمیتەی نۆروێژ پێشکەش کردو دواتر هەیئەتی بەڕێوەبەری کۆنفرانس بە دانی دەستە گوڵ بە هەریەک لە ئەندامانی کۆمیتەو بەرپرسی یەکیەتیەکانی لاوان، ژنان و کۆمەڵەی کولتووری کوردی، ڕێزی لە کاروتێکۆشانی ئەوان لە ماوەی کاری ئەو کۆمیتەیەدا گرت.

لە بڕگەی دووهەمی کۆنفرانس‌دا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، باسێکی چڕو پڕی لە سەر گرینگترین تەوەرەکانی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکرات، هەڵبژاردنەکانی مانگی ڕابردووی ئێران، کاروچالاکییەکانی حیزبو ئەرکەکانی ئێستای ئەندامانی حیزب لە دەرەوەو ژوورەوەی کوردستان، چالاکانی مەدەنی نێوخۆی کوردستانو پرسی یەکگرتنەوەی دوولایەنی دێموکراتو ڕێکارەکانی هێنایە بەرباس کە دەگەڵ پێشوازی گەرمی ئەندامانی کۆنفرانس بەرەوروو بوو. دوابەدوای قسەکانی سکرتێری گشتی، ژمارەیەکی بەرچاو لە بەشدارانی کۆنفرانس، سەرنجو تێبینیو پێشنیارەکانی خۆیان بەرەوڕووی کاک خالید عەزیزی کرد کە دواتر لە لایەن بەرێزیانەوە وڵامو شیکردنەوەی پێویستیان لەسەر درا.

بڕگەی کۆتایی کاری کۆنفرانس، بریتی بوو لە هەڵبژاردنی کۆمیتە، کە لەو نێوە دا بەشدارانی کۆنفرانس چالاکانە بەشداری ئەو بڕگەیەش بوونو کۆمیتەیەکی نوێیان هەڵبژرادەوە.

## چاوپێکەوتنی بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی حیزب لە نۆروێژ لە گەڵ نوێنەرێکی نەتەوە یەکگرتووەکان

بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی حیزب لە نۆروێژ لە گەڵ نوێنەرێکی نەتەوە یەکگرتووەکان دیدار و چاوپێکەوتنی کرد.

ڕۆژی دووشەممە، ٢٣ ی خاکەلێوە (١١ی ئاپریلی ٢٠١٦ی زایینی) ناسر قادرپوور، بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی حیزب لە نۆروێژ چاوی بە "هیلدە فرا فیورد یوهانسون" نوێنەری نەتەوەیەکگرتووکانو وەزیری حکوومەتی پێشووی نۆروێژ، کەوتو لەسەر پرسی کورد لە ئێرانو خەباتو تێکۆشانی حیزبی دێموکڕات قسەیان کرد.

لەو سەردانەدا ناسر قادرپوور وێڕای باس لە سەر مێژوو و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی، دێموکراسیو گەیشتن بە مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەلومەرجی ئێستای کورد لەو ناوچەیەو ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران قسەی لەگەڵ ئەو نوێنەرەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وڵاتی نۆرویژ کرد.

بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی حیزب لە نۆروێژ لە قسەکانیدا بە تایبەت لەسەر سووکایەتییەکانی هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر جەمخانەیەکی یارسانەکان لە شاری شائابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو پێشێلکرانی مافەکانی ئەم کەمایەتییە ئایینییە لە کوردستان، وەزعی زیندانیانی سیاسی کە لە چاڵەڕەشەکانی ڕێژیمی ئێران زانیاریی بە ناوبراو دا. بارودۆخو پێگەی کورد لە وڵاتی نۆروێژ تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەو چاوپێکەوتنەکە بوو.

لەو دیدارەدا هیلدە خۆشحاڵیی سەبارەت بەو دیدارە دەربڕیو وێڕای پشتیوانیی خۆی لە مەسەلەی کورد، هیوای خواست کە ئەو دیدارو چاوپێکەوتنانە بەردەوام بن.

ژمارە:٦٧٨ ڕۆژنامەی کوردستان

## ڕەخنەی دەزگاکانی چاپو بڵاوکراوە کوردییەکان لە بارودۆخی شپرزەی چاپ لە کوردستان



بەرپرسان دزگای چاپو بڵاوکردنەوەی کتێب لە سنە کۆبوونەوەیەکدا لەهەڵ سەید عەباس ساڵحی، بریکاری فەرهەنگیی وەزارەتی ئیرشاد ڕەخنەی توندیان لە بارودۆخی چاپو بڵاوکردنەوەی کتێب لە کوردستان گرت.

لەو کۆبوونەوەیەدا بەرپرسی دەزگای چاپی «ئاراس» سەبارەت بە پێدانی مۆڵەتی چاپی کتێب بە دەزگاو بڵاوکەرەوەکانی کورد ڕەخنەی توندی لە وەزارەتی فەرهەنگو ئیرشاد گرتو گوتی: زیاتر لە ساڵێکە ٢٠ کتێبی ئەو دەزگایە لە نۆرەی پێدانی مۆڵەتو ئیزنوەرگرتنە.

سەعید سەجادی گوتی: دوای وەرگرتنی مۆڵەت، دەبینی کە پێداگری لەسەر نووسینی ڕستەی" تایبەت بۆ ئەهلی سوننەت" ناڕەزایەتیی زۆری خوێنەرانی لێ دەکەوێتەوە، ئەوەش لە حاڵێک دایە کە ئەو دەستنیشانکردنو دیاریکردنەی کتێب نەک پێویست نییە، بەڵکوو سووکایەتی بە خوێنەریشە. ئەوە جیا لەوەی وادەکا خەڵک ڕوو لە کتێب نەکەنو پەرە بە تێڕوانینی خراپ بە نیسبەت ئەندێشەو بیرە جیاوازەکان دەدا.

بەپرسی دەزگای ئاراس هەروەها سەبارەت بە ڕێگری لە دەزگاکانی چاپی سوونە بۆ بەشدارییان لە پیشانگاکانی کتێبو خستنەڕووی کتێبو بەرهەمەکانیان ڕەخنەی توندی لە وەزارەتی فەرهەنگو ئیرشاد گرتو گوتی: بەرپرسانی دەزگای چاپو بڵاوکەرەوەی کتێب بە زەحمەتی یەکجار مۆڵەتیان دەدرێتێ، کەچی دوایە ڕێی بەشدارییان لە پیشانگاکانی کتێبدا لێدەگیرێو ئەوەش ئەپوڕی غەدرو جیاوازیدانانە.

لەو کۆبوونەوەیەدا ڕەفیق ساڵحی، بەرپرسی دەزگای چاپی " ئامیار" گوتی، کێشەکە هەر ئەوە نییە کە زۆر لە کتێبەکان تەنیا بە شەرتی لەسەرنووسینی " تایبەت بە سوننییەکان" مۆڵەتی چاپیان دەدرێتێ، بەڵکوو کێشە ئەوەیە دوای چەند ساڵ هەر ئەو کتێبانە قەدەغە دەکەنو ئیجازەی فرۆشتنیان لە کتێبفرۆشو دەزگاکانی چاپو بڵاوکردنەوە زەوت دەکەن.

لەو کۆبوونەوەیەدا بەرپرسی دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی "زانست"یش سەبارەت کە کەمیی داهاتی دەزگاکانی چاپی کتێبو بارودۆخی دژواری ژیانی بەڕێوەبەرانی ئەو ناوەندە فەرهەنگییانە کردو گوتی بەو حاڵەش لە لایەن وەزارەتی ئیرشادەوەو ناوەندە بەرپرسیارەکانی سنەوە هیچ هاوکارییەک ناکرێنو یارمەتیو ئاسانکاری پێویستیان بۆ لەبەرچاو ناگیرێ.

عەلی ڕەحمانی، بەڕێوەبەری دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی "واتا"ش ڕەخنەی توندی لە کاربەدەستانی پارێزگای سنە سەبارەت بە پشتگوێخستنی داوای بەرپرسانی دەزگای چاپو بڵاوکردنەوە گرتو گوتی هەر بەو هۆیەوە ئێمە وەک چالاکانی بواری کتێب بە تەواوی ناهۆمێدو تەمابڕاو بووین

ئەو بە ئاماژە بەوەی زیاتر لە دوو ساڵە دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی "واتا" نەیتوانیوە هیچ کتێبێک چاپ بکا، گوتی هۆکاری سەرەکیی ڕاوەستانی ئوان کێشەی داراییەو بێتوو ئەو ڕەوتە هەر ئاوا بەردەوام بێ، ناچار دەبن کۆی بکەنەوەو دەزگاکەیان دابخەن.

بەڕێوەبەری دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی " کانیی کتێب"یش ڕەخنەی لە گۆڕینی سەلیقە لە وشە لە کتێبە کوردییەکاندا گرتو گوتی ئەو بەربەستانە وادەکا واتای ڕستەکانو تەنانەت مەبەستی نووسەر بگۆڕدرێن.

شوان تاهیری لە درێژەدا گوتی لەگەڵ ئەوەشدا پێدانی مۆڵەت بۆ چاپی کتێب لە کوردستان ماوەیەکی یەکجار زۆر دەکێشێو تەنانەت کتێب هەیە دوای چەند جار ڕەخنەی وەزارەتو پێداچوونەوەی نووسەر جا ئیزنی چاپی دەدرێتێ.

شایانی باسە زۆر لە بەرپرسانی دەزگاکانی چاپو بڵاوکردنەوە لە کوردستان بەهۆی بێبەشکردنیان لە پیشانگای نێونەتەوەیی کتێب لە تارانو نەدانی غورفە پێیان ئامادە نەبوون لەو کۆبوونەوەیەدا لەگەڵ جێگری وەزیری فەرهەنگو ئیرشاد دابنیشنو باس لە سەرنجو ڕەخنەکانیان بکەن.

## کرماشان، لە سەرووی لیستی بێکارترین پارێزگاکانی ئێران

ناوەندی ئاماری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئاکامی گەڵاڵەیەکی ئامارگرتنی هێزی کار لە زستانی ساڵی ٩٤ ڕایگەیاند کە پارێزگای کرماشان بە سەدی ٢٣.١ وەک بێکارترین پارێزگا لە ئاستی پارێزگاکانی ئێران دایە.




بەپێی ئەم ئامارە نرخی بێکاری لە پارێزگای کرماشان لە بەهاری ساڵی ڕابردوودا سەدی ١٣/٧، لە هاویندا، سەدی ١٥/٢، لە پاییزسەدی ١٨/٦و هەروەها لە زستانەکەشی سەدی ٢٣/١ بووە.

لەم ئامارەدا پشکی کاروکاسبی لە کەرتی جوتیاریی ئەم پارێزگایە لە وەرزی بەهار سەدی ٣١، هاوین سەدی ٣٢، پاییز سەدی نزیک بە ٣٠ و هەروەها لە زستانەکەشیدا سەدی ٢٣ و پشکی پیشەسازیی لە وەرزەکانی بەهار سەدی ٢٦، هاوین سەدی ٢٣، پاییزی سەدی ٢٠ و هەروەها لە زستاندا سەد ٢٠ بووە.

پێویست بە ئاماژەیە کە هۆی تێکڕمانی ژێرخانەکانی ئەم پارێزگایە بۆ زیانی زۆرو قورسی شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێران و عێراق، سەرمایەدانەنان لە سەردەمی پاش شەڕ، درێژبوونەوەی گەڵاڵەکانی وەک ئاسنەڕێی کرماشان، خەمساردیی دەوڵەت سەبارەت بە گەشەی ئەم پارێزگایەو زۆریی بەڕێوەبەرانو بەرپرسانی ناخۆجێیی دەگەڕێتەوەو هەموو ئەنجامەکەشی ئەم بێکاریەیە کە ئێستا لەم پارێزگایەدا خەڵک بە

## لاوێکی تەمەن ١٨ ساڵ لە ناوچەی مەریوان بەهۆی تەقینەوەی مین لاقی پەڕی

تەقینەوەی مینی بەجێماوی شەڕی ١٨ ساڵەی نێوان ئێرانو عێراق لە ئاوایی دووپلورەی سەربە شاری مەریوان گوێزینگی لاقی لاوێکی تەمەن ١٨ ساڵەی پەڕاند.



بەپێی ڕاپۆرتی زرێوار خەبەر، دوکتور هوشیار سایەمیری، بەڕێوەبەری بێهداشتو دەرمانی شاری مەریوان وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەم هەواڵە گوتی، شەوی پێنجشەممە، ٢٦ ی خاکەلێوە لاوێکی تەمەن ١٨ ساڵ بە ناوی "م . ر" بە هۆی تەقینەوەی مین بریندار بووەو بۆ نەخۆشخانەی بوعەلیی ئەم شارە گواسترایەوە، بەڵام بەداخەوە لاقی لە گوێزینگی ڕا پەڕی.

ئەو ڕووداوە لە مەریوان لە حاڵێک دایە کەڕۆژی سێشەممە ٢٤ی خاکەلێوەش، پیاوێکی بە تەمەنی خەڵکی گوندی "نێروان" لە بەشی ئارمەردەی شاری بانە کەوتە سەر مینو بەو هۆیەوە لاقی چەپی لەدەست دا.

شایانی باسە کە لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا ٧ کەس لە شارو ناوچەکانی کوردستان، بوونەتەوە قوربانیی تەقینەوەی مین.

## قوتبەددین سادقی: مارەکانی زوحاک چەواشەکاریی ڕاستییە مێژووییەکانی ماد لەلایەن پارسەکانە

دوکتور قوتبەددین سادقی، مامۆستای کوردی زانکۆی تاران ڕەوایەتێکی جیاواز لە مێژووی ٢٥٠٠ ساڵەی ئێرانی کەونارو ئوستوورەکانی کردوە.

دوکتور قوتبەددین سادقی لە کۆبوونەوەیەکدا لە کافەکتێبی کاڵ لە سنە پەردەی لە چەند گۆشەیەک لە چەواشەکارییەکانی مێژووی هەخامەنشییەکان هەڵدایەوە کە بە دژی مادەکان کردوویانە. ئەو بە کەندوکۆژ لە کەلەبەری ڕووداوە مێژووییەکان ئەو بیرۆکەیەی خستە بەر سەرنج کە "ئاژی دهاک"و مارەکانی سەر شانی کە بە پێی قسەی سەرکەوتووانی شەڕ گوایە مێشکیان خواردوەو تینوێتییان بە خوێن شکاوە هیچی ڕاست نینو تۆڵەیەک بووە پاشاکانی هەخامەنشی بە هاریکاریی زەرتوشتییەکان لە مادەکانو ئایینی میتراییان کردۆتەوە.

دوکتور قوتبەددین سادقی لە درێژەی باسەکەیدا هەوڵی دا بە خستنەڕووی بەڵگەو دیکۆمێنتی زمانناسیو مێژوویی چرژ بخاتە نێو ئەو باوەڕەی ٢٥ سەدەیە لەلایەن مێژوونووسانی فارسەوە



بەردەوام دەگوترێتەوە.

شایانی باسە لە بەشی کۆتایی ئەو کۆڕەدا کە بەبەشداریی دەیان نووسەر، مامۆستای زانکۆ، ئەدیبو خوێندکار بەڕێوەچوو، بەشدارانی کۆڕەکە پرسیارو سەرنجەکانی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو باسەدا خستەڕوو کە بە وردی لەلایەن دوکتور قوتبەددین سادقییەوە وڵامی پێویستیان پێ درایەوە.

## هەشت حیزبی نوێ لە پارێزگای ئیلام مۆڵەتی چالاکییان وەرگرت

سیاسیی نوێ لە پارێزگای ئیلام مۆڵەتی چالاکییان پێدرا.

چالاکانی سیاسیی ئیلام دەڵێن بەپێی قانوون، چوارچێوەی چالاکیو هەڵسووڕانی ئەم حیزبانە بەرتەسکەو، ئەوان تەنیا دەتوانن لە سەر چوارچێوەی گشتیی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا هەندێ هەڵسووڕانیان هەبێ.

بەپێی ڕاگەیەندراوی پێشووی پارێزگاریی ئیلام ساڵی ڕابردوو چەند ڕەوتکو گرووپی سیاسیی جیاواز داوای دامەزرانی ١١ حیزبی نوێیان لەم پارێزگایەدا کردبوو کە لە دوای پێداچووبەوە بەو داواینە مۆڵەتی چالاکیو دامەزران بە ٨ حیزبی نوێ درا.

زۆربەی ئەم حیزبە نوێیانەش کە داوای دامەزرانو




چالاکی لەم پارێزگایەیان کردووە سەر بە ڕەوتی ڕیفۆرمخوازنن.

بەڕێوەبەری گشتیی سیاسیو هەڵبژاردنی پارێزگاری لەم بارەوە گوتی چالاکیی حیزبو گرووپە سیاسییەکان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زۆر لەکزی دابوو، بەڵام لەگەڵ هاتنە سەرکاری دەوڵەتی ڕووحانی ئەم چالاکییانەش بەگوڕتر بوونەتەوە.

## سەدی ٧٠ی پڕۆژەکانی پارێزگای ورمێ بە نیوەچڵێ ماونەتەوە

نوێنەری پارێزگای ورمێ لە شورای بەرزی پارێزگاکان گوتی، سەدی ٢٥ی پیاوانو سەدی ٤٥ ژنانی دەرچووی زانکۆ لەم پارێزگای ورمێ بێکارن.

ئیرەج سلێمان زادە، نوێنەری پارێزگای ورمێ لە شاری نەغەدە لە شورای باڵای پارێزگاکان وێڕای ئاماژە بەوەی کە سەدی ٤ی حەشیمەتی ئێران لەم پارێزگایەدا نیشتەجێن، گوتی پشکی پارێزگای ورمێ لە بەرهەمی میللی تەنیا کە سەدی٢ کەمترە، هەر بۆیە لە نێوان پارێزگاکانی ئێراندا هیچ هاوسەنگیەک بوونی نییەو دەرفەتو ئیمکانات بە شێوەیەکی عادڵانە دابەش نەکراوە.

ناوبراو ئاماژەی بە گیروگیفتە سەرەکییەکانی ئەم پارێزگایە کردو گوتی بێکاریی لاوانی خوێندەوار یەکێک لە قەیرانە



گرینگەکانی ئەم پارێزگایەیەو لە ئێستادا سەدی ٢٥ پیاوانو سەدی ٤٥ ژنانی دەرچووی زانکۆ لەم پارێزگایەدا بێکارنو هیچ کارێکی ئەوتۆ ناکەن.

سلێمان زادە هەروەها گوتی، لە پارێزگای ورمێ زۆربەی پڕۆژەی جادەو ڕێگاوبانەکان کە مەرجی سەرەکیی ژێرخانی ئابوورین، سەدی ٣٠یان تەواوبووەو سەدی ٧٠ ی بە نیوەچڵی ماونەتەوە.


## وەستانی ٦٣کارگەو یەکەی بەرهەمهێنەر لە مەهاباد

نزیکەی سەدی ٣٠ یەکە پیشەسازییەکانی پارێزگای ورمێ لە کار و چالاکی وەستاون، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە مەهاباد لە سەدی ٤٠ زیاترە.

مێهدیزادە، بەڕێوەبەری گشتیی شارۆچکە سەنعەتییەکانی پارێزگای ورمێ لە کۆبوونەوەی ئیمزای ڕێککەوتنامەی بازاڕچەی سنووریی شارەکانی مەهاباد و سەردەشت لە فەرمانداریی مەهاباد وێڕای ئاماژە بە ئامارە ڕەسمییەکانی ئێران لە بابەت یەکە سەنعەتییە ناچالاکەکان لە وڵاتدا گوتی: بەپێی دوایین لێکۆڵینەوەکان نزیکەی سەدی ٢٠ی یەکە بەرهەمهێنەرەکانی ئێران لە کار وەستاون، بەڵام ئەوە لە پارێزگای ورمێ زیاترەو لە حاڵی حازردا نزیکەی سەدی ٣٠ کارگە بەرهەم هێنەرەکانی ئەو پارێزگایە ناچالاکن.

لەم کۆبوونەوەیەدا سەرۆکی ئیدارەی سەنعەت، کانزا و تیجارەتی مەهابادیش باسی لە داخران و نیوەچالاک بوونی ٦٣ یەکەی بەرهەمهێنەری سەنعەتی لەم شارە کرد.

قادری لەم بارەوە گوتی: شاری مەهاباد ١٤٣ کارگەی سەنعەتی هەیە کە ٨٠ یەکە لەم یەکە پیشەسازییانە لە شارۆچکەی



سەنعەتیی ئەم شارەدا هەڵکەوتوونو، لە حاڵی حازردا ٣٦ یەکەی سەنعەتی لە شاری مەهاباد بەهۆی گیروگرفتی زۆری ماڵی لە کار و چالاکی کەوتوون و ٢٧ یەکەی دیکەش بە نیوەی بارستایی خۆیان خەریکی وەبەرهێنانن.

## کۆچی دوایی خاتوو ڕابیعا قادری، ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بانە

خاتوو ڕابیعە قادری، ئەندامی دێرینی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بانە بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد.

بەپێی هەواڵی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی پێنجشەممە، ١٩ی خاکەلێوە خاتوو ڕابیعە قادری، کچی مام قادرو خوشکی کاک ئەحمەد قادری، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

خاتوو ڕابیعا قادری لە بنەماڵەیەکی نیشتمانخۆشەویستی کورد لە ئاوایی نجنێی سەروو سەر بە ناوچەی مەیدانانی بانە لە دایک بوو. لە ساڵی ٥٨ی هەتاوی پێوەندیی بە حیزبی دێموکڕاتەوە گرتو وەک ئەندامێکی چالاکو دڵسۆز لە هاندانی کچانو ژنانی ئەو ناوچەیە بۆ ڕیزی تەشکیلاتی حیزب نەخشی بەرچاوی لە ئەستۆ بوو.

خاتوو ڕابیعە سەرەڕای کەسایەتیی حیزبی، مرۆڤێکی خۆشناوو خاوەن کەسایەتییەکی بەرزی کۆمەڵایەتی بوو کە زۆر بە کاری خەڵکو کێشەکانیانەوە ماندوو بوو؛ بۆیەش خۆشەویستی خەڵکی ناوچەکە بوو.

هەر بەو بۆنەیەوەو بۆ ڕێزگرتن لە تێکۆشانو خزمەتەکانی خاتوو ڕابیعا قادری، بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو بنەماڵەکانیان کۆڕێکی پرسەو سەرەخۆشی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بەڕێوەچوو.

لەو کۆڕەدا کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی



دێموکڕاتی کوردستان بە کورتی لە سەر ژیانو خزمەتەکانی خاتوو ڕابیعا قادری بۆ بەشداران دوا.

ئەندامی دەفتەری سیاسی گوتی بەشداریمان لەو پرسەیەدا هەر تەنیا بۆ هاوخەمی لەگەڵ برای تێکۆشەرمان کاک ئەحمەد قادری نییە، بەڵکوو ڕێزگرتن لە تێکۆشانی پێشمەرگانەی ئەندامێکە لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا بە لەخۆبردوویی، دڵسۆزانەو سادقانەو ماندوویینەناسانە خزمەتی حیزبەکەیو خەباتی نەتەوەکەی کرد.

هەر لەو کۆڕەدا کاک ئەحمەد قادری، وەک برای خاتوو ڕابیعاو بە نوێنەرایەتیی بنەماڵەکەی سپاسو پێزانینی خۆی سەبارەت بە هاوخەمیی بەرینی خەڵک لەگەڵیان دەربڕیو ئەوەشی لێ زیاد کرد کە خاتوو ڕابیعا بۆ ئەو هەر خوشک نەبوو، بەڵکوو هاوسەنگەر، پشتیوانو قەڵایەک بۆ ورەدانو خۆڕاگری بوو.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتوو ڕابیعا سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاریو لە پێش هەموویاندا هاوڕێ کاک ئەحمەد قادری دەکاو خۆی بە شەریکە خەمیان دەزانێ.

سیاسی

# لە پەراوێزی سەفەری روحانی بۆ تورکیە

عومەر باڵەکی

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا «روحانی» سەرکۆماری، کۆماری ئیسلامی ئیران بۆ بەشداری کردنی لە «کۆنفرانسی هاوکاری وڵاتانی ئیسلامی» کە بەمیوانداری دەوڵەتی تورکیە لە شاری ئیستامبوڵ پێک هاتبوو سەفەری ئەو وڵاتەی کردو لە ماوەی چوار ڕۆژ مانەوەی دا کۆمەڵێک دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ کاربەدەستانی تورکیە هەبوو کە مەبەستی ئەو وتارە ئاکامەکانی ئەو دیدارانەیە لەگەڵ کاربەدەستانی تورکیە، نەک ئاکامی کۆنفرانسی وڵاتانی ئیسلامی.

دامەزراندنی پێوەندی و هاتووچۆی دیپلۆماسی و بازرگانی لە نێوان دەوڵەتەکان دا شتێکی سروشتیە. بەڵام کاتێک چاو بە مێژووی کۆن و نوێی «تورکیە و ئێران» دا دەخشێنین، دەبینین ئەم دوو وڵاتە لە سەردەمی «سەفەوی و عوسمانییەکان»ەوەهەتا ئێستاهەمووکات لەسەر پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان و زاڵ بوون بەسەر ناوچەکەدا پێکەوە لە شەڕ و ململانێی سیاسی دابوون، بەڵام لە سەد ساڵی ڕابردوودا بە بوونی هەموو کێشەو ململانێیەکان کە ئەو دوو دەوڵەتە پێکەوە بوویانە،لەسەر یەک مەسەلە پێکەوە کۆک بوون، ئەویش مەسەلەی کورد و خاکی کوردستانە کە چۆن بەرەنگاری جوڵانەوە ڕەواکانی کورد کە بۆ وەدەست هێنانەوەی مافەکانی نەتەوەی کورد خەبات دەکەن، ببنەوە.

هەر کاتێک هەیئەتەکانی ئەو چوار وڵاتەی کە خاکی کوردستان و نەتەوەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە چ دوو لایەن یان هەر چوار لایان پێکەوە دانیشتنیان هەبووبێ، کورد بە چاوی گومانەوە سەیری ئەو کۆبوونەوانەی کردووە، چونکە مێژووی ئەو سەدساڵەی ڕابردوو ئەوەی سەلماندووە کە لەو دانیشتن و کۆبوونەوانە دا کورد و خاکی کوردستان و مەسەلەکەی هاتۆتە بەر باس و نەک بۆ چارەسەری مەسەلەکە، بەڵکووبۆدارشتنی گەلاڵەو پرۆژەیەک کە بتوانن سەرکووتی جووڵانەوەکانی کوردی لە هەر پارچەیەک لە کوردستان بکەن ولە هەمان حاڵ دا پلانی شێوازی گۆڕینی دێموگرافی کوردستان و بە تاڵان بردنی سامان و مێژووی نەتەوەی کوردبە هاوکاری یەکتر جێ بەجێ بکەن.

سەفەری ئەو جارەی روحانیش بر ڕواڵەت بە مەبەستی بەشداری لە کۆنفرانسی هاوکاری وڵاتانی ئیسلامی بووە، بەڵام دەبینین لە پەراوێزی ئەو سەفەرەدا روحانی کۆمەڵێک دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ کاربەدەستانی بەرزی تورکیەدا هەبووە کە بە قسەی خۆی دەسکەوتی سیاسی و ئابووری گرینگی هەبووە و توانیویەتی کەش و هەوای سیاسی و ئەمنییەتی و بازرگانی لەگەڵ تورکیە عادی بکاتەوە و کۆمەڵێک دردۆنگی کەلەوماوەدالە نێوانیان دا بوو برەوێنێتەوە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە چەند نوکتەیەکە کە روحانی لە لێدوانەکانی خۆیدا بۆ ڕاگەیەنە گشتییەکان ئاماژەی پێکردوون. لە یەکێک لە قسەکانی دا دەڵێ: ئێران و تورکیە «لە ئوسووڵدا هیچ جیاوازی بۆچوونیان نییە». کە ئەوە پرسیاری زۆری خوڵقاندوە کە دەبێ مەبەستی روحانی لە کام ئوسوول بێ کە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تورکیە لەسەری ناکۆک نین. چوونکە شناختێک کە لەسەر تێروانین و بۆچوونی هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیە هەیە، ڕاست پێچەوانەی ئەو قسەیەی روحانی دەسەڵمێنێ



کە نەک لەبەڕیوەبردنی سیاسەتی نێوخۆییدا جیاوازیان هەیە، بەڵکوو لە تێڕوانین بۆ مەسەلەکانلە سەتحی جیهانی وناوچەیی و لە سیاسەتی خارجیش دا جیاوازییەکی یەکجار زۆریان هەیە.بۆ زیاتر روونبوونەوەی ئەم مەسەلەیە دەتوانین ئاماژە بەو خاڵانە بکەین:

ـ تورکیە بە پێی یاسای بنەڕەتی خوی وڵاتێکی لائیکەولە ریگای هەڵبژاردن وململانی حیزبەکان دەسەڵات دەستاو دەستی پێ دەکرێ.

ـ ئێران بە پێی یاسای بنەڕەتی خۆی وڵاتێکی مەزهەبیە وڕێبەر نوینەری خوایەلەسەرزەوی وقابیلی ئالوگۆرنییەو هەموو یاساو قانوونەکان لە چوارچێوەی مەزهەبی شیعەی ١٢ ئیمامیدا بەرێوە دەچێ.

ـ لە تورکیە حیزبێکی ئیسلامی سوونە مەزهەب لە حاڵی حازر دا دەسەڵاتدارە، بەڵام لە ئێران مەزهەبی شیعە دەسەڵاتدارە کە دروست لە بواری تێڕوانین بۆ مەسەلەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی پێچەوانەی یەکترن.

ـ تورکیە ئەندامی ڕێکخراوەی ناتۆیە و کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی ٣٧ ساڵی ڕابردوو دا لەگەڵ دەوڵەتانی پێکهێنەری ڕێکخراوەی ناتۆ لە کێشە و ململانێدا بووە.

ـ تورکیە، ئیسرائیل وەک دەوڵەت بە ڕەسمی دەناسێ و پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵدا هەیە.

ـ ئێران، ئیسرائیل بە دەوڵەت ناناسێ و دەیهەوێ لەسەر زەوی پاکی بکاتەوە.

ـ تورکیە خوازیاریرووخان ونەمانی حکوومەتی بەشار ئەسەدە لە سوریە و پشتیوانی لەئۆپۆزسیونیسوریە دەکا.

ـ ئێران ویستیاری مانەوەی بەشار ئەسەدە و بە هێزی مادی و ئینسانی و سیاسی پشتیوانی لە بەشار ئەسەد دەکاوهەتائیستاهەزینەیەکی زۆری مادی وئینسانی بۆ مانەوەی بەشارئەسەد داوە.

ـ تورکیە دۆستی نزیکی عەرەبستان و وڵاتانی عەرەبی کەنداوە.

ـ ئێران لەگەڵ عەرەبستان و وڵاتانی کەنداو لە کێشەو ململانێ دایە.

ئەو نموونانەی سەرەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە ئێران و تورکیە لەگەڵ ئەوەدا هەردوو لا وەک دراوسێ نیازیان بە پێوەندی ئابووری دەگەڵ هەیە، بەڵام لەسەر ئەومەسەلانەی کە لە سەرەوە باس کران پێکەوە ناکۆکن و تەنانەت لە هەوڵی ئەوەدان یەکتر لە مەیدانی ململانێکانی ناوچە دا دەربکەن. هەر بۆیە پێویستە ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی روحانی بکرێتەوە کە لەسەر کام ئوسوول لەگەڵ تورکیە جیاوازی بۆچوونتان نییە؟ کە دیارە وڵامی ئەو پرسیارە لای سیاسییەکانی کورد و تەنانەت تاکی کوردیش روون و ئاشکرایە. مەبەستی روحانی و دەوڵەتی تورکیە لەو ئوسولە پیوەندی هەیە بە نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان کە بۆ سەرکوتو لە ژێرپێنانی مافی کورد و وێران کردنی کوردستان جیاوازی هەڵوێست و بۆچوونیان نییە.

ئاغای روحانی هەر لەو وتووێژانەدا کە بۆ چاپەمەنی و ڕاگەیەنە گشتییەکان لە دوای سەفەرەکە بۆ تورکیە کردویەتی،دەڵێ:»دەوڵەتی ئانکاراو تاران لەسەر ئەوە کۆکن کە سنووری وڵاتانی ناوچەکەدەبێ وەک خۆی بمێنێتەوە و پارچە پارچە بوونی هیچ وڵاتێک لە ناوچەکەدا پەسەند ناکەین.» کە دیارەئەوە ڕاستەوخۆ دژایەتی کردنە لەگەڵ پرسی ڕاپرسی لە باشووری کوردستان بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی کورد لەو پارچەیە و لە هەمان حاڵدا پەیامە بۆ کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان کەماوەیەک لەوەپێش فدراڵیان ڕاگەیاندووە و بە گشتی پەیامێکی روونە بۆ هەر چوارپارچەی کوردستان کە ئانکارا و تاران لەگەڵ ئەوەدا لەسەر زۆر بابەت لەگەڵ یەک ناکۆکن، بەڵام لەسەر ئەوە کە کورد مافی ئەوەی نییە بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆی بدا کۆک و هاودەنگن و بە هەموو توانایانەوە هەوڵ دەدەن لەو قۆناغەی ئێستا دا پێش بە پارچە پارچە بوونی عێراق و سوریە بگرن، چونکە ئەگەر ئەوە ڕوودا، تاران و ئانکاراش ئەوە باش دەزانن کە ڕووی لەئەوانیش دەبێ. هیچ دوور نییە لە هەل ومەرجێکی وادا هەموو ناکۆکییەکان وەلا بنێن و لەسەر دژایەتی کردنی کورد یەک هەڵوێست و بڕیار بن، هەر وەکی لە ڕابردووشدا ئەو کۆدەنگی و هاوکاریان بە دژی جووڵانەوەکانی کورد پێکەوە هەبووە.

لە کۆتایی دا دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە مادام دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستان دا هەوڵ نادەن لە ڕێگای ئاشتییەوە مەسەلەی کورد چارەسەر بکەن و دان بە مافەکانی کورد دابنێن، بەڵکوو هەموو ناکۆکییەکان وەلادەنێن و یەک دەگرن بۆ ئەوەی کورد زیاتر سەرکوت بکەن، پێویستە لە هەل و مەرجی ئێستا دا کە هەتا ڕادەیەکی باش ڕەوتی ڕوداوەکان لە بەرژەوەندی گشتی کورد دایە،کوردیش نێوماڵی خۆی ڕێک بخا و بە تایبەتی ئەحزابی سیاسی کورد کە ڕۆڵ و کاریگەری ڕاستەوخۆیانلەسەر چارەنووسی کورد هەیە، جیاوازی بۆچوون و بەرژەوەندی حیزبیەکانیان لە لایەک دابنێن و هەوڵ بدرێ کۆدەنگییەک لەسەر ئەو مەسەلە گشتییانەی کە پێوەندیان بە مافی نەتەوایەتییەوە هەیە، پێکبێنن و هەوڵ بدرێ بەرژەوەندی هەر چوارپارچەی کوردستان لەبەر چاو بگیرێ بۆ ئەوەی قورسایی کورد وەک نەتەوەیەک باشتر دەربکەوێو، لە هەل و مەرجی ئێستادا کار بۆ ئەوە بکرێ کە کورد ببێتە خاوەنی ئادرەسێکی دیاری کراوە بۆبڕیاردان لەسەر مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی، نەک چەند یا چەندین ئادرەس بە لیکدانەوە وتێروانینی جیاواز لەسەر مەسەلەی کورد بۆ دۆزینەوەی چارەسەر. ئەو پرش وبڵاویە هەتا ئێستا زیانی بە کورد گەیاندووە ودوژمنان قازانجیان لی کردووە.

سیاسی

# مانگرتن لە شارەکانی مەریوان، بانەو سەردەشت بەهۆی داخرانی سنوورەکان

«کوردستان»

زیاتر لە ٩ مانگە ڕێگا سنوورییەکانی کوردستان کە بۆ کارو هاتوچۆی کۆڵبەران کرابوونەوە داخراون، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی جموجۆڵ لە بازاڕەکانی ئەو شارانە ڕابگیرێ تا ئەو جێیەی ناڕەزایەتییەکان بەو دۆخە سەر هەڵ بدا.

ڕۆژی سێشەممە، ٣١ ی خاکەلێوەو چەند ڕۆژ دوای داخستنی بازاڕو دوکانەکان لە بانەو سەردەشت لە شاری مەریوانیش بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە داخستنی سنوورەکان خۆپیشاندانێکی جەماوەری بەڕێوەچوو.

لەو خۆپیشاندانەدا کە سەدان کەس لە خەڵکی بازاڕ، کۆڵبەرانو کاسبکاران تێیدا بەشدار بوون، خەڵکەکە بە داخستنی دووکانو بازاڕ، بەستنی ڕێگای تێپەڕینی کانتینێرەکانو دانی دروشم لە مەیدانی بێسارانی ناڕەزایەتییان بە داخستنی سنوورەکان دەربڕی.

ئەو ناڕەزایەتییەی خەڵکی شاری مەریوان لە درێژەی مانگرتنو داخستنی بازاڕ و پاساژەکان لە شاری بانە بووە، ناڕەزایەتییەک کە شاری سەردەشتیشی گرتەوە.

کاربەدەستانی دەوڵەت نایشارنەوە کە داخستنی سنوورەکان کێشەی ژیانو بژیوی بۆ هەزاران کەس دروست کردوە، بەڵام ئەوان پێیان وایە بەوە بەرەنگاری قاچاغی کاڵا دەبنەوە.



عەزیز حەسەنی، فەرمانداری سەردەشت دەڵێ تەنیا لەو شارە ٤ هەزار کەس لە خەڵکی شاری سەردەشت لە ڕێگای کۆڵبەرییەوە بژیوی ژیانی خۆیان دابین دەکەنو ئەگەر بنەماڵەکانی ئەوان بێنینە حیساب، ئەوە هەر نەبێ ١٦ هەزار کەس لەم شارە بە کۆڵبەری دەژین. ئەوەش وایکردوە ژیانی ئەوان بەڕەوڕووی مەترسی بێتەوە.

دەروازە سنوورییەکانی کۆڵبەری کە لە چەند ساڵ لەوە پێشوبە مەبەستی دابینکردنی هەلی کارو بژیوی ژیانی کرێکارانی ناوچە سنوورییەکانی مەریوان، بانەو سەوڵاوا لە پارێزگای سنەو؛ لە پارێزگاکانی دیکەی کوردستانیش کرابوونەوە، نیزیک بە ٩ مانگە داخراونو بەوەش خەڵکەکە تووشی کێشەو گرفتی زۆر بوون.

لەلایەکی دیکەشەوە بە داخرانی ئەو ڕێگاو سنووورە هاتنی کاڵای بیانی بۆ کوردستان بەتایبەت شارەکانی مەریوان، بانەو سەردەشت بە تەواوی لە کەمی داوەو بووەتە هۆی ڕاوەستانی بازاڕو تەنانەت داخرانی زۆر لە دووکانو پاساژەکان.

عەلیرەزا ئاشناگەر، جێگری سیاسی، ئەمنیەتیو کۆمەڵایەتیی پارێزگاری سنە دەڵێ داخستنی ئەو ڕێگا سنوورییانە بەهۆی ناکۆکیو یەکلانەبوونەی کێشەکانی نێوان ناوەندەکانی چاوەدێریو ئیدارەی سنوورەکان داخراون.

دەوڵەت پێی وایە کرانەوەی ئەو سنوورانە زیان بە وەبەرهێنانی نێوخۆ دەگەیەنێ، بەڵام کارناسانی ئابووری دەڵێن ئەوەی زیان بە وەبەرهێنانی نێوخۆ دەگەیەنێ قاچاغی ساڵانە زیاتر لە ٢٠ میلیارد دۆلار کاڵایە، کە ئەویش نەک بە ڕێگای ئەو سنوورانە، بەڵکوو لە ڕێگای دەروازە ڕەسمییەکانی وڵات، وەک فرۆکەخانە، بەندەرو ئیسکەلەو دەروازە سنووورە ڕەسمییەکانی دیکەوە دەڕژێتە وڵاتەوە.

داخرانی سنوورەکانی کوردستان لە حاڵێک دایە کە تەنیا لە پارێزگای سنە ٦٠٠٠ بنەماڵە ڕەسمەن بە وەرگرتنی دەفتەرچەی کۆڵبەری بژیوی ژیانی خۆیان لەو ڕێگایەوە دابین دەکرد کە بە داخستنی سنوورەکانو لەکار بێکاربوونیان کێشەی زۆریان بۆ دروست بووە.

عەزیز حەسەنی، فەرمانداری سەردەشتیش دەڵێ تەنیا لەو شارە ٤ هەزار کەس لە خەڵکی شاری سەردەشت لە ڕێگای کۆڵبەرییەوە بژیوی ژیانی خۆیان دابین دەکەنو ئەگەر بنەماڵەکانی ئەوان بێنینە حیساب، ئەوە هەر نەبێ ١٦ هەزار



کەس لەم شارە بە کۆڵبەری دەژین.

هەر لەو پێوەندییەدا نوێنەری شاری سەردەشت لە مەجلیس دژ بە ڕێککەوتنێکی فەرمانداری ئەو شارە بە توندی هەڵوێستی گرت.

دوای ئەوەی فەرمانداری سەردەشت لە گەڵ فەرمانداریی شارەکانی نەغەدەو مەهاباد ڕێک کەوت کە کۆی ئەو بارو کەلوپەلانەی لە سنوورەکانەوە دێنە نێو شاری سەردەشت، یەکجێ بۆ ئەو شارانە ڕەوانە بکرێن، «ڕەسووڵی خزری»، نوێنەری شارەکانی سەردەشتو پیرانشار لە مەجلیس بە توندی هەڵوێستی گرتو داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم ڕێککەوتنەی کرد.

فەرمانداری سەردەشت لەگەڵ فەرماندارەکانی هەر یەک لە شارەکان مەهابادو نەغەدە ڕێککەوتووە کە کەلوپەلی هاوردە بۆ ئەو شارە بە تاکو بە کۆ ڕەوانەی شارەکانی نەغەدەو مەهاباد بکرێ؛ ئەوەش ناڕەزایەتیی نوێنەری ئەو شارە لە مەجلیسی ئێرانی لێ کەوتووەتەوە.

ڕەسوڵ خزری لە نامەیەکدا ڕوو بە وەزیری نێوخۆ کە پێشکەش بە سەرۆکایەتی مەجلیسیشی کردوە، ئەو کارەی فەرمانداری شارەکەی بە دژی خەڵک لە قەڵەم داوەو فەرمانداریی سەردەشتی بە بێکارکردنی وردەفرۆشەکانو پێشێلکردنی مافی بازاڕییەکان، کاسبکاران و دانیشتووانی ئەو شارە تاوانبار کردوە. ئەو هاوکات پێی وایە کە ئەو ڕێککەوتنە پێش بە سەردانی گەشتیارانو کڕیاران بۆ شاری سەردەشت دەگرێو زیانێکی زۆر لە ئابووریی ئەو شارە دەدا.

ڕەسوڵ خزری لە نامەکەیدا داوا لە وەزیری نێوخۆی ئێرانو پارێزگاری ورمێ دەکا لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێککەوتنە هەڵوێست بگرنو ڕێککەوتنەکە بە سەرپێچی لە قانوون و دژ بە بەرژەوەندییەکانی خەڵک ناو دەبا.

# «شاعیری گەل» لە ڕەوتی کاروانی خەباتی نەتەوەکەیدا
# (بە بۆنەی تێپەڕینی٣٠ساڵ بە سەرکۆچی دوایی مامۆستا هێمندا)



قادر وریا

٢٩ی خاکەلێوەی ١٣٦٥(ئاوریلی ١٩٨٦)، شاعیری بەتوانا محەممەد ئەمین شێخولئیسلامی، (هێمنی موکوریانی)، لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد.

**ئاماژەیەک:**

هێمنی موکوریانی ئەگەر چی موڵکی هەموو کوردەو هەموو تاکێکی کوردیش بۆی هەیە بە هی خۆی بزانیو خۆشی بوێ، بەڵام لە هەموو لایەک زیاتر، لە سەر حیزبی دیموکراتی کوردستانە، یادی بکاتەوەو ڕێزی لیبگرێ. چونکە ژیانی ئەدەبیو سیاسیی ئەو کەسایەتییە، لە سەردەمی کۆمەڵەی -ژێ کاف- ەوە، هەتا چەند ساڵێک بەر لە مردنی، لە گەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ڕێبەرو پێشەنگی ئەو بزووتنەوەیە واتە حیزبی دیموکرات، لێک گرێ درابوون.

### هاتن بۆ نێو کاروانی خەباتی نەتەوەیی

هێمن کە لە بنەماڵەیەکی ئایینیو دەسترۆیشتووی موکوریاندا لە دایک ببوو و کوڕی شێخولئیسلامی موکری بوو، تازەلاوێک بوو کە تێکەڵاوی خەباتی نەتەوەییو نیشتمانی بوو. ئەو کە هەر لە منداڵییەوە خاوەنی بەهرەی ئەدەبی بوو، لەکاتی خوێندن لە حوجرەو لە ڕەوتی تێکەڵاوی لە گەڵ مامۆستایانو هۆگرانی شێعرو ئەدەبدا، هەم بەهرەو توانای ئەدەبیی خۆی پەرە پێ دا، هەم لە ڕووی هەستو بیری نەتەوەییەوە گەشەی کرد. هێمن یەک لە ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵەی -ژێ کاف- بووو، کاتێک حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزراو ئەم حیزبە کۆماری کوردستانی بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد ڕاگەیاند، هێمن بە دانانی شێعری نەتەوەییو نیشتمانیو خوێندنەوەیان لە کۆڕو کۆبوونەوەکانی ئەو کاتدا یان بە بڵاوکردنەوەیان لە چاپەمەنیی کوردیی ئەو سەردەمدا، گیانی خۆشەویستیی نیشتمانو هەستو باوەڕی بەرگری لەو کۆمارەو دەسکەوتەکانی لە نێو نەتەوەکەیدا بڵاو دەکردەوە. ئەو، شانبەشانی نەمر هەژاری موکوریانی کە هەر دوویان لە خۆشەویستانو ڕێزلێگیراوانی پێشەوای سەرکۆمار بوون، وەک دوو سیمای دیاری ئەو ڕۆژگارە چالاکانە لە خزمەتی کۆماری کوردستاندا بوون.

ڕووخانی کۆماری کوردستانو شەهید کرانی پێشەوای سەرکۆمارو هاوڕێیانی، کاریگەرییەکی قووڵی چەندین ساڵەیان لە سەر هەستو ناخی هێمنی موکوریانی دانا. ئەو کاریگەرییانە بە شێعری ئەو سەردەمەی مامۆستا هێمنەوە دیارن. دیارە ئەو کاتەش کە ڕەشبینیو ناهومێدی بە سەر هەستو ڕوانینو بیرکردنەوەیدا زاڵ بوو، بە دیتنی تروسکایی هیواو گەشانەوەی بڵێسەی خەبات، دەگەشایەوە کە نموونەکەی گەشەکردنی تێکۆشانی خەباتی حیزبی دیموکراتو خەباتی خەڵکی کوردستان لە سەردەمی بزووتنەوەی نیشتمانیی د. موسەدیقدا بوو. هێمن کە ئەندامی هەڵسووڕی ڕێکخستنی نهێنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، بە پێڕەوی لە حیزبەکەی، نەک هەر بە باوەڕو هەڵوێست لە گەڵ ئەو خەباتەدا بوو، بەڵکوو بە شێعری خۆی بوو بە زمانحاڵی خەڵک لە ڕۆژانێکدا کە بزووتنەوەی سەرانسەریی خەڵکی ئێران بووە هۆی ڕاکردنی شای ئێران. «دە بڕۆ ئەی شاهی خائین بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ» کە ببووە دروشمی ئەو کاتەی خەڵک لە خۆپێشاندانی خەڵکی مەهاباددا، یادگاری هاوبەشیی هێمنی شاعیرلە ڕووداوو هەڵوێستە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەدایە. بەم هەڵوێستەو زاڵبوونەوەی زەبروزەنگی ڕێژیمی حەمەڕەزا بە سەر وڵاتدا، دەورەیەکی دیکە لە خۆشاردنەوەو ترسو دڵەڕاوکێ لە گیرانو تۆڵەلێکرانەوە لە ژیانی هێمندا دەست پێ دەکا.

### هەڵبژاردنی ژیانی ئاوارەییو دوورەوڵاتی

ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٣٤٦-١٣٤٧ی شۆڕشگێڕانو تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانو خۆڕاگریی قارەمانانی دیموکرات لە بەرامبەر لافاوی ئەرتەشی پۆشتەو پەرداخی شایەتیو شەهیدبوونی دەیان کەس لە بەشدارانی ئەم ڕاپەڕینە، جێپەنجەیان بە ڕۆژژمێری ژیانی ئەدەبیو سیاسیی هێمنی شاعیرەوە دیارە. بێبەشیو بندەستیی کورد لە لایەکو زەبرو زەنگی ساواک بە تایبەتی لە دژی خەڵکی کوردستان لە لایەکی دیکە وەها تەنگ بە شاعیری شەیدای ئازادی هەڵ دەچنن کە سەرئەنجام ناچاری دەکەن ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی ماڵاوایی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخوازێو ڕوو بکاتە کوردستانی گەرمێن کە هەم شۆڕشی کورد لەم بەشەی کوردستان بڵێسەی سەندبوو، هەم تێکۆشەرانو هاوباوەڕانی مامۆستا هێمن لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەوێ گیرسابوونەوە. هاتنی هێمن بۆ کوردستانی گەرمێن، ئەگەر چی سەرەتای دووریو دابڕانێکی درێژخایەن لە خەڵکو ئازیزانی بوو، بەڵام هەر لەو کاتەشدا دەروویەکی تازەی لە بەردەم ئەو شاعیرو ئەدیبە بە توانایە کردەوە. هێمن، کە لە کۆنفرانسی دووهەمی حیزبدا ببووە ئەندامی ڕێبەریی حیزب، لە دوای گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو بۆ کوردستانو یەکگرتنەوەو خۆڕێکخستنەوەی تێکۆشەرانی دیموکرات لە سەرەتای دەیەی حەفتای زایینیدا، پتر خۆی بۆ کارو تێکۆشانی حیزبەکەی تەرخان کرد. لە کۆنفرانسی سێهەمو کۆنگرەی سێهەمی حیزب سەرلەنوێ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردرایەوە. جێگەی شیاوی خۆی پێ دراو توانی لە ڕێبەریی حیزب بە تایبەتی لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا، پەرەپێدەری زمانی پاراوی کوردیو هاندەری ئەدەبو نووسینی بەرگریو نەتەوەییو نیشتمانی بێ. ئێستا ئیدی ڕووبەرێکی بەرفرەوان بۆ خۆناساندنی هێمنو شێعرو پەخشانی ئەو بە هۆگرانی ئەدەبی کوردی پێک هاتبوو. هەستو سۆزی ئینسانیو ڕوانینو بیرکردنەوەی نوێو پێشکەوتنخوازانە ئاوێتەی زمانێکی شیرینو ڕەوانو زۆر تواناو بەهرەی داهێنەرانەی ئەدەبیو شاعیرانە ببوونو لە شێعرو پەخشانی هێمنی موکوریانیدا شەپۆلیان دەدا. هێمن کە وەک شاعیرو ئەدیب، جوانیناسو جوانپەرست بوو، وەک تێکۆشەرو خەباتکارێکیش هەڵگری بیروباوەڕی مودێڕنو پێشکەوتوو بوو. ڕوانینی هێمن بۆ پرسی ژن، بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی، بۆ کێشەو خەباتی چینایەتی، بۆ بەئاشتی پێکەوەژیانی ئینسانەکان سەرەڕای جیاوازیی نەتەوەو زمانو ئایینو ڕەگەز، جگە لەوەی لە سەردەمی ژیانی شاعیردا ببوون بە هۆی پێشوازیی هۆگران لە بەرهەمەکانی، ڕەهەندێکی نەمرانەشیان بە شێعرو پەخشانی ئەو لە پاش مەرگی خاوەنەکەیان بەخشی. مامۆستا هێمن لەماوەی ژیانی ئاوارەیی خۆیدا هەم لە کوردستانی گەرمێنو هەم لە بەغدا، لە گەڵ زۆرمرۆڤی خەباتکارو کەسایەتیی ئەدەبی،هونەری، زانستیو کۆمەڵایەتی ئاشنا بوو. ئەو مرۆڤە بە توانایە، پێشوازیی کۆڕی زانیاریی لە کەسانی وەک خۆی بە مایە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتبوون، بۆ خزمەتی زمانو ئەدەبی کوردیو کارو پڕۆژەکانی ئەم دەزگایە قۆزتەوە. گۆڤارو بڵاوکراوە کوردییەکانو کۆڕو کۆمەڵی فەرهەنگیی ئەو سەردەمە، بوون بە مینبەرێک بۆ بڵاوبوونەوەی شێعرو نووسینی هێمن. هەر لە نیوەی یەکەمی دەیەی حەفتای زایینیدایە کە لە پێشدا «تاریکو ڕوون» یەکەم دیوانە شێعریو چەند ساڵ دواتر «ناڵەی جودایی» شانسی چاپ بە خۆیانەوە دەبینن. «توحفەی موزەففەرییە»ش ( ئەو بەیتانەی ئۆسکارمانی ئەڵمانی نزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر لە موکوریان کۆی کردبوونەوە) هەر لەو ساڵانەدا دەکەونە بەر ڕووناکیی شەرحو پێداچوونەوەو پەراوێزبۆنووسینی مامۆستا هێمنو لە لایەن کۆڕی زانیارییەوە، لە دوو بەرگ دا بڵاو دەبنەوە. بەم جۆرە هەتا دێ، هێمن پتر وەک شاعیرێکی بەهەستو خاوەنهەڵوێست دەناسرێو لە گەڵ خۆشەویستیو پێشوازیی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بەرەوڕوو دەبێ.

### گەڕانەوە بۆ زێدو نیشتمانو باوەشی ئازیزان

سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ ( ١٩٧٩)ی گەلانی ئێران، کۆتایی بە١٠ ساڵ ژیانی ئاوارەییو دوورەوڵاتیی هێمن هێنا. مامۆستا هێمنو هاوڕێیانی لە ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بەرەوڕووی چاوەڕوانیو ئەرکو بەرپرسایەتیی گەورە بوونەوە. پادگانو بنکە نیزامییەکانی ئەرتەشی حەمەڕەزاشا کەوتبوونە دەستی ڕۆڵەکانی خەڵک. ئیدارەی بەشێکی زۆر لەشارو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتبووە سەر شانی حیزبی دیموکراتی کوردستان. ڕێژیمی تازە بە دەسەڵاتگەیشتووش هەوڵی دەرهێنانی کوردستان لە دەست هێزە سیاسییەکانو کۆنترۆڵکردنەوەی بە هێزی نیزامی دەدا. مامۆستا هێمن لە لایەکەوە لە سەر بەرپرسایەتیو ئەرکی پێشووی خۆی لە ڕۆژنامەی»کوردستان»دا بەردەوام دەبێو لە لایەکی تریشەوە، خۆی بۆ ڕێنوێنیو دەسگرتنی لاوانی هۆگری ئەدەبو نووسین تەرخان دەکا. هەر شوێنو بنکەو کۆڕو کۆبوونەوەو میوانییەک کە مامۆستا هێمنی لێ دەبێ، دەبێتە ڕووگەی هۆگرانیو، بە تایبەتی لاوانی تاسەباری دیتنی لە دوورو نزیکەوە خۆی دەگەیەننێ. دوای دابڕانێکی ١٠ ساڵە، تازە ٦ مانگ بە سەر یەکگرتنەوەی لەگەڵ هاوسەرو جگەرگۆشەکەی دا تێپەڕ ببوو کە شەڕی ڕێژیمی تازە لە گەڵ خەڵکی کوردستان (شەڕی ٣مانگە) دەست پێ دەکاو هێمن جارێکی ڕوو دەکاتەوە چیاکان و لە گەڵ د. قاسملووو هاوڕێیانی دیکەیدا لە جێیەک بە ناوی «ئاشی پشکاوێ» لە سەر سنوور دەگیرسێتەوە.

پاییزو زستانی ١٣٥٨و بەهاری ١٣٥٩ حیزبی دیموکراتو ڕۆژهەڵاتی کوردستان شایەدی ڕووداوی سیاسیی گرنگ بوون. لە ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨دا، خومەینی کە لە ٢٨ی گەلاوێژدا جیهادی لە دژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاندبوو، لە ئاخاوتنێکی ئاشتیخوازانەدا، وای نیشان دا کە پێشتر خراپ تێگەیەندراوەو ئیستا دەیەوێ بە وتووێژ کێشەی کوردستان چارەسەر بکا. حیزبی دیموکرات لە زمانی د. قاسملووەوە، پێشوازیی لەم گۆڕانەی لەحنو ڕاوێژی خومەینی کردو لەبەیکی پێ گوت. دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بۆ وتووێژ لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی پێک هاتو دیدارێکیش لە نێوان دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کوردو هەیئەتەکانی دەوڵەتی ناوەندی پێک هات. کوردستان نەک هەر هیچ نیشانەو سیگناڵێکی لە تاران لە بە جیددی وەرگرتنی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان نەدەدیت، بە پێچەوانەوە شایەدی خۆڕێکخستنەوەی سوپاو ژاندارمری و وەڕێکەوتنی ستوونە نیزامییەکان بۆ گرتنەوەی شارەکان و جێگیربوون لە شوێنە ستراتێژیکییەکان بوو. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەرفەتی نەشەڕ نە ئاشتیی زستانی ١٣٥٨ بۆ گرتنی کۆنگرەی ٤ی خۆی سوودی وەرگرت. بڕیارنامەو پەسەندکراوەکانی ئەم کۆنگرەیە، لە یەک کاتدا دوو ئامانجیان لە پشتەوە بوو. لە لایەکەوە نیشاندانی نیازپاکیو قسەکردن بە ڕاوێژێکی ئاشتیخوازانە لە گەڵ خومەینی وەک ڕێبەری شۆڕشو دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی. هەر لەو کاتەشدا، پێداگرتن لە سەر داخوازەکانی خەڵکی کوردستانو وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕاستییە کە حیزبی دیموکراتو خەڵکی کوردستان تەسلیمی هەڕەشە، شەڕو هێرشو سەرکوت نابنو بەرگری لە خۆیان دەکەن.

### سەرئەنجامی هەڵوێستێک

ملنەدانی خەڵکی کوردستان بۆ خۆبەدەستەوەدانو ڕاوەستانیان لە بەرامبەر هێرشی نیزامیی تاراندا، نەک هەر لە لایەن بەڕێوەبەرانی ڕێژیمی تازەوە بەڵکوو لە لایەن حیزبی توودەو دەستوپێوەندەکانیشیەوە، وەک دژایەتیی شۆڕشو دەستتێکەڵاوکردن لە گەڵ دوژمنانی ئەو شۆڕشە (ئەمریکا، ئیسرائیل، ڕێژیمی عێراقو هتد) دەناسێندرا. لە نێوخۆی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتیشدا کەسانێک کە لە باری فکریو سیاسییەوە لە ژێر کاریگەریی حیزبی توودەدا بوون، کەوتنە دژایەتیی سیاسەتی ڕاوەستان بەرامبەر لەشکرکێشیو شەڕفرۆشیی دەوڵەتی ناوەندی. لە کۆتاییەکانی جۆزەردانی ١٣٥٩ دا، ٧ کەس لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دیموکرات لە بەیاننامەیەکدا بە نیشانەی دژایەتی لە گەڵ ئەم سیاسەتە، جیابوونەوەی خۆیان لە حیزبی دیموکرات ڕاگەیاند. لە کاتێکدا خۆڕاگریی خەڵکی کوردستانو حیزبی دیموکرات ببوونە ئامانجی خولێکی نوێ لە لەشکرکێشیو هێرشی بەربڵاوی ئەرتەشو سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی، تاوانبار کردنیان بە بەستراوەیی بە ڕێژیمی عێراقو پاشماوەکانی ڕێژیمی شایەتیو ناتۆو هتد، بوختانێکی قورسو هەڵەیەکی سیاسیی گەورە بوو کە نەک هەر لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە بەڵکوو لە لایەن خەڵکیشەوە مەحکووم کرا. ئەوەی کە جێگای سەرسوڕمانو هەر لەو کاتەدا جێگای داخ بوو، بوونی ناوی مامۆستا هێمن لە نێو واژۆکەرانی ئەو بەیاننامەیەدا بوو. بە دڵنیاییەوە مامۆستا هێمن لە ڕووی سیاسیو بەستراوەیی فیکری بە حیزبی توودەوە، جیاوازییەکی زۆری لە گەڵ ئەو کەسانە هەبوو کە بەیاننامەکەیان ئیمزا کردبوو. کە وایە دەبێ هۆکاری دیکە بۆ دابڕانی لە هاوڕێ لە مێژینەکانیو کەوتنی ڕەگەڵ ئەو گرووپە هەبووبێ. هۆکارەکە هەر چییەک بووبێ، شتێک لە ئەسڵی مەسەلەکە ناگۆڕێ. ناکرێ کردەوەی ٦ کەسەکەی دیکە، هەڵەو نادروستو زیانبار بووبێو هی ئەو بە ڕەواو دروستو پاساوهەڵگر بزانین! بەڵام ئەوەی لەم یادکردنەوەیەدا جێگای لەسەرڕاوەستانە دوو خاڵە. یەکەم زێدەڕۆیی حیزبی دیموکرات لە دژکردەوەنیشاندان بەرامبەر بەو گرووپە، بە تایبەتی چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی بەشێک لە ڕێبەریو تەشکیلاتی ئەو کاتی حیزبی دیموکرات لە گەڵ کەسێکی وەک مامۆستا هێمن کە جێگای لۆمەو ڕەخنەلێگرتنە. دووهەم، ئەو ڕاستییە کە خەڵکی کوردستانو تەنانەت تێکۆشەرانو ئەندامانی حیزبی دیموکراتیش، هەموو ڕابردوو کەسایەتیی مامۆستا هێمنو خزمەتەکانیان نەکردە قوربانیی ئەم هەڵوێستەیو، ڕێزو خۆشەویستیی ئەو شاعیرو ئەدیبەبە نرخەیان وەلا نەنا. جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە حیزبی دیموکرات بە خۆشییەوە -ئەگەرچی بە درەنگەوە - سەرئەنجام چاوی بەم لاپەڕەیەی مێژووی خۆی دا خشاندەوە و لە دەیەی ٧٠ی هەتاوی لە پەسندکراوێکی نیوخۆییدا، «اعادەی حیثیت»ی لە «هێمن» کردەوە.

### خزمەت لە دوا وێستگەی ژیان و تێکۆشان دا

لێرەوە هێمن لە دوای نزیکەی ٣٥ ساڵ، ڕێگای تێکۆشانی خۆی لە حیزبی دیموکرات جیا کردەوە. بەڵام ئەو دەستهەڵگری ئەو ئامانجانە نەبوو کە لە ژیانی ڕابردوویدا خەباتی بۆ کردبوون. مامۆستا هێمن کە پاش چەند ساڵێک چەرمەسەریو ژیان بە کوڵەمەرگی، پێشنیاری کارو بەرپرسایەتی لە دەزگای دەوڵەتیی «ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی « پێ کرا کە قەبووڵی کردو گۆڤاری «سروە»ی وەڕێ خست. ئەو نەک هەر نەبوو بە پەسنبێژو مۆرەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو بەو ئیمکان و دەرفەتە بەرتەسکەی بۆی ڕەخسا، بزووتنەوەیەکی کەلتووریی بە گیانو ئامانجێکی نەتەوەیی وەڕێ خست. ڕێچکەو نەریتێک کە مامۆستا هێمن لە ڕاستای خزمەتی زمانو ئەدەبو کەلەپووری کوردیدا بۆ «سروە» دایناو هاوکارەکانی،دوای مەرگی ئەویش هەر لە سەری ڕۆیشتن، بەڵگەن بۆ ئەو قسەیە کە هێمن، دوایین قۆناغی ژیانیشی هەر بە خزمەت بە نەتەوەکەی بردە سەرو لە ئامانجە نەتەوەییو ئینسانیو پێشکەوتووەکانی دانەبڕا کە لە سەردەمی کۆمەڵەی -ژێ کاف- و لە ڕۆژانی پڕشکۆی کۆماری کوردستانو لە ساڵانی دوورو درێژی خەبات و تێکۆشان لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، چراو چراوگی ژیانی بوون.

لە ٣٠ ساڵەی کۆچی دوایی ئەوکەسایەتییە خاوەن خزمەت و شوێندانەرەدا، بە ڕێزەوە یادی دەکەینەوەو ئەم وانەیەی هیچ کات لە بیر نابەینەوە کە ئینسانو نەتەوەو نیشتمان لە سەرووی هەموو شتێکنو پێویستە قەڵەمو بەهرەی ئەدەبیو نووسینو هەر توانایەکی هەمانە، لە هەر بارودۆخێکدا بۆ بەرزکردنەوەی ڕێزی مرۆڤو ڕزگاریی نەتەوەو بەرەوپێشبردنی نیشتمان تەرخان بکەین.



سیاسی

# پێشێل کردنی مافی مرۆڤ، نەریتی نەگۆڕی کۆماری ئیسلامی!



ڕەزا محەممەدئەمینی

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو، ١٣ی ئاوریل (٢٥ی خاکەلێوە)، وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی لەمەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی جیهاندا بڵاوکردەوە. هەر وەک پێشبینی دەکرا لەو ڕاپۆرتە و لە تۆی ٤٥ لاپەرەدا چۆنیەتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە هەموو بوارەکان لە ئێراندا باسی لێوەکراوە. لەو ڕاپۆرتەدا هاتوە کە لەساڵی زایینی ڕابردوودا لانیکەم ٩٦٤ کەس لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی دا ئێعدام کراون. هەروەها لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بە سیاسەتی هەڵاواردنی نەتەوەیی و مەزهەبی بە دژی کەمینە ئایینی و نەتەوەیەکان لەلایەن ڕێژیمەوە کراوە.

لەماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامییەوە تا ئێستا، ئەو ڕێژیمە بەردەوام بوە لە سەرکوت و زەبرو زەنگ و پێشێلکردنی مافی مرۆڤو، هەموو ساڵێ لەلایەن کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتوەکان و هەموو ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ مەحکووم کراوە. نوێنەرانی ئەو کۆمیسیۆنە واتا کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتوەکان لە ڕابردوودا( گالیندۆپۆل و مۆریس کاپیتۆرن) و ئێستاش ئەحمەد شەهید لە ڕاپۆرتەکانیاندا هەمیشە باسیان لە ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی زیندانییە سیاسییەکان و سووکایەتی و دەسدرێژی بۆسەر بەندییەکان و دەیان شێوەی دیکە لە ئازاردانی لەشی و ڕووحی زیندانیانیان کردوە و بەو بۆنەیەوە ئەو ڕێژیمە هەموو ساڵێ لەلایەن کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە مەحکووم کراوە. هەروەها لە تەواوی ڕاپۆرتەکانی پێوەندیدار بە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی جیهاندا کە لە وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا و وڵاتانی ئورووپاییدا هەموو ساڵێ بڵاودەکرێتەوە، کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو چەند وڵاتە سەرەڕۆیانەی جیهانە کە لە ڕیزبەندی سەرەوەی وڵاتە سەرەکییەکانی پێشێلکاری مافی مرۆڤە.

ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا مەحکوومکرانی هەموو ساڵەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیدا توانیویەتی ئاڵووگۆڕێک لە سیاسەتە سەرکوتکەرانەی ئەو ڕێژیمەدا پێکبێنێ؟ ئایا ڕەوشی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی، شێوەی «ئیعتراف» وەرگرتنی زۆرەملی زیندانیان و پاشان هێنانە سەر شاشەی تەلەڤیزیۆنەکان، لەئاست سەرەتاکانی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی گۆڕانی چلۆنایەتی کردوە؟ سیاسەتی کوشت و بڕ و سەرکوتی نەتەوە ژێردەستەکان و بە هێند وەرنەگرتنی ویست و داخوازە ڕەواکانیان لەلایەن ڕێژیمەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟ ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکانی تاکەکانی کۆمەڵ و بەتایبەت ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی ڕۆژنامە نووسان و ژنان... پێشڤەچوونێکی بەخۆوە دیتووە؟


زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە وڵامی هەموو ئەو پرسیارانە و دەیان و سەدان پرسیاری لەم چەشنە لە کۆماری ئیسلامیدا «نا» یە و هیچ ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە شێوە و ڕەفتار و سیاسەتە دژی گەلییەکانی ئەو ڕێژیمەدا لە هیچ کام لە بوارەکانی مافی مرۆڤدا ڕووی نەداوە. بەڵگەی ئەو ئیدعایەش لەلایەک سیاسەتە دژی گەلییەکانی ڕێژیمە کە بە توندترین شێوە لە دژی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەڕێوە دەچێ و لەلایەکی دیکەش ڕاپۆرتە یەک لەدوای یەکەکانی نوێنەرانی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوانەی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ (هیومەن ڕایتس واچ و لێبووردنی نێونەتەوەیی...) و هەروەها ڕاپۆرتی ساڵانەی ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژئاواییە کە ساڵانە باس لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ دەکەن.

هەر چەند مەحکووم کرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ و وڵاتانی ئازاد و پێشکەوتووی جیهان، زۆر گرینگە و تەنانەت توانیویەتی ڕووی دزێوی ئەو ڕێژیمە دژی گەلییە لە ناو کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان لەقاو بدات، بەڵام لەڕاستی دا نەیتوانیوە سیاسەتی کوشت و بڕ و زەبرو زەنگ لغاو بکات و دەزگای سەرکوت و چەوسانەوەی سیستیماتیکی ڕێژیم بوەستێنێ. بەدڵنیاییشەوە هەروەک لە ماوەی ساڵیانی ڕابردوودا دیتوومانە، ئەو ڕێژیمە، سەرەڕای پێناخۆشبوونی لە مەحکوومکرانی لەلایەن ئەو ڕێکخراو و دەوڵەتانەوە و لەگەڵ ئەوەی لە ئاستی جیهانیدا وەک ڕێژیمێکی دیکتاتۆڕ و سەرەڕۆ ناسراوە، ئامادە نییە بەخۆشی خۆی و لەژێر کاریگەری ئەو مەحکوومکرانانەدا واز لە سیاسەتە دژی گەلی و سەرکوتکەرانەی خۆی بێنێ.

بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ لەژێر پێنانی مافیمرۆڤ لە لایەن ڕێژیمەوە و ناچارکردنی بە پاشەکشە لە بەرانبەر لانی کەمی ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، هەم لە نێوخۆی وڵات و هەم لە دەرەوە دەبێ بە شێوەیەکی ڕێکخراوەیی، ڕێژیم بخرێتە ژێر گوشارێکی هەمەلایەنە و بەرفراوان. لە نێوخۆ دەبێ کۆڕ و کۆمەڵە بەشەردۆستەکان و ڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنییەکان، بەبێ سڵەمینەوە لە هەڕەشەو گوڕەشەکانی دەزگاکانی سەرکوتی ڕێژیم و بە پشت بەستن بە هێزی کۆمەڵانی خەڵک و بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو فەزا و دەرفەت و کەلێن و کەلەبەرە یاساییەکان و دنیای پێوەندییەکان و سایت و ڕۆژنامە ئێلێکترۆنییەکان و... ، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بەتایبەت لە چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیدا لەقاو بدەن. لەدەرەوەی وڵاتیش ئەرکی هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسیی مەدەنی و ئێن جی ئۆکانە بەدوور لە کێشە و جیاوازییە سیاسییەکانیان، بە پێکهێنانی خۆپێشاندان و کۆبوونەوە مەیدانییەکان، بەتایبەت لەکاتی سەردانی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بۆ دەرەوە، یان بەپێچەوانە لەکاتی سەردانی ڕێبەرانی وڵاتانی ئورووپایی بۆ ئێران، کێشەی لەژێر پێنانی مافی مرۆڤ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی وەبیر بیروڕای گشتی جیهان و وڵاتانی ئورووپایی بێننەوە.

شک لەوەدا نییە هەروەک چۆن لە کێشەی ناوکیدا و لە ژێر گوشاری تاقەت پڕووکێنی گەمارۆی ئابووری ئامریکا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا ڕێژیم ناچار بە پاشەکشە کرا، لە پێوەندی لەگەڵ لەژێر پێنانی مافی مرۆڤیشدا ئەگەر وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان هاودەنگ و هاوڕا بن، ئەگەر پێشێل کردنی مافی مرۆڤ نەکەنە دەسکەنەی قازانج و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان، دەتوانن بە دانانی گەمارۆی ئابووری و بەربەست لێدانی هۆشمەندانە، بەتایبەت لەسەر جومگە ئابووری و سەربازییەکانی ڕێژیم کە لە ڕاستیدا لە ڕاستای ئەمنیەت و ئارامی ناوچە و جیهانیشە، ڕێژیم ناچار بە دابین کردنی لانی کەمی مافەکانی مرۆڤ بکەن.

هەر چەند یەکێتیی ئورووپا لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوودا بە تاوانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ گەمارۆی ئابووری لەسەر ٨٢ کەس لە دەست و پێوەندەکانی ڕێژیم و شیرکەتێک کە دەڵێن سەر بە سپای پاسدارانە بۆ ساڵێکی دیکە درێژ کردەوە، بەو حاڵەش سەردانی ماتێئۆ ڕێنتێزی، سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا لە تاران لە ١٢ی ئاوریل(٢٤ی خاکەلێوە) بە یاوەری وەفدێکی ٢٥٠ کەسی لە بازرگان و کارناسە ئابوورییەکان و دیداری فێدێریکا موگیرینی، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی ئەو یەکێتییە لە ئێران لە ڕۆژی شەممە١٦ئەم مانگە(٢٨ی خاکەلێوە) کە دیدارێکی سیاسی-ئابوورییە، ئەو دەنگۆ و ئەگەرەی دیسان بەهێز کردەوە کە بۆ جارێکی دیکە وڵاتانی ئورووپایی بۆ قازانج و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان، پرەنسیپ و بایەخە مرۆییەکان و پێشێلکردنی ئاشکرای مافی مرۆڤ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامیدا لە بیر خۆیان دەبەنەوە. بەو حاڵەش ئەوە «ئەگەر»ێکە و دەبێ وێڕای لەبەرچاوگرتنی ئەو «ئەگەر»ە، هەرچەشنە سات وسەودایەک لە نێوان ڕێژیم و ئەو وڵاتانە، لەسەر حیسابی چاوپۆشی لە سیاسەتە دژی گەلییەکانی ئەو ڕێژیمە لە لایەن وڵاتانی ئورووپاییەوە لەقاو بدەین.



سیاسی

# خەڵکی کوردستان دەسەڵاتی دانانی مەلای مزگەوتو کلاسی قورئانیشیان نەما

« کوردستان»

بەپێی بەخشنامەی ئیدارەی ئەوقافی سنە، هەیئەتی ئومەنای مزگەوتەکان مافی دانان یان لابردنی مەلاو پێشنوێژی مزگەوتەکانیان بەبێ ئیزنو ڕەزامەندیی « ناوەندی گەورەی ئیسلامی» نییە. ئەوان بۆ کردنەوەی کلاسی قورئانیش دەبێ ڕەزامەندیی « ناوەندی گەورەی ئیسلامی» وەربگرن.

ناوەندی گەورەی ئیسلامی کە بەرپرسی ڕێکخستنی کاروباری سونییەکانی ئێرانە، ناوەندیکی حکومییە کە بڕیارەکانی لە نوێنەرانی ویلایەتی فەقیه واتە خامنەیی وەردەگرێ.

لە دەقی ئەو بەخشنامەیەدا هاتوە کە بەپێی بڕیارو پەسندکراوی شورای مزگەوتەکانی پارێزگای سنە، دیاریکردنی مەلاو پێشنوێژی مزگەوتەکان لە دەسەڵاتی ناوەندی گەورەی ئیسلامی دایە، بۆیە بەبێ ئاگاداریو ئیزنی ناوەندی گەورە کەس توانای دانان یان لابردنی مەلای مزگەوتەکانی نییە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو بەخشنامەیەدا هاتووە کە بە سەرنجدان بە پەرەسەندنی بیری سەلەفیو ڕێکخراوەکانیان لە کوردستان، هەروەها دزەکردنی بیری وەهابیگەری، ئیخوانیو مەکتەبی بۆ نێو مزگەوتەکان لە ژێر ناوی دانانی کلاسە قورئانییەکان، لەوە بەدوا تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن لە مزگەوتەکان کلاسی قورئانو تەفسیر دابنێن کە پێشتر ئیزننامەیان لە ناوەندی گەورەی ئیسلامیو شورای روحانییەت وەرگرتبێ.

ئیدارەی ئەوقاف دەڵێ دەبێ هەموو لایەک پێملی نێوەڕۆکی ئەو بەخشنامەیە بن.

ئەو بڕیارەی ئیدارەی ئەوقاف لە حاڵێک دایە کە ژمارەیەکی زۆر لە بانگخوازانی سوونی لە ئێستادا بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی سزای قورسی زیندانیان بەسەردا سەپاوە و ژمارەیەک لەوان حوکمی لە داردانیان بەسەردا سەپاوەو ژمارەیەکیشیان لە ساڵانی ڕابردوودا ئێعدام کراون.

بەندکراوانی سوننی مەزهەب زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج سەرەڕای ئەوەی کە بۆ نەخۆشخانەی دەرەوەی زیندان نانێردرێن، ماوەی ٣ ساڵە گۆشتیان پێنەداون کە بیخۆن. دەگوترێ ئەم گیروگرفتانە لە لایەن کاربەدەستانی بەندیخانەوە بە مەبەستی ئازارو ئەشکەنجەدانی ڕۆحیو ڕەوانیی ئەوانە دەکرێن.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە کۆمەڵێک لە بەندکراوانی نەخۆشی ئەم زیندانە کە نەخۆشی قەندیان هەیەو هێندێکی دیکەیان پێویستییان بە نەشتەرگەریی هەیە، بەڵام کاربەدەستانی پێوەندیداری بەندیخانە لە ناردنی بۆ نەخۆشخانەی دەرەوەی زیندان خۆ دەبوێرن. هێندێک جاریش بەرپرسانی بەندیخانە ئاوی گەرم لە بەندکراوان دەگرنەوەو لەم ڕێگەیەوە ئەزیەتیان دەکەنو تەنانەت پێش هاتووە کە ٢ بۆ ٣ ڕۆژ زبڵی سەتڵەکانی بەندی سوننی مەزهەبەکان بەتاڵ ناکەن.

لە لایەکی دیکە لە نێو ئەم بەندکراوانەی کە قانوونی لێخۆشبوون و ئازادیی بەمەرج دەیانگرێتەوە بە هۆی هەڵاواردن ئەم مافەیان پێشێل دەکەن. ئەم بەندکراوانە زۆربەیان خەڵکی شارە دوورەکانی دیکەی ئێرانو بنەماڵەکانیان دەبێ مەودایەکی زۆر ببڕن تابگەنێو چاویان بە ڕۆڵەکانیان بکەوێ و کاربەدەستانیش بۆ ئازاردارنی بنەماڵە و بەندکراو تەنیا ٢٠ خولەکیان ملاقات دەدەنێ.

کاربەدەستانی قەزایی دەڵێن تاوانی ئەم بەندکراوانە سەلەفیگەرییە بەڵام زۆربەیان ئەم بەندکراوانە ئە تۆمەتانە ڕەد دەکەنەوەو دەڵێن ئێمە بە تۆمەتی چالاکیی پروپاگەندەی مەزهەبی دەسبەسەر کراویان حوکممان بەسەردا سەپاوە.

## لاوانی ڕۆژهەڵات لە چیاکانی ڕەبەت ئاگری شادییان داگیرساند

لە حەفتاوسێهەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لاوانی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتو بەشێک لە ئەندامانی هەڵسووڕی ڕێکخراوەکە لە بەرزاییەکانی زاڵ بە سەر شاری ڕەبەت ئاگریان داگیرساندو شەقامەکانی ئەو شارەشیان بە دروشمە ئازادیخوازانەکانیان ڕازاندەوە.

ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ٢٢ی خاکەلێوە، ساڵڕۆژی دامەزرانی ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەستەیەک لە لاوانی کورد بە کردنەوەی ئاگر لە قەڵای ڕەبەتو دارستانی ماوەڵۆ، ڕێزیان لە ڕۆژی دامەزرانی ڕێکخراوەکەیان گرت.

ڕۆژێک پێشتریش چەند دەستەی دیکە لە لاوانی ئازادیخواز بە نووسینی دروشمو بڵاوکردنەوەی پلاکارد بەم بۆنەوە، پەیامی یەکیەتیی لاوانیان بە دانیشتووانی شارەکە گەیاند. لاوان بە تایبەت لە شەقامی لیلانە، گەڕەکی قەبران، شەقامی سەرەکیی شار، گەڕەکی سەرچاوەو شەقامی گوێز چالاکیی تەبلیغییان کرد.

## داوای ٦٠ پارلمانتاری ئورووپا لە موگرینی بۆ هێنانە بەرباسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران

کۆمەڵێک لە پارلمانتارانی ئورووپا لە نامەیەکدا داوایان لە فدریکا موگرینی، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا کردوە تا لە سەفەرەکەی خۆی بۆ ئێران باس لە مافی مرۆڤ لە ئەولەوییەتەکانی بەرنامەی خۆیدا دابنێ.

ئەوان دەڵێن با موگرینی ئەم سەفەرە بە هەلێک بۆ باسکردن لە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران چاو لێبکا.

لەم نامەیەدا داوا لە موگرینی کراوە لەم سەفەرەیدا نوێنەری تایبەتی یەکیەتیی ئورووپا بۆ کاروباری مافەکانی مرۆڤیش لەگەڵ خۆی بخا.

ئەم نامەیە کە زیاتر لە ٦٠ نوێنەری پارلمانتاری یەکیەتیی ئورووپا ئیمزایان کردوە، بە دەستپێشخەریی ماریچە ئێسخاکە، سیاسەتمەداری هولەندی ئامادەکراوە.

لە نامەی ئیسخاکە ڕوو بە موگرینی هاتووە کە ئێمە پشتیوانی لە بەرەوپێشچوونی پرسەکانی پێوەندیدار بە ڕێککەوتنی ئەتومی دەکەین، بەڵام بەم حاڵەش لەسەر ئەم بڕوایەین کە گرینگترین بابەت کە لەم سەفەرەدا دەبێ قسەی لەسەر بکرێ پرسی مافی مرۆڤ لە ئێرانە.

ئەوان دەڵێن ژمارەی یەکجار زۆری ئێعدامەکان لە ئێران، دەسبەسەرکرانی ڕەخنەگرانو سانسۆڕی سیستماتیک بۆتە هۆی ئەوەی کە ئێران هەروا وڵاتێکی نادێموکراتیک و نائازاد بمێنێتەوەک هەروەها مافی ژنانو کەمینە ئایینیو نەتەوەییەکانیش لە نیگەرانییەکانی دیکە ئێمەن.

ئێسخاکە هەروەها داوای لە بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا کردوە کە ئەمە بە کاربەدەستانی ئێران پیشان بدا کە ئەم یەکیەتییە خوازیاری باشبوونی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێرانە.

یادکردنەوە

# شێعر، سەفیری گەل



**ناسر بابەخانی**

بۆ خوێندنەوەی دەقێک بەو مەرجەیدەستەواژە بەناوبانگەکەی ڕۆلان بارت واتە «مەرگی نووسەر» ڕەچاوکرێ، سێ ئۆرگان دەور دەگێڕن کە دەبنە هۆی پێکهاتنی پرۆسەیەک بە ناوی پرۆسەی خوێندنەوەی سەرلەنوێی دەق. ئەم سێکوچکەیە بریتییە لە: دەق و خوێنەر و ڕەخنەگر. بەڵام نەبوونی مێتۆدێکی تایبەت یان بەگشتی لاوازیی مێتۆدۆلۆژی بۆ خوێندنەوەی سەرلەنوێی دەق گەورەترین گرفتی ڕەخنەگری کوردە. کە ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ناشارەزایی ڕەخنەگر بەسەر تیۆرییەکانی سەردەم و تەنانەت ئەگەر هات و ڕەخنەگر خۆیشی بەم مێتۆدە تیۆریکانەوە تەیارکرد، بۆ خوێندنەوەی سەرلەنوێی دەقێک بێگومان داهێنان (Creation) پێویستە.١واتە ڕەخنەگری کورد دەبێ داهێنەر بێ و بە شارەزایی بەسەر ئەدەبیاتی نوێ و کلاسیکی کوردیدا توانایی پراکتیزە کردنی مێتۆدەکەی لە دەقەکەداهەبێ.پاشان ئایا ئەو دەقە بەم کەرەسە و مێتۆدەی ڕەخنەگر هەڵبژاردووە دەخوێندرێتەوە؟ واتە دەکرێ ئێمە هەموو دەقێک بەهەرچەشنە مێتۆدێک بخوێنینەوە ؟ ئایا بە باڵای هەر چەشنە بەرهەمێکی ئەدەبی هەر جۆرە مێتۆدێک دەدووردرێ؟ دیارە دەوری خوێنەری باڵا و دەقی کراوەش لەم پرۆسەیەدا نابێ پشت گوێ خرێ. وەک نموونەشێعری شاعیرێکی کلاسیک واتە «ناڵەی جودایی» نەمرمامۆستا هێمن لە محەکی خوێندنەوەیەکی سەرلەنوێ دەدەین، بە کەرەسەیەکی زۆر ساکار.

پێویستە ئاماژە بەم خاڵە بکەم کە بۆ خوێندنەوەی سەرلەنوێیشێعری ناڵەی جودایی لەم کورتەمەجالەدا بەر لە هەموو شتێک ڕەهەندی دەرەکی شێعرەکە مەبەستە نەک چوونە نێو دنیای هونەری و فەننیو ڕەهەندە ژوورەکییەکانی، بۆ وێنە باس لە جوانکارییە هونەرییەکان و کایەکانی زمانی شێعرو... بۆیە هەوڵ دەدەم بە دەوری ئەم چەند ڕستەیەی هۆراسدا بخولێمەوە کە دەڵێ:» تەنیا ئەوەندە بەس نییە کە هۆنراوە جوان بێ، بەڵکوو دەبێ ئەو هێزە سێحراوی و ئەفسانەییەی تێدابێ کە ڕووحی گوێگر ڕاکێشێ بەرەو ئەو ویست و داخوازانەی ئامانجێتی.»٢بە پێی ئەم پێناسەی سەرەوە دەبێ ویست و داخوازی مرۆڤی کوردی ئەم سەردەمە لەم بارودۆخە ئەستەمەی ئێستادا چ بێ؟ وڵامی ئەم پرسیارە بۆ گشت لایەک ڕوون و ئاشکرایە.


ئەگەر شێعر، دەبێ سێ توخمی هەست و خەیاڵ و فکری تێدا بێ٣، کە بە هۆی بوونەوەرێکی زیندوو بە ناوی زمان دێنەدی و دەبنە بنەمای ویست و داخوازییەکان(مەبەست تەواوی داخوازییە ئینسانییەکانە وەک داخوازیی ڕووحی و ڕەوانی، عاتفی، سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی،ئابووری و...) بۆچی ئەم داخوازییە لە شێعری زۆربەی شاعیرانی ئەم سەردەمەدا لە چاو شێعری شاعیرانی ڕابردوو و تەنانەت بەر لە دەیەی نەوەد یەکجار نزمترە. ئایا ئەمە جگە لەوەیە کە خوێنەر ویست و داخوازییەکانی خۆی -بە وتەی هۆراس - لەو شێعرانەدا نابینێتەوە؟

بەداخەوە زۆربەی شێعرەکانی بەرەی ئێستا زۆر و بۆر و درێژدادڕن، کە هیچ چەشنە یەکێتییەکی بابەتی و ئۆرگانی تێدا نەپارێزراوە.شێعرەکان بوونەتە کۆپیکردن و لاسایی کردنەوەیەکی ناشارەزایانە. ئەم شێعرانە شێعرگەلێکی بێ سۆز و چێژ و پڕ لە گرێوگۆڵ، تەماوی و ڕەشپۆش، ئاڵۆز و هەوسارپساو، بەدوور لە مانا و لۆژیک و جوانی و خەیاڵ و ڕیتم و هارموونی ناوەکی و مۆسیقا و هێزی زمانن.٤ ئەم شێعرە تەجریدییانە لەبەر بێمانایی، وەک شێرکۆ بێکەس دەڵێ: لە قوللەی گۆشەگیری دوور لە واقع ولە خەڵک دەژین، هیچ کام لە توخمەکانی شێعرییان تێدا بەدی ناکەی، فۆرم بەشێوەیەکی یەکجار ناشارەزایانە پشوویلە ناوەرۆک بڕیوە و زۆرتر حاڵەتی گوتاری و ئابسترهبەخۆوە دەگرن تا شێعرێکی دینامیک وزیندوو. حەمە سەعید حەسەن دەڵێ:»ئەم شێعرانە زۆرتر لە گوتار نزیک دەبنەوە چون لەسەر بناغەی وێنە بڵیند نەبوونەتەوە.«٥بەڕاستی بۆچی شێعر ڕۆڵی جارانی نەماوە، دەرگاکان بهەژێنێ و کورسی سوڵتانە دیکتاتۆرەکانبلەقێنێ و زوڵم و ستەم ڕەت کاتەوە. شێعر لە مێژوو، لە ویژدان، لەخاک و نەتەوە و مەبەستە پیرۆزەکان دابڕاوە. دیکتاتۆرەکان بۆچی لە شێعرێک بترسن کە لە کاتێکدا خودی شاعیر نازانێ چی کوتووە و خوێنەرانیش لێی حاڵی نابن.٦

دەبێ ئەوەش بڵێم خۆ بڕیار نییەشێعر ببێتە بەیاننامەیەکی سیاسی ڕاستەوخۆ، بەڵام خۆگێڵ کردن لە ئاست کێشەکانی کۆمەڵگا تاوانێکی گەورەیە کە دوارۆژ گەل و نیشتمان لە یادیان ناکا.ئەم چەشنە شێعرانە هیچ چەشنە ناسنامەیەکی نەتەوەییان پێوەدیار نییە، لە بۆشایی هاتوونەدی و بڵقی سەرئاون. شێعری بێنیشتمان و خاک، درەختی بێڕەگ و مەلی بێهێلانەیە.٧

پاش ئەم پێشەکییە سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی شێعری لە پەیوەندی لەگەڵ وەرگرەکەیدا، ئەم پرسیارە دێنینە گۆڕێ: بە گەڕانەوە بۆ شێعری شاعیرێکی وەک مامۆستا هێمن، حاڵەتێکی زۆر گرینگ دەبیندرێ، ئەویش ئەمەیە کە شێعری هێمن توانیوێتی بە تەواوی دەربڕی ژیار و شوناسی مرۆڤی کوردی سەردەمی خۆی بێت. هێمن لەگەڵ ئەوەدا کە تایبەتمەندی شاعیری خۆی پێوەدیارە، سەرچاوەیەکی گرینگی مەعریفی و ڕۆشنبیرییە لە سەردەمی خۆیدا. واتە کاتێک شێعری هێمن دەخوێنیتەوە تۆ لەبەردەم خوێندنەوەی قۆناغێکی مێژوویی یان ژیارێکی زۆر تایبەت و دیاریکراودای. هێمن شاعیرێکی بۆنەییە، یانی زۆر جاران بە بۆنەی جۆراوجۆر شێعری گوتووە. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە ڕووداوەکانی دەوروبەری سەردەمی خۆی کاریگەرییان لەسەر هەبووە. ئێستا پرسیارەکە: بۆچی شاعیری کورد لەم سەردەمە تایبەتە نەیتوانیوە ئەم ڕۆڵە بگێڕێ؟ وڵامی ئەم پرسیارەمان بە شێوەیەکی گشتی و ناڕاستەوخۆ لە پێشەکی ئەم وتارەدا داوەتەوە، بەڵام پێوەین بەکەلکوەرگرتن لە ئامرازێکی سادە و پراکتیزە کردنی لە شێعری ناڵەی جودایی مامۆستا هێمن وڵامەکە تۆختر بخەینە بەرچاوی خوێنەران.

دوکتور محەممەڕەزا شەفیعی کەدکەنی بۆ توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی شێعری شاعیرێک یان سەردەمێک نموودارێکی تایبەتی داناوە. ئەم نموودارە لە چوار هێڵ پێکدێ کە هەر کام دەربڕی چوار تایبەتمەندی شێعری شاعیرن. لەم نموودارەدا «زاتی شاعیر» خراوەتە ناوەندی ئەم شێمایەوە:




هێڵی یەک: ئەوپەڕی داهێنان و جوانکارییە هونەری و فەنییەکانە و دەگەڕێتەوە سەر پێناسەی توخمەکانی شێعر و ئەوەی سەبارەت بە خەیاڵ و زمان و ئاهەنگ و گرێ و فۆرم دێتە گۆڕێ.

هێڵی دوو: ڕادەی چوونە ناو خەڵک و هەروەها چین و توێژەکانی کۆمەڵگای سەردەمی ژیانی شاعیر و کۆمەڵگای داهاتوو و تەنانەت شوێنەکانی تری جیهان.

هێڵی سێ، دەگەڕێتەوە بۆ سەر چوونە ناخی عەواتیفی ئینسانی مرۆڤ.

هێڵی چوار: واتە پشتوانەی فەرهەنگی کە داگری فەرهەنگی ئۆستوورەیی، ئایینی، نەتەوایەتی، زانستی، فەلسەفی و تەنانەت باسە فۆلکلۆریکەکانە.

دوکتور کەدکەنی دەڵێ: ڕادەی درێژبوونی هەر هێڵێک لەم نموودارەدا پێوانەی دەسەڵاتی شاعیرە. بۆ وێنە: لە هێڵی ژمارە یەکدا جوانکارییە هونەری و فەنییەکانە قائانی زۆر بەرچاوە. لە هێڵی ژمارە دوودا واتە پەرەگرتوویی لە نێو کۆمەڵدا سەعدی برەوی پترە، بەڵام لە هێڵی ژمارە سێدا کە بوارە عاتفییەکانی مرۆڤە کەس قەرە لە قەرەی مەولەوی نادا، لە کۆتاییدا هێڵی چوار کە پشتوانەی فەرهەنگییە خاقانی بەرچاوترە. ئەگەر شێعری ناڵەی جودایی هێمن بەم پێوەرەی دوکتور کەدکەنی لە قالب دەین هەر چوار هێڵی نموودارەکە لە ڕادەبەدەر درێژ دەبنەوە، بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە بە پێی چوار هێڵەکە لە شێعری ناڵەی جوادیی چەند نموونەیەک دێنینەوە:

هێڵی یەک واتە جوانکارییە هونەری و فەنییەکان:

ئەو کەسەی بمژێ خوناوەی گەردەنێ
کوفرە یەک قەترە شەرابی گەر دەنێ
بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە
شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە
ئەو کەسەی نەیبینی هاتی دوژمنی
نیری یەخسیری لە ئەستۆ دارنی

هێمن یەکێک لەو شاعیرانەیە کە هەرچەند بە شێوەیەکی کلاسیک دەنووسێ، بەڵام ناوەرۆکی شێعرەکانی یەکجار نوێیە و بناغەی شێعرەکانی لەسەر وێنە دامەزراوە. لە لایەکی تریشەوە لە سەنایعی هەمەجۆری ئەدەبی وەک: جیناس، ئیهام، تەزاد، خوازە، تەشبیە و... لە خزمەتکردن بۆ تەسویری ناب کەلکوەردەگرێ. خاڵێکی گرینگی تر ئەوەیە کە هێمن وشەی مردوو زیندوو دەکاتەوە واتە گیانبەخشی بە وشە. وشە لە پێکهاتە و داڕشتی شێعری هێمندا وەها سەقامگیر دەبێ کە زۆر جار باری مانایەکەی دەکەوێتە سەر شانی و دەبێتە ناوەندی ڕاڤە. ئەگینا وشەی «ئەدی» تەنانەت لە ئاخاڤتنی ئاساییشدا ئێمە بە هەندی وەرناگرین کەچی هێمن دەڵێ:

خەم ڕەوێنێک لێرە من ناکەم بەدی
چۆن پەنا بۆ مەی نەبەم ساقی ئەدی؟!

هێڵی دوو، پەرەگرتوویی لە ناو کۆمەڵدا:

ئەم هێڵە بەسەر سێ تاقمدا دابەش دەکرێ: خەڵکی ئاسایی، مامناوەندی و چینی تایبەت. واتە هەر سێ تاقم بە پێی هەست و ئاوەزی خۆیان چێژ لە شێعرەکان وەردەگرن، خەڵکی ئاسایی چێژی ئاسایی و چینی تایبەتیش چێژی ڕاڤە و لێکدانەوە. دیارە ڕادەی چوونە ناو خەڵکی ئاساییشێعری هێمن لە ئاستێکی زۆر باڵادایە و زۆربەیان وەک گۆرانی دەگوترێنەوە. ئەمە بەو مانایەیە کە شێعری هێمن نەک هەر بۆ چینی تایبەت کە خەڵکی ئاساییش پەیوەندی لەگەڵ سازدەکەن.

ساقیا! وا بادەوە، وا بادەوە
روو لە لای من کە بە جامی بادەوە
شیوەنی من شیوەنی ئینسانییە
بانگی ئازادی و گرووی یەکسانییە
شیوەنی من شینی کوردی بێ بەشە
ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە
تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پێم
دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم

هەروەها لە هێڵی دووەدا شاعیر چون ڕووی دەمی لە مرۆڤایەتییە بەگشتی، دەکەوێتە کارتێکەری شاعیرانی دراوسێ:

«مست مستم ساقیا دستم بگیر!
تا نە افتادم ز پا دستم بگیر»
جا کە سەر خۆش بووم بە دەنگێکی نەوی
بۆت دەڵێم ئەو شێعرە بەرزەی مەولەوی
«بشنو از نی چون حکایت می کند
از جداییها شکایت می کند»

یان لەو شوێنەی کە ئاماژە بە شێعرەکەی مەولەوی دەکا و ڕاستەوخۆ دەیهێنێ:

«هر کسی کو دور ماند از اصل خویش
باز جوید روزگار وصل خویش»

هێڵی سێ: ئەگەر بڵێین کەمتر شاعرێکی کورد بەقەرا هێمن ڕۆچۆتە ناخی عەواتیفی ئینسانی ڕەنگە هەڵەمان نەکردبێ. هێمن تەنیا و تەنیا دەردی دووری لە وڵات و نیشتمان و یارانێتی کە ئازاری دەدا. هەر بۆیە ئەم دەردە هانیدەدا ناڵەناڵەکەی بخاتە ڕووپەڕی کاغەز:

پارچە گۆشتێکە دڵی من روو نییە
ناڵەناڵی من درەنگە زوو نییە
دەردی دووری، دەردی دووری، کوشتمی
دەردی وشیاری و سەبووری کوشتمی
یادی یاران و وڵاتم رۆژ و شەو
لێی حەرام کردم قەرار و خوارد و خەو
خەم ڕەوێنێک لێرە من ناکەم بەدی
چۆن پەنا بۆ مەی نەبەم ساقی ئەدی؟!
نابینم خاک و وڵات و شاری خۆم
نابینم ناسیاو و دۆست و یاری خۆم
روو لە هەر لایەک دەکەم نامۆیە بۆم
نابینم جێ ژوان و کەونەلانی خۆم
شەو دەکێشم شەونخوونی و بێ خەوی
رۆژ دەچێژم دەرد و داخی بێ ئەوی

یان:

کورردەواری ئەی وڵاتە جوانەکەم!
رۆڵەکەم! خێزانەکەم! باوانەکەم!
ئەی ئەوانەی قەت لە بیرم ناچنەوە
ئێستە بمبینن ئەرێ دەمناسنەوە؟
رۆژگار هاڕیومی وەک ئەسپۆنی ورد
هێز و توانای لێ بڕیوم دەردە کورد

هێڵی چواریش وەک هێڵەکانی تر پەرەدەستێنێ:


شێعری ناڵەی جودایی پشتیوانەیەکی بەهێزی فەرهەنگی خۆجێیان پێوەدیارە و لە ئەدەبی زارەکی واتە فۆلکلۆر بە باشی کەلک وەردەگیرێ:

ئەو کەسەی نەیهاڕی بەرداشی زەمان
ئەو کەسەی «زیرەی نەگەییە ئاسمان»
ئەو کوڕەی هێشتا لە ژوانێ ڕێی هەیە
سەیرە زۆر سەیرە کە ئالوودەی مەیە
ئەو کوڕەی دۆی داوەتی دەستی دەنێ
بێتە ئێرە، چۆنە هەی دێی ناکەنێ؟
ئەو کەسەی «دەستی لە مەمکان گیر ببێ»
ئەو کەسەی «تفلی دڵی بۆ ژێر ببێ»
«چلکی دەستە ماڵی دنیا» وەک دەڵێن
ماڵ پەرست پەیمان شکێنە و بێ بەڵێن

هەروەها لە دەکارکردنی کارەکتێری بەیتە فۆلکلۆرییەکان وەک مەم، لاس، شەمزین، سیامەند و برایمۆک تێکنیکی «همذاتپنداری» دەگەیەنێتە چڵەپۆپە:

کەوتمە نێو چاڵی دیلی وەک «مەمێ»
«یایە زین» لە کوێیە هاواری کەمێ!
کوا «قەرە تاژدین»، «چەکۆ» و «عەرفۆ» لە کوێن؟
بێنە هانام وەک پڵینگی چنگ بە خوێن
«لاس»ە شۆڕێک بووم غەنیمی دوژمنان
ئێستە ئەنگواوم بە تیری چڵکنان
وام بە تەنیایی لە نێو خوێنا شەلاڵ
کوانێ عێل و کوانێ «خانزاد» و «خەزاڵ»؟
زۆر لەمێژە نارە ناری منی نەبیست
هەر وەکوو «شەمزین»، «شەم» یلەی خۆش ئەویست
وەک «سیامەند»ێ لە چۆڵ و بەندەنێ
جەرگی لەت کردم پەلی دارەبەنێ
شەتڵی جواناوم منی سارەدە برین
کوا «خەج»م تا بۆم بگێڕێ گەرمەشین؟
«مانگی کانوونی بە چلوان دەرکرام»
وەک «برایم»لەو وڵاتە ڕاونرام
کوا «پەریخان»بەند و باوم بۆ بڵێ؟
بۆ نەسووتێم نەبمە پۆلووی سەر کڵێ؟
ئەو لە زۆزان، من لە ئارانێ دەژیم
کێ دەڵێ ئەمنیش وەلی دێوانە نیم؟

لە بەراوەردی شێعری هێمن لەگەڵ شاعیرانی سەرکەوتووی هی دوو سەردەمی جیاواز واتە (بەر لە هێمن) و (پاش هێمن) ئەگەر سێ هێڵی یەک و سێ و چوار ڕەچاو نەکرێ و تەنیا مەبەستمان هێڵی دوو بێ، واتە پەرەگرتوویی لە نێو کۆمەڵدا، بێگومان هەروەک دەبینین درێژایی ئەم هێڵە بۆ شێعری هێمن بەرچاوترە، دیارە ئەمە بەم مانایە نییە کە توخمی شێعرییەتی هێمن لە شێعری شاعیرانی سەرکەوتووی بەرلەخۆی و دوای خۆی زیاترە، نا... تەنیا لەبەر ئەوەی ڕووی دەمی ئەم کورتەوتارە لە ڕادەی وەرگری شێعرەکانە واتە هێڵی دوو. ئەگینا ئەگەر هێڵی یەک واتە جوانکارییە هونەری و فەنییەکان مەبەست بێ کەس ناگاتە نالی!



بە هێنانی پاراگرافێک لە وتەکانی حەمەسەعید حەسەن کۆتایی بە وتارەکە دێنم: شێعر چییە ئەگەر ئاستی حەماسی میللەت بەرزنەکاتەوە؟ شێعر چییە ئەگەر وەک هێزێکی کاریگەر جەماوەر نەبزوێنێ و هوشیاری نەکاتەوە؟ شێعر چییە ئەگەر وا لە مرۆڤ نەکات کە هەست بکات گەورەترین سەرمایەیە و هیچ هێزێک ناتوانێ لەبەردەم خواستەکانیدا هەتا سەر ببێتە بەربەست؟ شێعر چییە ئەگەر سەفیری گەلەکەی نەبێ بۆ لای هەموو گەلانی جیهان؟ شێعر چییە ئەگەر بەشداری لە گۆڕینی واقیعدا نەکا؟ ٩

ئەگەر ئەمانە بە ئەرکی شێعر بزانین، ئەوا هێمن بە موو لە ڕێبازی شێعری ڕاستەقینە لاینەداوە... یاد و ئاسەواری هەروا گەش و زیندوو بێ.

# ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی شازدە

## کە لە لایەن سکرتێری گشتی حیزب، بە ڕێز خالیدی عەزیزی‌یەوە پێشکەش کرا (٤)

### دۆخی کورد لە هەر کام لە پارچەکانی کوردستان

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێکە لە نەتەوەی کورد، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەرک و ریسالەتی ئێمە لەپێشدا بریتییە لە خەبات لەپێناو ویست و ئامانجەکانی کورد لە ئێران، سەرەتا ئاوڕێک لە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پرسی کورد لە ئێران دەدەینەوە. پاشان هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کورد لە هەر کام لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بەپێی رابـردووی هاتنەگۆڕ و چوونەپێشی پرسی کورد و ڕادەی پێوەندی و کاریگەرییان لەسەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ریز دەکەین.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بە لەبەرچاوگرتنی رابردووی دووروودرێژی خەباتی کورد لە ئێران و مانەوەی سەرکردایەتیی حیزبە کوردییەکان لە نزیک مەیدانی ئەسڵیی خەبات، بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بە بەراورد لەگەڵ ئەو دۆخەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە باسمان کرد، پێگەیەکی باشتری هەیە. بەڵام لەلایەک پەرش و بڵاوی و قەیرانی وتار و ڕێکاری هاوبەش وەک پەتایەکی فەرهەنگی سیاسیی ئێران بەرۆکی حیزبە کوردییەکانیشی گرتوە و لەلایەکی دیکەشەوە سیاسەتی سەرکوت و داخرانی چەند قاتی ڕێژیم دەرهەق بە کوردستان و هەلومەرجێکی ناوچەیی کە مەیدانی مانۆڕی حیزبە کوردییەکانی بەرتەسک کردۆتەوە، هەموو هۆکارن بۆ ئەوەی پرسی کوردی ڕۆژهەڵات ئەمڕۆ لە دۆخێکی دڵخواز و جێگای ڕەزامەندیدا نەبێ و پێویستە بە ژیری و شێلگیرییەوە بیر لە چوونەدەر لەو وەزعییەتە بکرێتەوە.

### پێگەی کورد لە ئێران

ئەگەر بمانەوێ لە سروشتی پرسی کورد لە ئێران و ئاستەنگەکانی دوورەدیمەنی چارەسەری ئەو پرسە تێبگەین و واقعبینانە بەرچاوڕوونی بۆ سیاسەت و ستراتژیمان لەو پێوەندییەدا دروست بکەین، پێویستە ئەو ڕاستییە قبوڵبکەین کە بە بەراورد لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان، مەسەلەی کورد لە ئێران لەگەڵ کۆمەڵێک کۆسپ و تەگەرەی تایبەت بە خۆی بەرەوڕوویە. ئێمە لەگەڵ تێزی ئەو لایەنانە (کە کۆماری ئیسلامی تەنیا یەکێک لەوانە) نیین کە بەو چاوەی لە مەسەلەی کورد لە وڵاتانی دیکە دەڕوانن، بەو چاوەش لە مەسەلەی کورد لە ئێران ناڕوانن و جیاوازیی بنەڕەتی لەنێوان مەسەلەی کورد لە ئێران و مەسەلەی کورد لە وڵاتانی دیکە دادەنێن. بە باوەڕی ئێمە، چ بەهۆی هاونەتەوە بوونی کوردی هەموو پارچەکان و چ بەهۆی کاریگەری و شوێندانەریی نێوانیان، پێویستە مەسەلەی کورد وەک پرسی یەکانگیری نەتەوەیەکی بندەست و دابەشبوو چاوی لێبکرێ. هەر لەو کاتەدا ناتوانین حاشاش لەوە بکەین کە هاوکێشەی دێموگرافی و پێوەندیی مێژوویی و جێگە و پێگەی سیاسی و حقووقیی کورد لە ئێران لە چاو پارچەکانی دیکە لە دۆخێکی جیاواز و بەداخەوە سەختتردایە. یەکەم، ڕابردووی کۆنی دەسەڵاتداری لە ئێران بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتانی تری حاکم بەسەر کوردستاندا کە لە شکڵی ئێستایاندا تازەترن، پاشخانێکی ئاسانتری بۆ حوکمڕانی بەسەر کوردستاندا لە تاران بەجێ هێشتوە. دووەم، ئەگەر لە تورکیە و عیراق و سووریە پرسی پێکەوە ژیان دەکەوێتە خانەی پێوەندییەکانی نێوان تەنیا دوو نەتەوەوە، لە ئێران چارەسەری کێشەی کورد دەکەوێتە نێو بازنەی کێشە و ئاڵۆزییەکی بەربڵاو و نارێکی چەند نەتەوە کە مەرج نیە هەموویان وەک کورد مامەڵە لەگەڵ تاران بکەن. سێهەم، هەلومەرجی سیاسی بەدرێژایی سەدەی بیستەم و تا ئێستاش بەو جۆرەی بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان هەڵگری بوار و دەرفەت بووە، بۆ کورد لە ئێران ئەوەندە دەرفەتی نەڕەخساندوە.

سەرباری خەبات و فیداکاریی بێ‌پسانەوەی خەباتگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەدرێژایی سەدەی بیستەم تەنیا دوو جار ئاڵوگۆڕی سیاسیی ئەوتۆ هاتۆتە پیش کە کورد توانیبیتی بە بەرژەوەندیی خۆی بیقۆزێتەوە. یەکەم دەرفەت بەدوای شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا بوو کە دامەزرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستانی لێ‌کەوتەوە ودووهەم دەرفەتیش لەپاش ئینقلابی ئێران هاتە پێش کە بووژانەوەی حیزب و دەسپێکی قۆناغێکی دیکەی خەباتی بەدوادا هات. ئەمڕۆ و لە داهاتووشدا پێگەی کورد لە ئێراندا ئەو دەرەتانەی پێ نادا کە بەتەنیا ئاڵوگۆڕی گەورە لە ئاستی سەراسەریدا بخولقێنێ. گرینگ ئەوەیە ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر کورد، بۆخۆی و لەپێوەندی لەگەڵ خۆیدا یارمەتی بە دەرفەت خولقاندن بکا و ئەگەریش لە ئاستی هەموو ئێران بەتایبەتی لەبەر ڕووناکیی هەلومەرجی ناوچەیی گۆڕانێک ڕوویدا، ئەوەندە خۆی بۆ ئامادە کردبێ کە وەک جارەکانی پێشوو بەسەریدا نەکەوێ و دیسان مەجبوور بە قبووڵی قەواعیدی نادڵخوازی یارییەکە نەبێ.

لەحاڵێکدا سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندی لە تاران (هەر دەوڵەتێک بێ) هەروا لەسەر حاشاکردن لە بوونی نەتەوەی کورد لە ئێران و مافە ڕەواکانی بەردەوام بێ، ئێمە بەهەقی بێ‌ئەملاوئەولای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەزانین لە دەرفەتی گونجاودا ڕاپرسیی گشتی بە پشتیوانیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بیروڕای گشتیی مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو لەسەر چارەنووسی کورد لەم بەشەی کوردستان‌دا وەڕێ بخاو بڕیار بدا.

پێناسەی جۆغرافیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێوەندیی کورد و تورکی ئازەری

یەکێکی دیکە لەو پرسە پێکهاتەییانەی پێویستە لێرەدا ئاماژەیان پێ‌بکەین، پرسی دابەشکردنی وڵات و چوارچێوەی جوغرافیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانی نێوان کورد و پێکهاتەکانی دیکەی ئێران لە سۆنگەی ئەم دابەشکردنەوەیە.

دابەشکردنی ئیداریی ئێران لەجیاتی ئەوەی لەسەر بنەمای ویست و ناسنامەی نەتەوەیی پێکهاتەکانی ئێران بێ، بە هۆکاری ئیداری پاساو دراوە و لەڕاستیدا مەبەستی سەرەکیی سیاسی و ئەمنیەتی بووە. لە ئێراندا سنووری ئوستانەکان بە جۆرێک نەتەوەکانی بەسەر پارێزگاکاندا دابەش کردوە کە بە کەمڕەنگ کردنەوەی پێناسەی قەومیی ئەوان نەتەوەیەکی واحید بە پێناسەیەکی ئێرانی دروست بکرێ. لەبارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە دانانی ناوی «کوردستان» لەسەر تەنیا یەکێک لە ئوستانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئوستانی سنە) و جێکردنەوەی بەشێکی بەرچاوی ناوچەکانی کوردستان لە ئوستانێکدا بەناوی ئازەربایجان، دەوڵەتی ناوەندی ویستوویەتی هەم ناسنامەی کوردی لە پێناسەی ئیداریی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەرتەسک و بچووک بکاتەوە و هەم بە چەشنێک لایەنێکی دیکەی نەتەوەیی (لێرەدا ئازەرییەکان) بکاتە هاوبەشی سیاسەتی بەکەمگرتن و قەڵسەگێڕان لە کورد.

تورکە ئازەرییەکان لە ئاستی سەراسەریدا بەدرێژایی مێژووی ئێران بەشداری دەسەڵاتی ئایینی، ئابووری، سەربازی و سیاسی بوون و لەسەر خاکی کوردستانیش، لە ئوستانی ورمێ و لە زۆر شوێنی دیکە فەرمانڕەواییان بەسەر کوردیشدا کردوە و تەنانەت لە کێشەی ئێمە لەگەڵ ناوەند بۆ بەرژەوەندیی ئێستا و داهاتووی خۆیان کەڵکیان وەرگرتوە. بەلەبەرچاوگرتنی قورسایی دێمۆگرافیی ئازەرییەکان و ڕۆڵی مێژوویی‌یان لە خەبات بۆ دێموکراسی لە ئێراندا، هەروەها بەلەبەرچاوبوونی رابردووی پێوەندییەکانی نێوان کورد و ئازەری (چ ئەو کاتەی دۆست و هاوپەیمان بوون و چ ئەو کاتەی گرژی کەوتۆتە نێوانیانەوە) سیاسەتی ئێمە پتەوکردنی بنەماکانی پێکەوەژیانی بەئاشتی و برایانە و هەوڵدان بۆ هاوکاری و هاوخەباتی بۆ وەدیهێنانی ئامانجە هاوبەش و هاوشێوەکانمانە. ئێمە هەرلەوکاتەدا کە دژی هەرچەشنە ناکۆکی‌نانەوە و دەمارگرژییەک لەپێوەندی و مامەڵەی نێوان ئەو دوو نەتەوە گرینگەی ئێراندایین، لەسەر ئەو باوەڕەین کە ئەوە ماف و ئەرکی هەرە سروشتیی لایەن و بژاردەکانی کوردە کە بە ڕێگای جۆراوجۆری سیاسی و مەدەنی بۆ پاراستن و ڕاستکردنەوەی ناسنامەی ئێتنیکیی ئەو سەرزەمینانە کار بکەن کە لەڕووی مێژووییەوە بەشێکن لە خاکی کوردستان.

سیاسەتی دێموگرافی و ڕاگواستن و لێکدانی قەومی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وای لە بارودۆخەکە کردوە کە تا ئێستاش دیاریکردنی سنووری جۆغرافیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کارێکی ئاسان نەبێ. نەک هەر حیزب و لایەنە سیاسی و مەدەنییەکان لە دەرەوە و نێوخۆی وڵات نەیانتوانیوە لەپێوەندی لەگەڵ سنوورەکانی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا بەرچاوڕوونی و ڕێنوێنیی هاوبەشیان هەبێ، بەڵکوو ئەم پرسە هەتا ئێستا بە جیددی بیریشی لێ نەکراوەتەوە. ئەمە لە چەشنی ئەو پرسە گرینگ و درێژخایەنانەیە کە پێویستە لایەن و بژاردەکانی کورد پێکەوە کاری لەسەر بکەن بۆ ئەوەی هەم بە بەرچاوڕوونییەکی باشترەوە لە ئێستای سیاسەتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووبەڕووی پیلان و گیروگرفتەکانی پێوەندیدار بە سەرزەمینی کوردستان ببنەوە و هەم بۆ دوارۆژی ساغکردنەوەی سنووری کوردستانیش ئامادەیی باشتریان هەبێ.

شتێکی دیکەش کە لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە نەهێڵین ئەم دابەشکردنە ئوستانییەی ئێستا شوێنەواری خراپ لەسەر ڕووحی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵات دابنێ و بە پەرەپێدانی ڕووحی ناوچەگەری و ئوستانی ببێتە هۆی لاواز بوونی پێناسەی هاوبەشی کورد لە ئێراندا. هەر لەو کاتەدا بژاردە و لایەنە سیاسییەکان پێویستە لەسەر پێناسەی سیاسی- جوغرافیایی کوردستانی ئێران وەک واحیدێکی یەکگرتوو بەردەوام و شێلگیر بن.

### ئایین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئایین لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەشێوەیەکی چالاکتر و لەجاران زەقتریش گۆڕەپانی سیاسیی داگرتوە و بۆتە ئامراز و ئادرەسێک بۆ خۆپێناسەکردنی سیاسی. بەخۆشییەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی سروشتی میانەڕەوانەی خەڵکەکەی و بەهۆی رابردووی لە خەباتێکدا کە پێش هەموو شتێک ماهیەتێکی نەتەوایەتیی هەیە، کەمتر تووشی توندڕەوی و دەمارگرژیی ئایینی بووە. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە ڕێژیم لە ساڵانی دواییدا بەمەبەستی دوورخستنەوەی لاوەکان لە هەستی نەتەوەیی بە ئەنقەست ڕێگەی بە سەرهەڵدان و گەشەکردنی هێندێک گرووپ و تاقمی ئایینی داوە. لەلایەکی دیکەوە، لەبەر ئەوەی لە ئێرانی ژێر حاکمیەتی کۆماری ئیسلامیدا سوننی‌مەزهەبەکان بە بەراورد لەگەڵ شیعە مەزهەبەکان لەڕووی ئایینییەوە هەست بە ئەمنیەت و ڕێز ناکەن، ڕێژیم هەوڵ دەدا ئەم جیاوازییە بۆ سستکردنی هەستی نەتەوەیی کوردانی شیعە و بەدژی یەکیەتیی نەتەوەیی کورد لە ئێران بەکار بەرێ.

هۆشیاریی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەورەترین لەمپەرە لە بەرامبەر ئەوەدا کە کێشەی ئایینی کۆمەڵگەی ئێمە دابەش بکا. حیزبی ئێمەش لە چەند ساڵی رابردوودا هەوڵیداوە ڕێک لە چوارچێوەی ستراتێژیی بەهێزکردنی ئەو هەستە نەتەوەییە و پێشگیری لەوە کە جیاوازیی مەزهەبی لە ڕووی سیاسییشەوە کوردی ڕۆژهەڵات لە یەکتر جیا بکاتەوە، بچێتە پێشێ. فرەچەشنییەکانی نێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە وەک دەوڵەمەندییەک و بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە سەیر بکرێن. بەڵام هەر لەو کاتەدا پێویستە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سوننی و شیعە و یارسان و هی دیکەوە لە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیاندا یەکگرتوویی نەتەوەیی کورد بپارێزن و ڕێگە بە کۆماری ئیسلامی نەدەن کە بە مانۆڕە فێڵبازانەکانی خۆی لەو جۆرە فرەچەشنییانە بۆ درزخستنە نێوریزەکانی خەڵکی کوردستان و بە لاڕێدا بردن و گۆڕینی سروشت و جەوهەری مەسەلەی کورد لە ئێران کەڵکی خراپ وەربگرێ.

### تەوژمی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی

بەدرێژایی مێژوو بە هۆی ئەوە کە هەمیشە بە چاوی ئەمنیەتییەوە سەیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوە و هەوڵ دراوە ئەو ناوچەیە لە کاروانی گەشەسەندن بەجێ بمێنێ، لەسەریەک ژێرخانی ئابووری و پیشەسازی لە کوردستان زۆر لاواز بووە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە کە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران ڕێژەی بێکاری تەنانەت لەنێو توێژی دەرسخوێندووشدا زۆر لە سەرەوە بێ. کاری دژواری کۆڵکێشی و نەبوونی ئەمنیەتی گیانیی خەڵکی هەژار لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕۆژانە سەردێڕی هەواڵ و ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تابلۆیەکی دڵتەزێن بووە لە بێدەرەتانیی خەڵکی وڵاتێکی بەپیت و بەرەکەت کە ئەگەر بەدروستی و بەبێ هەڵاواردن ئیدارە کرابا، ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵکەکە لەگەڵ هی خەڵکی وڵاتانی پێشکەوتوو بەراورد دەکرا. لەلایەکی دیکەوە، کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا لە بێکاری بۆ چەکدارکردنی بەشێک لە خەڵک و بەستنەوەیان بە دامودەزگاکانی خۆیەوە کەڵک وەربگرێ و بەدژی جووڵانەوەی کورد بەکاریان بێنێ.

وەک دەرەنجامێکی بارودۆخی ئابووری، کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەک شوێنەکانی دیکەی ئێران بەربڵاو و هەمە لایەنن و ئەوەندەش خەڵکیان بە خۆوە گرفتار کردوە کە کاریگەریی خراپی لەسەر خەبات و تێکۆشانی سیاسی و نەتەوەیی ئەوان داناوە. کۆماری ئیسلامی لەلایەک ئەگەر بە شێوەی ناڕاستەوخۆش بێ هاندەر و ڕێخۆشکەری بەشێکی بەرچاوی کێشە کۆمەڵایەتییەکانە و لەلایەکی دیکەوە وەک حکوومەتێکی وەڵامدەر و بەرپرس بەدوای ڕێکار و چارەسەری ئەو کێشانەدا نەچووە. دیاردەی مادە هۆشبەرەکان نموونەی هەرە دیار و ترسناکی ئەو کێشانەیە کە وەک پەتایەک بەرۆکی کۆمەڵگای ئێمەی بەتایبەتی لەنێو توێژی لاواندا گرتوە و دەرهاویشتە و زەرەر و زیانەکانی لەنێو خێزانەکان و لە کۆمەڵگەدابۆ ئێستا و ئایندە زۆر بەرچاو و جێگەی نیگەرانیین.

لەگەڵ ئەوەی خەباتی گەلی ئێمە پێش هەموو شتێک بۆ وەدیهێنانی مافی نەتەوەییە، پێویستە هەم هێزە سیاسییەکان و هەم بژاردە و بنیاتە مەدەنییەکان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات بەشێوەی جۆراوجۆر بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەشەنەکردنی زیاتری پەتا و گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان کار بکەن و هەرگیز پێیان وا نەبێ کە کۆماری ئیسلامی وەک حکوومەتێکی بەرپرس ئەو ئەرکە ئەنجام دەدا. ئەمە نەک هەر بۆ سالمسازیی کۆمەڵگەی ئەمڕۆ و سبەینێ گرینگە، بەڵکوو بوار و بەستێنێکیش بۆ بە جەماوەری کردنی خەبات و ئەرکدارکردنی سەرجەم تاکەکان لەسەر نەخشەی بزاڤێکی فرەڕەهەند پێک دێنێ کە وێڕای نەتەوەیی بوون خەسڵەتێکی ئینسانییشی هەیە.

### فەزای سیاسی و جموجۆڵی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات

سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لەپێوەندی لەگەڵ کوردستان لە چەند ساڵی رابـردوودا و تەنانەت پاش هاتنەسەرکاری دەوڵەتی ڕووحانییش هەر درێژەی سیاسەتی پێشووی بووە کە بریتی بووە لە ڕوانینی ئەمنیەتی بۆ مەسەلەی کورد و سەرکوت و هەڵاواردن. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا ڕاوەدوونان و زیندان و تەنانەت ئێعدامی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد هەروا درێژەی هەبووە کە وەک دوایین نموونە دەتوانین ئاماژە بە ئێعدامی مەنسوور ئاروەند ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مانگی ژووئەنی ڕابردوودا بکەین.

بەپێچەوانەی ئەم فەزا داخراو و پڕ لە زەبروزەنگە، خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کورد لەپێناو مافەکانیاندا هەروا بەردەوامە و هۆگریی خەڵک بە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندا بووە. هاتنە مەیدانی خەڵکی مەهاباد و هاوپێوەندیی شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات لەدوای ڕوداوەکەی هۆتێل تارا لە بەهاری رابردوودا نیشانی دا کە خەڵکی ئێمە، ئەگەر پشتی بە ڕێکخستن و یەکڕیزی و نەخشەڕێگای هاوبەش و هەماهەنگی هێز و لایەنەکان گەرم بێ، زەرفیەت و توانای ئەوەی تێدایە لە هەر دەرفەتێک بۆ زەقکردنەوەی مەوجوودیەت و ویست و داواکانی، نەک هەر بەڕووی کاربەدەستانی ڕێژیم و کۆمەڵگەی سیاسیی ئێراندا، بەڵکوو بەڕووی بیروڕای گشتیی نێونەتەوەییش کەڵک وەربگرێ و لەپێناوی ئەم ویست و داوایانەدا بەشێوەی بەردەوام و بەکۆمەڵ بێتە مەیدان.

لە بازنەی فراوانتری کوردیدا و سەرەڕای هەموو بەربەست و دابەشبوونەکان، هەستی هاوبەشی نەتەوایەتی هەتا دێ زیاتر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە هەموو ڕەنگاوڕەنگییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە. چوونەپێشی پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و بەجیهانی‌بوونی ئەو پرسە و پەرەگرتنی بێوێنەی ئامرازەکانی پێوەندی و ڕاگەیاندنیش کاریگەریی باشیان لەسەر بووژانەوە و بەهێزبوونی زەینیی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران داناوە. دیارە پێویستە ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە دەربڕینی هەستی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هاوپێوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکە کە خەسڵەتێکی پیرۆزی کوردی ڕۆژهەڵاتە، زۆر جار لەلایەن کۆماری ئیسلامی و هێندێ لایەنی دیکەوە بە لاڕێدا براوە و کەڵکی خەراپی لێوەرگیراوە. هەربۆیە پێویستە کاری زۆرتر بکرێ بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی و هەندێک لایەن بەهەرەبەرداریی خۆیان لە هەستی نەتەوایەتی خەڵک لەژێر ناوی داکۆکیکردن لە پارچەکانی دیکەدا نەکەن.

لەبەر ئەوەی کێبەرکێ و فرەچەشنیی نێو گۆڕەپانی سیاسیی یەک سەدەی رابردوو لە ئێران زۆربەی کات بەرهەمی یەکتروەلانان و توندوتیژی بووە، فەرهەنگ و ئەقڵیەتی بەشداری و تۆلێرانس و خەباتی مەدەنی لە وڵات و ناوچەی ئێمەشدا زۆر لاوازە. لەگەڵ ئەوەشدا دیسان لە کوردستان کە ناوچەیەکی تەواو ئەمنیەتییە، خەڵک هەمیشە هەوڵیانداوە لە دەرفەتەکان کەڵکوەربگرن و بە بیانووی جۆراوجۆری مەدەنی و فەرهەنگی و ژینگەپارێزی و بوار و بۆنەکانی دیکە بوونی بەکۆمەڵی خۆیان پێشان بدەن و ویست و ئامانجەکانی خۆیان بخەنە ڕوو. جیا لەوە کە ئەو جۆرە چالاکیانە لەگەڵ کۆمەڵێک ئاستەنگ و گیروگرفت کە ڕێژیم بۆیان دادەنێ بەرەوڕوو دەبن، بەهۆی دڵەڕاوکێ و نەبوونی متمانە و ئەزموونی کاری هاوبەش کاری ڕێکخراوەیی چالاکانی نێوخۆ بەو جۆرەی پێویستە وەڵامدەر نەبووە. تێچووی ئەو جۆرە چالاکییانە لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا کەم نیە و لە کوردستان لەچاو نوختەکانی دیکەی ئێران زۆر لەسەرتریشە. ڕوانینی ئەمنیەتی ڕێژیم بۆ کوردستان کەشوهەوایەکی دروست کردوە کە هەر جۆرە چالاکییەک، تەنانەت ئەگەر سیاسی و نەتەوەییش نەبێ، بکەوێتە ژێر چاوەدێریی کاربەدەستانی ئەمنیەتی. لەلایەکی دیکە، بۆچوون و هەڵوێستی بەشێک لە حیزبەکانیش وای کردوە کە نەک هەر گوتار و پێناسەیەکی هاوبەش وەک پاڵپشت بۆ کاروتێکۆشانی ئەوان لەئارادا نەبێ، بەڵکوو زۆر جار تەمومژی گومانیش بخرێتە سەر هێندێک لەو کار و چالاکیانە و بە دڕدۆنگییەوە لێیان بڕوانرێ.

لەگەڵ ئەوەدا کە دۆخی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سنووورداری و پچڕپچڕبوون و لێکدوور بوونی چالاکییە مەدەنییەکان دەرەتانی ئەوە نادەن کە پێناسەیەکی تۆکمە و وەسەریەکخراوی سیاسی لەو چالاکیانە بکەین، حیزبی ئێمە هەمیشە هەوڵیداوە وێڕای گەیاندنی ڕێنوێنییەکانی خۆی، چالاکانی کورد لە نێوخۆی وڵات هان بدا بۆ ئەوەی لە دروستبوونی بۆشایی مەرجەعی سیاسی و مەیدانی لە نێوخۆی وڵاتدا خەباتی سیاسی و مەدەنیی کۆمەڵانی خەڵک لەلایەن کۆماری ئیسلامی و لایەنی دیکەوە بە لاڕێدا نەبرێ و کەڵکی خەراپی لێ وەرنەگیرێ. ئێمە لەو پێوەندییەدا بەتایبەتی هەوڵمانداوە کە خەبات و تێکۆشانی مەدەنی تەنیا لە توێژێکی کۆمەڵگا بۆ نموونە رووناکبیراندا قەتیس نەکرێتەوە، بەڵکوو بەجەماوەری بکرێ و خەڵکێکی زۆر لە هەموو چین و توێژەکانی کوردستان خۆی تێدا ببیننەوە. لەوەش زیاتر پێویستە خەباتی مەدەنی تەنیا خۆی بە پرسەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە سنووردار نەکا، بەڵکوو لە خانەی فراوانتری مەسەلەی نەتەوایەتی و دوورەدیمەنی چارەسەرە سیاسییەکان بۆ داهاتووی مەسەلەی کورددا جێ بگرێ.

بەپێچەوانەی هەوڵوتەقەلای کۆماری ئیسلامی بۆ چاندنی ترس و نائومێدی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌دا و دەگەڵ هەموو ئەو بارو دۆخە نالەبارە کە بۆ خەباتی گەلانی ئێران و یەک لەوان نەتەوەی کورد هاتۆتە ئاراوە، ئێمە بە چاوی ئومێدەوە دەڕوانینە دوارۆژی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی ئێران بەتایبەتی لە کوردستان. باش دەزانین چ پۆتانسیەلێکی گەورەی خەباتگێڕانە لە هەناوی ڕۆڵەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا شاردراوەتەوە، چ ئیرادەیەکی پتەو بۆ دەرچوون لە حاڵەتی دیلی و ژێردەستی لە دڵی تێکۆشەرانی ئەم بەشەی کوردستان‌دا شەپۆل دەدا و وشیاریی سیاسی و هەستی نەتەوەیی چەندە قووڵ و بەربەرینە.

هەربۆیە دڵنیاین کە گەلی کورد چاوەڕوانی دەرفەتی گونجاوە و هەرکات دەرەتانێک برەخسێ گرکانی ڕق و تووڕەیی ئەو خەڵکە ئازادیخوازە بەڕووی زەوتکەرانی ماف و ئازادی‌یەکانی خەڵکدا دەتەقێتەوە و ئێران بەگشتی و بەتایبەتی کوردستان لەو بارە نالەبار و مەینەتبارە ڕزگار دەکا.

## عەرەبستان: کاربەدەستانی ئێران لە ١٢ وڵات بە تێرۆریسم تاوانبار کراون



دوکتور عادل ئەلتەریفی، وەزیری فەرهەنگی عەرەبستان دەڵێ قسەکانی ئەم دواییانەی کاربەدەستانی ئێران لە ڕقو کینەی ئەوان بە نیسبەت خەڵکی عەرەبستانو پاشایەتیی ئەم وڵاتەو بیرو باوەڕو سوننەتەکانی ئەوان سەرچاوەی گرتووە.

وەزیری فەرهەنگی عەرەبستان دەڵێ ١٢ وڵاتی جیهان کاربەدەستانی ئێرانیان بەوە مەحکووم کردوە کە دەستیان لە تێرۆریسم، پوولشووییو چەندین جینایەتی دیکەدا هەیە.

ئەلتەریفی بە هەواڵدەریی ئەلعەرەبییەی ڕاگەیاند: کۆمەڵگای جیهانی باش دەزانێ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو سپای پاسداران، جگە لە پێکهێنانی گرووپە تێرۆریستییەکان لە ناوچەدا، بوون بە هۆی ناسەقامگیریی ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، بە تایبەت وڵاتانی عەرەبی کەنداوی فارسیان تەواو شێواندووە.

وەزیری فەرهەنگی عەرەبستان بۆ جارێکی دیکە پێداگریی کردۆتەوە کە ڕێبەریی عەرەبستان لە نێوان خەڵکی ئێرانو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو سپای پاسداران جیاوازی دادەنێو خەڵک تێکەڵ بە جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمە ناکا.

ناوبراو هەروەها گوتی: وەڵامی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ڕوون و ئاشکرایە، کۆمەڵێک لە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێرانو سپای پاسداران لە لیستەی ئەم کەسانەدان کە ئامریکاو یەکیەتیی ئورووپا بەدواداچوونیان بۆ دەکەن، تەنانەت کۆمەڵێک لەوان دادگاییش کراون.

وەزیری فەرهەنگی عەرەبستان لە درێژەدا گوتی هەڵوێستی عەرەبستان لە تێکدانی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێران پاش سووتاندنی باڵوێزخانەو کۆنسوولگەریی ئەم وڵاتە لە تاران و مەشهەد ئاشکرایە. ناوبراو هەروەها گوتی: ڕێژیمی ئێران لە هەموو شوێنێک هەڵی کوتاوەتە سەر بەرژەوەندییەکانی عەرەبستانو لە بەرامبەردا پاشای عەرەبستان بە کردەوە بۆ مەحکوومکردنی دەستدرێژییەکانی ئێران و حیزبوڵلا هەوڵی داوە.

ئەلتەریفی هەروەها گوتی: ئێران پاش ٣٠ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی ئێستاش ڕوونی نەکردۆتەوە کە ئینقلابە یان دەوڵەت.

## بوودجەی نیزامیی ئێران لە ١٠میلیارد دۆلار تێپەڕی

مەجلیسی ئێران لە درێژەی تاوتوێی لایحەی بوودجەی ساڵی ١٣٩٥ی هەتاویدا، دەنگی بە زیاترکردنی بوودجەی نیزامیی ئەم وڵاتە تا ئاستی ١ میلیارد دۆلار دا. بەم بڕیارەی مەجلیس بوودجەی نیزانیی ئێران لە ١٠ میلیارد دۆلار تێدەپەڕێ.

نوێنەرانی مەجلیس لە کۆبوونەوەی ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی خاکەلێوەدا لایحەیەکیان پەسند کرد کە بە پێی ئەم لایحەیە دەبێ سەرجەم ئەم داهاتانەی لە ڕێگەی پێدانی مەعافبوون بەم سەربازانەی زیاتر لە ٨ ساڵە خۆیان لە سەربازی دزیەوەتەوە، دەستیان دەکەوێ، بدرێ بە هێزە چەکدارەکان.

ئەو لایحەیە دەڵێ لەو ڕێگەیەوە دەبێ ٣ هەزار و ٥٠٠ میلیارد تمەن، ( نزیکەی ١ میلیارد دۆلار) بۆ بەهێزیت کردنی توانای بەرگریی هێزە چەکدارەکانی ئێران تەرخان بکرێ.

بەپێی ئەم لاحە پەسندکراوەی مەجلیسی ئێران دەوڵەت ئەرکدار کراوە کە ئەم برە پووڵە کە لە ڕێگەی فرۆشتنی خزمەتی سەربازی دەستی دەکەوێ، بیخاتەوە سەر بوودجەی نیزامیی وڵات.

بوودجەی نیزامیی ئێران بۆ ئەمساڵ نزیکەی ٢٨ هەزار میلیارد تمەن دیاری کراوە کە دەکاتە زیاتر لە ٩ میلیارد دۆلار.

نوێنەرانی مەجلیسی شوورا پێشتر گەڵاڵەیەکیان پەسند کردبوو کە بەم پێیە دەبوایە دەوڵەت تا کۆتایی ساڵی ١٣٩٥، سەرجەم سەربازە هەڵاتووەکان کە سەروو ٨ ساڵە خۆیان دزیوەتەوە، بە مەرجی پێدانی جەریمە بە دەوڵەت مەعاف بکا.

ئێستاش بەپێی ئەم لایحەیە کە ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی خاکەلێوە لە مەجلیس پەسند کرا، هەموو ئەم داهاتەی کە لە ڕێگەی پێدانی مەعافی بە سەربازە هەڵاتووەکان وەدەست دەکەوێ، دەبێ لە حیسابی خەزێنەداریی ئێران بکرێو پاشان بڕی ٣ هەزارو ٥٠٠ میلیارد تمەنی بە شێوەی یەکسان بە مەبەستی بەهێز کردنی توانای نیزامی بەسەر هێزە چەکدارەکاندا دابەش بکرێ.

## ڕەخنەی گرووپی ٧ لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران

وڵاتانی گرووپی ٧ و یەکیەتیی ئورووپا سەبارەت بە ڕەوشی نالەباری مافی مرۆڤ لە ئێران نیگەرانیی خۆیان دەربڕی.

کۆبوونەوەی یەک ڕۆژەی وەزیرانی دەرەوەی ٧ وڵاتی پیشەسازیی جیهان ناسراو بە گرووپی ٧ لە هیرۆشیمای ژاپۆن کۆتایی هاتو بەشداربووانی ئەم کۆبوونەوەیە لە بەشێکی بەیاننامەی هاوبەشی خۆیاندا، نیگەرانیی خۆیان لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێرانو ناڕەزایەتیی خۆیان لە کارنامەی کۆماری ئیسلامی دەربڕی.

لە کۆبوونەوەی گرووپی ٧ لە هیرۆشیمای ژاپۆن، وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئاڵمان، ئامریکا، ئیتالیا، بریتانیا، ژاپۆن، فەرانسەو کاناداو هەروەها بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا بەشداربوون.

لە بەشی پێوەندییدار بە بە ئێرانو لە بەیاننامە هاوبەشەکەیاندا، ئەندامانی گرووپی ٧ وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆیان لە ڕێککەوتنی ناوکیی کۆماری ئیسلامیو ڕۆژاوا ناسراو بە بەرجام و پشتیوانیی تەواو لە جێبەجێکردنی، داوایان لە ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی کردبوو کە چاودێریی خاڵ بە خاڵی جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە بکەن.

٧ وڵاتی پیشەسازیی جیهان وێڕای ئاماژە بە تاقیکردنەوەی مووشەکی سپای پاسدارانی ئێران گوتبوویان جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە هەلێکە بۆ دەسپێکی پێوەندیی نوێ لە نێوان ئێرانو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو بەم هۆیەوە ئێمە لە بڕیاری بەردەوامیی تاقیکردنەوەی مووشەکیی بالستیک کە دژایەتیی لەگەڵ بڕیارنامەی ژمارە ٢٢٣١ هەیە زۆر نیگەرانین.

لەم بەیاننامەیەدا داوایان لە ئێران کردوە کە لە هەوڵدان بۆ ئاشتی لە ناوچەکانی سووریە، یەمەن و عێراق و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، توندوتیژیی توندڕەوی هاوکاری بکا.

لەم بەشێکی ئەم بەیاننامەیەدا هاتووە کە ئێمە داوا لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەین کە پێبەند بە بەڵێنییە نێودەوڵەتییەکان لە بواری لەبەر چاوگرتنی مافەکانی مرۆڤ وەک ڕێزگرتن لە ئازادیی بیروڕا، ئازادیی مەزهەب و هەموو بوارەکانی مافی مرۆڤو ئێعدامەکان بێ کە دژایەتییان لەگەڵ پەسندکراوە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە.

## ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا لە پێوەندی لەگەڵ بەردەوامیی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران

وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهان، ڕەخنەی توندیلە بەردەوامیی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران لە ساڵی ٢٠١٥دا گرت.

بەشی پێوەندیدار بە ئێران لەم ڕاپۆرتە ٤٥ لاپەڕەیەدا گرینگترین کێشەکانی پرسی مافی مرۆڤ لە ئێرانی بەم شێوەیە باس کردوە:

- بەرتەسککرنەوەی توندی ئازادییە مەدەنییەکانی خەڵک وەک پێشگرتن بە کۆبوونەوە گرتنو پێکهێنانی دامەزراوەو ڕێکخراوە مەدەنییەکان.
- سەرکوتی ئازادیی ڕادەربڕینو گواستنەوەی ئازادانەی زانیاری بە تایبەت لە ڕێگەی ئینترنێت، ڕاگەیەنەکانو فشار بۆسەر کەمینە ئایینییەکان.
- بەرتەسککرنەوەی ئازادییەکانی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان.
- دادگاییکردنی ناعادڵانە هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی ئێعدام بە تایبەت مێرمنداڵان بۆ ئەو سزایانەی کە شایانی ئەم حوکمە نین.

وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا هەروەها کۆماری ئیسلامیی بە حکومەتی مەزهەبیی شیعە ناو بردوە کە لە سەرووی هەمووانەوە ویلایەتی فەقیهەو لەم ڕێژیمەدا مافی مرۆڤ بە ئازارو ئەشکەنجە، سەرکوتی ئازادی ڕادەربڕینو ئێعدام لە پێش چاوی خەڵکو زۆر حاڵەتی دیکە ژێر پێ دەنرێ.

هەڵسوکەوتە نامرۆڤانەو توند لەگەڵ بەندکراوان، سەپاندنی حوکمی پەڕاندنی ئەندامانی لەش، توندوتیژی لەگەڵ بەندکراوانی سیاسیو هەلومەرجی خراپ و مەترسیداری زیندانەکانی ئێران لەم بابەتانەن کە وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەی پێکردوون.

هەروەها لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە کە دەزگای قەزایی ئێران سەربەخۆ نییەو ئەو حوکمانەی لە دژی ڕۆژنامەنوسانو زیندانیانی سیاسیی دەدرێ، لە ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە دەدرێن.

## بەرزبوونەوەی نرخی بێکاریی لە ساڵی ٩٤دا

ناوەندی ئاماری کۆماری ئیسلامی نێونجیی نرخی بێکاریی ساڵی ٩٤ی لە ئاستی سەدی ١١دا ڕاگەیاند، ئەم ئامارە ئەوە دەردەخا کە نرخی بێکاریی لەچاو ساڵی ڕابردوو زیادی کردوە.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە ئاماری بێکاریی ڕاگەیەندراو بۆ پیاوان ٩.٣ و بۆ ژنان ١٩،٤ لەسەد بووە، بەم پێیە نرخی بێکاریی ژنان دوو هێندەی پیاوان زیاتریشە.

بەپێی ئەم ئامارە، حەشیمەتی کەسانی خاوەنی کارو پیشە لە ئێران ٢١ میلیۆنو ٩٧٢ هەزار کەسە کە لەوەندە کەسە ٢ میلیۆنو ٧٢٩ هەزار کەسیان لە ئێستادا بێکارن.

هەرچەند حەسەن ڕووحانی سەرکۆماری ئێران بەڵێنی داوە کە نرخی بێکاری لە ساڵی ١٣٩٥دا تەک ڕەقەمی بێ، بەڵام چالاکانی ئابووریو بازاڕی کاری ئێران لەسەر ئەم بڕوایەن کە هیچکات ئەم بەڵێنەی بۆ ناچێتە سەر.

بە قسەی کارناسانی ئامار بەم پێیە کە ناوەندە سەربەخۆکانی ئامار لە ئێراندا مۆڵەتی چالاکی کردنیان پێ نادرێ، ناتوانن پشت بە ئامارەکانی دەوڵەتیش ببەستن. بەپێی ئامارە ڕەسمییەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەم کەسانەی کە لە حەوتوودا تاقە ١ کاتژمێر کار بکەن، حیسابی کەسێکی خاوەنی کارو شوغڵیان بۆ ناکرێ، بۆیە دەگوترێ ئاماری بێکاریی ڕاستەقینە چەند قات لەوەندە زیاترە کە بە ڕەسمی باسی دەکرێ.

## نیگەرانیی ناوەندی توێژینەوەکانی ئیدز لە ئێران لە سیاسەتی حاشای کۆماری ئیسلامی



سەرۆکی ناوەندی توێژینەوەکانی ئیدز لە ئێران دەڵێ گرینگترین کێشەو کۆسپی بەردەم کۆنترۆڵو دەرمانی ئیدز لە ئێران سیاسەتی "حاشا کردن"ی دەوڵەت لەو نەخۆشییەیە. ئەو دەڵێ بە سیاسەتی حاشا کردن وەک ئەوە وایە وەک کەوی سەری خۆمان لە بن بەفر ڕۆکردبێ.

دوکتور مینو موحریز، سەرۆکی ناوەندی توێژینەوەکانی ئیدز لە ئێران بە ئاماژە بەوەی شەپۆلی سێهەمی ئیدز لە ئێران گەیوەتێ، گوتی با وەک کەو سەرمان نەخەینە نێو بەفرەوە، ڕاستییەکەی ئەوەیە پەرەسەندنی نەخۆشیی ئیدز بەهۆی ڕەفتاری جینسیی پڕمەترسی ڕمێنی هەیەو، خراپتر لە هەموو شتێک ئەوەیە کە هیچ بەرنامەو پلانێکی پێشگیرانە لەلایەن وەزارەتی خوێندنو پەروەردەو هەروەها کاناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە لە گۆڕێدا نییە.

ئەو پزیشکو کارناسەی نەخۆشییە عفونییەکان بە پێداگری لەسەر ئەوەی کە پێوەندیی جینسی غەریزەیەکی سروشتییە، گوتی پەروەردەی سەقەت وای کردوە دایکو باوکان لەسەر ئەو بابەتانە لەگەڵ منداڵەکانیان قسە نەکەن، بەڵام من دەپرسم کە بۆچی وەزارەتی خوێندنو پەروەردە لە پێوەندی لەگەڵ پێوەندییە جینسییەکاندا هیچ بەرنامەیەکی فێرکاریو پەروردەیی نییە؟

شایانی باسە وەزارەتی بێهداشتو دەرمانو فێرکارییە پزیشکییەکان لە دەوڵەتی حەسەن ڕوحانیدا پێی لەوە ناوە کە سیاسەتی چەوتو شاردنەوەو حاشاکردن لە ئیدز، ڕێی بۆ پەرەسەندنی ئەو نەخۆشییە خۆش کردوە.

ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن نیزیک بە ٣ هەزار کەس لە ئێران نەخۆشیی ئیدزیان هەیە، بەڵام ئامارە غەیرە ڕەسمییەکان دەڵێن ژمارەی توشبووان بە ئیدز لە ٨٠ هەزار کەس زیاترە.

## داننانی جێگری وەزیری کار بە بێکاریی ٣ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس لە ئاستی ئێران



محەممەدئەمین سازگارنژاد، جێگری وەزیری تەعاون، کارو خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی و سەرۆکی ڕێکخراوی فێرکردنی فەننی و حیرفەیی دەڵێ لە ئاستی ئێراندا ٣ میلیۆنو ٥٠٠ هەزار کەس بێکارن.

سازگارنژاد هەروەها گوتی گرینگترین گیروگرفت لە ئاستی ئێراندا بێکاریو شارەزانەبوونی هێزی مرۆییە.

ناوبراو دەڵێ گیروگرفتی سەرەکیی ڕێکخراوی فێرکردنی فەننی حیرفەیی "نرخی بەرزی بێکاری و پێشگرتن بە هەڵوەرینی هێزی کار"ەو داوای کرد کە پێش بە هەڵوەرینی هێزی کار بگیردرێ.

سەرۆکی ڕێکخراوی فێرکردنی فەننی و حیرفەیی لە حاڵێکدا باسی لە پاراستنی هێزی کار دەکرد، هەر ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا بە شێوەیەکی بەرچاو پاش داخرانی یەکەکانی بەرهەمهێنان چەندین هەزار کەس تا ئێستا لەسەر کارەکانیان دەرکراون.

هۆکاری سەرەکیی دەرکرانی کرێکاران، هەموو جارێ پێدانەدانی مووچەکانیان ڕادەگەیەندرێ.

شایانی باسە کە زیاتر لە ٩ هەزار یەکەی پیشەسازی لە شیرکەتەکانی پیشەسازیی ئێران لە ساڵی ٩٣ داخراون و ڕەوتی دەرکردن، کەمکردنەوەی هێزی کار و داخستنی یەکەکانی پیشەسازیو بەرهەمهێنان لە ساڵی ٩٤یش بەردەوام بووە بەڵام هێشتا ئامارێکی ورد لەبەر دەستدا نییە.

## داننانی وەزیری پێشووی نەوت بە قاچاغی ساڵانە ٢٥ میلیارد دۆلار کاڵا لە ئێران



محەممەد غەرەزی، وەزیری پێشووی نەوت وێڕای دانە بەر ڕەخنەی بارودۆخی قاچاغ لە ئێران، دیاردەی قاچاغی بە هۆکاری سەرەکیی بێکاری لەم وڵاتە ناو برد.

محەممەد غەرەزی دەڵێ بڕی قاچاغی کاڵا لە ئێران لە ٢٥ میلیارد دۆلاری تێپەڕاندووەو ئەگەر کاربەدەستان تەنیا بتوانن ڕێگری لە قاچاغ بکەن، نەک هەر پێشیان بە زۆربوونی ئاستی بێکاری گرتووە، بەڵکوو زیاتر لە ٢ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار هەلی کاریی نوێشیان خولقاندوە.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا پێداگری کردەوە کە سەرباری ئەو وەزعە کاربەدەستانی پێوەندیدار هیچ هەوڵێکی جیددیان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ قاچاغ نەداوە.

وەزیری پێشووی نەوت لە بابەت بەرزبوونەوەی نرخی بێکاری گوتی: یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی بەرزبوونی نرخی بێکاری لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا داخرانی کارگا بچووکو گەورەکانی بەرهەمهێنان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران بووە کە حەشیمەتێکی زۆر لەم کارگاو یەکە سەنعەتییانەدا خەریکی کار بوونو داخرانی ئەم یەکە بەرهەمهێنەرانە بێکار بوونی ئەوانیشی لێ کەوتەوە.

ناوبراو وێڕای ئاماژە بە سیاسەتی چەوتی ئابووریی دەوڵەت گوتی: کۆمەڵە گرفتێکی وەک بیمە، ماڵیات، سزاکانو بۆرۆکڕاسیی ئاڵۆز لەبەردەم بەرهەمهێنەران وای کردوە ئەوان دەست لەو کارانە بشۆنەوەو لە ئەنجامدا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ حەشیمەتی بێکارانی ئەم وڵاتە زیاتر بن.

شایانی باسە داننانی ئەو کاربەدەستەی ڕێژیم بە قاچاغی ٢٥ میلیارد دۆلار کاڵا لە ئێران لە حاڵێک دایە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو قاچاغە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی لە پشتە.

## ستادی بەرەنگاربوونەوەی مادەی هۆشبەر کاری بۆتە کۆکردنەوەی موعتادەکانی سەرشەقام

بەڕێوەبەری گشتیی پێشووی دەرمانو پشتیوانییە کۆمەڵایەتییەکانی ستادی بەرەنگاربوونەوەی مادەی هۆشبەر وێڕای بەداخبوون لە پەرەسەندی ئێعتیاد لە ئێرانو پشتگوێخستنی بابەتی پشتگیری، دەڵێ حەیفە هەموو کاتو توانای ستاد تێچووی پێڕاگەیشتنو کۆکردنەوەی ٣٠ هەزار موعتادی سەرشەقام بکرێ، لە حاڵێکدا ٣٠ میلیۆن لاو لە ئاستی ئێراندا پشتگوێ خراون.

فەرید بەراتی وێڕای ئاماژە بە بەرزبوونی نرخی بێکاری لە نێو حەشیمەتی خوێندەوارو دەرچووی زانکۆو ئاماری ٤ تا ٥ میلیۆن کەسی بێکار لە ئێراندا گوتی: ئەم بابەتانە بۆ خۆیان بەستێن بۆ بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر خۆش دەکەن.

بەراتی وێڕای پێداگریی لەسەر پێویستیی پێشگیری لە ئەم قەیرانە لە کۆمەڵگەدا پشتڕاستی کردەوە کە لە ئێستادا کۆمەڵگەی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ مادەی هۆشبەردا بایەخ بە پرسی پێشگیری ناداو؛ دامودەزگا جۆاوجۆرە حکومییەکانی وەک دەنگو ڕەنگو بێهزیستیش کە ئەو ئەرکەیان لە ئەستۆیە، هیچ کامیان لەسەر بابەتی پێشگیری کار ناکەنو پرسی پێشگیری لە زانکۆکان، قوتابخانەکانو شوێنەکانی کاریش کاری لەسەر ناکرێ.

بەراتی هەروەها پێداگریی کردەوە کە پەروەردەو بارهێنان لەو پێوەندییەدا هەر چاپی کتێبو تراکت نییە، بەڵکوو پێشگیری بەرنامەیەکی ئامنجداری درێژخایەنو پێویستیی بە پسپۆڕو بوودجەی باش هەیە.

ئەم مامۆستای زانکۆیە وێڕای ئاماژە بە نەبوونی بەرنامە بۆ کۆمەڵگە گوتی هیچ شادیو دڵخۆشییەک لە کۆمەڵگەدا نییە، هەر بۆیە خەڵکیش لە هەوڵی دروستکردنی شادیی ناسروشتین. بۆ نموونە لە ئێراندا ئیزن نادەن کۆنسێرتیش بەڕێوە بچێو سروشتییە کە خەڵک بە هەر شێوەیەک بێ پێویستیان بە شادی هەیەو بە ناچاری بەدووی ڕێگەو شێوازەکانی دیکە دڵخۆشیدا دەچن.

ئەدەب و هونەر

کوردستان

ژمارە: ٦٧٨

٣ی بانەمەڕی ١٣٩٥

٢٢ی ئاوریلی ٢٠١٦

# قەڵەمی «هێمن»ی موکریانی،پڕاوپڕ لە جیلوەی جوانی

## بە بۆنەی ٢٩ی خاکەلێوە ،ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا هێمن

**عەلی لەیلاخ**

ئەوەی کە دەبێژن؛هونەر نەمرە، دەتوانین لە هونەرمەند و قەڵەمبەدەستانێک وەکوو «هێمن «مەهابادی زۆر بە ئاسانی ببینین و وەکوو واقعێک هەستی پێ بکەین.راستە مەرگ جەستەکان دەشارێتەوە بەڵام یاد ونازناوی هونەریی وشوێندانەریی خاوەن هەست وهزری جوانەکان کە یەک لەوانە «مامۆستا هێمن»ی شاعیر وشۆرشگێرە بۆ هەمیشە لە ئێنجانی یادی ئۆگران ولە باخچەی کتێبخانەی کوردی بە بۆنخۆشی و بەڕازاوەیی دەمێنێتەوە.

٣٠ ساڵ بەسەر مەرگی ئەم نووسەرە جوانپەرەست وخەمخۆرە تێپەڕدەبێ کەچی ئێستاشی لە گەڵ بێ بەشێکی زۆر لە هۆنراوەو شێعرەکانی ئەم کەڵە شاعیرە لە گوڵە گەزیزەی تازە شین بووی خاکەلێوە دەچێن کە لە داوێنی دیوانە شێعرەکانیدا بە نازوخەمزەی خەمڕەوێنەوە شنە دێ و کەرویشکەی کەلیمەکانی تائێستاش کاڵ وکز نەبۆوتەوە.

ئەو شێخزادە سابلاخییە چۆن بوو بە هێمن»ی کوردستان و بەشێکی زۆر لە شێعرەکانی بوون بە وانەی کوردایەتی و واتای ئینسانی؟!

«هیمن»لە دایکبووی قوناخێکی هەستیاری مێژووییە کە دەتوانم بڵێم بۆ کورد بەگشتی وبەتایبەتی رۆژهەڵاتی کوردستان سەردەمێکی تایبەت بوو.ئەو گۆش کراوی دەورانی زێڕینی جمهووری کوردستان وهەر لە تافی لاویەتیدا سەوداسەری نیشتمانەکەی دەبێ و وەکوو «سەربازێکی رەند» هەتاکوو «دوا پشوودەبێتە ڕێبواری ڕێگەی عێشق وئازادی»

دەتوانین بڵێن وەکوو شاعیرێکی رۆشنبیر و بەدەروەست بە گوتەیبەختیار عەلی:ئینتمای بۆ شتە باش وجوانەکانی کلتووریکوردەواری هەبوو،نەک بۆ هەموو داب ونەریتی دواکەوتووانەی کۆمەڵگەی خۆی ،هەر بۆیە لە زۆر بواردا دەنگی ئیعتیرازی خۆی هەڵدێنێ ،بەتایبەتی لە پێوەندی لە گەڵ کێشەوگرفتەکانی ژنی کوردو چەقبەستوویی و پیاوسالاریدا چەندین نموونەی جوان وبەهێزی ئەدەبی نەخشاندووە.

ڕاستە لە رەوانبێژی و بێ پێچ وپەنای زمانی شێعری بەجۆرێک مێراتگەری «وەفایی»ە بەڵام لە بیرکردنەوەدا خاوەنی بیری سەردەمیانەونەریت شکێنە کە دەبێژێ:

من تەشی ڕیسی وەکوو شیرینی وەفاییم بۆچیە؟
کیژی وریاو و چاوکراوەی فێرە زانینم دەوێ.

نەتەوەخوازی «هێمن» نەتەخوازییەکی هزرمەندوئینسانییە،نەتەوەویستێکی تۆخ وکەللە رەق نیە،بەڵکوو لە ئەوپەڕی سینگ فەراوانی وبیرۆکەی جوانەوە باسی «گەل»و«میلکان»ی خۆی دەکات وبەش بەحاڵی هەموو ئینسانەکان داکۆکیکاری مافی ڕەواو ئازادیە.

«ئارەزوومە هەرچی ئینسانە بەئازادی بژی
کەی گەلی داماوومات ودیل و یەخسیرم دەوێ!؟»

خۆشەویستی نیشتمان وخەمی بن دەستی گەلەکەی و وردبینی وجوان بینی ئەدەبیی وراستبێژی هونەرمەندانەی لەلایەک و لەلایکتر ئاوارەگی ودەربەدەری و هەست بە خەمی رۆخێنەری بێ وڵاتی کردن ،بووتە هۆکاری مانایی وهەرمانی هۆنراوەکانی ئەم نووسەرە ناسک خەیاڵ



ورەوشتبەرزە.هەربۆیە لە کوردستانی گەورە کەس نیە ناووناوبانگی ئەم شاعیرە شیرین زمانەی نەبیستووبێ.

رەنگە چلەپۆپەی هەستی شاعیرانەی «هێمن»لە نالەی جودایی»دا پێناسەبکرێ کە نارەنارێکی هەست بزوێن وهونەرمەندانەیە، لێوانلێوە لە شەڕابی وشەی ئاڵ وپڕاوپڕە لە پەپوولەی خۆشەویستی وزۆرجاریش دەنگی پرمەپرمی گریانی شەوانی غووربەتی لێوە دێ کە دەڵێ»:

«منیش ئەی بۆلبۆلی شەیدا وەکوو تۆم
وەها دوورم لە هێلانەو گوڵی خۆم»

هیوابەخشین و مەیوس نەبوون و هەوڵدان بۆ سرینەوەی تارمایی خەمساردی لەسەر دەلاقەی چاوەروانی یەک لە تایبەتمەندییە بەهێزوکارامەکانی قەڵەمی «هێمن»ە کە دەگەرێتەوە بۆ ئیخلاق وهەستی پێشمەرگانەی ئەو نووسەرە کە هیچکات هەنگاوی باوڕی بەرانبەر بە کۆسپ وکۆستەکان شل نەبوون و هەردەم دەیگووت:

تا بمێنێ هێزی لاق ودەست وپێم
دێم ودێم ودێم ودێم ودێم

تەنانەت کاتێک وازی لە خەباتی شاخ هێناو گەرایەوە بۆ «شار» بە هەڵسەنگاندنێکی بیرمەندانە دەستیکرد بە چالاکیی فەرهەنگی وهەڵکردنی چرای رووناکی بەخشی»سروە«. هەرچەند لەم بارەوە تانەوتوانچی زۆریان وەپاڵ خست، بەڵام بەرهەمی ئەو خەباتە فەرهەنگی‌یە لە پانتایی کوردستان کە هەمان گەشەی چاپەمەنی کوردی وهاتنە مەیدانی دەیان وسەدان نووسەری کوردە بە جوانی دەبینین و زیاتر پەی بەهەستی کوردانەوبیرمەندانەی «هێمن»ی خەمخۆروشاعیردەکەین.

ئەم شاعیرە دەروەست وهەست بزوێنە هەر لەوەرزی بەهار گیانی شاعیرانەی پێشکەش بوو بە سروشت وجوانی خاکەلێوەی نیشتمان و بۆ بە«هێمن»ی هەرمانی کوردان.

یادی بە نازونیازبێ.

......................

ژێدەر؛نالەی جودایی دیوانی مامۆستا هێمن

پاشەرۆک؛ کۆمەڵە شیعری مامۆستا هێمن.

# ناساندنی دوو کتێب

**عەلی لەیلاخ**

ژیان و بەسەرهات،یان ژیانی پڕ کارەسات!»ناوونیشانی کتێبێکە لە نووسینی (رەحمان بزوەشی)پێشمەرگەی دیرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان.کە کۆمەڵێک بەسەرهات وروداوی سەردەمی خەباتی چەکداریی بە وردی باس کردووەو خوێنەران و بەتایبەتی بەرەی نوێ لە گەڵ ئەو هەلومەرجە کە بەشێکە لە مێژووی بزاڤی نەتەوەیی رۆژهەڵاتی کوردستان ئاشنا دەکا. گێرانەوەی بەسەرهاتەکان وەکوو «تاک» بۆ تۆمار کردنی مێژوو کارێکی گرینگ و بەبایەخە کە ئەم کتێبەش هەڵگریی ئەو تایبەتمەندییەیە. هەروەها نووسەر زۆرجار وشەو بن زاری مەڵبەندی خۆی (کرماشان، کامیاران) بەکار هێناوەو لە کۆتایی کتێبەکەش فەرهەنگۆکی بوو نووسیوە کە ئەم هەوڵەش







لەباری زمانەوانییەوە کارێکی ئەرینیی و بەسوودە.

کۆکردنەوەی چەندین وچەند ناوی جوان وڕازاوەو مانادار بۆ منداڵانی کورد، ناوی بەرهەمێکی دیکەی(ئەورەحمان بزوەشی)یە لە ژێر ناوی «ناوی کوردیی شیاو بۆ کۆمەڵگای کوردستان»

کاریگەریی دانانی ناوو مانای ناو لە سەر منداڵان و شکڵ گرتنی کەسایەتییان لە دوارۆژ دا بە پیی زانستی رەوانشناسی منداڵان خاڵێکی حاشا هەڵنەگرە، هەروەها بەهادان بە ناوی کوردیی بە جۆرێک خزمەتێکی فەرهەنگی ونەتەوەییە، کە پێویستە بنەماڵەکان ئەم دووخاڵە لە هەڵبژاردنی ناو لە پێش چاو بگرن. هەر بۆیە لە چاپ دانی وەها کتێب گەلێک دەتوانی بنەماڵەکان سەرپشک بکات لە هەڵبژاردنی ناوی شیاووماندار. ئەم کتێبە بە ڕێزبەندی پیتی ئەلفۆبیی کوردی بۆ چاپی سێیەم کەتووتە بەر دیدەی خوێنەران.

# «کوردی ئەرامەنە!؟»

«ئەنفالنامە»

**شۆپ وشوێنەواری ئە نفالاندن (ژێنۆساید) لە سەر «زمان».**

**(تاڵیادی «ئەنفال»ی نگریس و نگەویست و «ئەنفالیست»و «جاشەنفال»ەکانی)...**

### لە نووسینەکانی ئەیوب گازەرانی

میمک-پوور/مەتێ-م .زۆرجاروشەی «ئەرامەنە»ی بە مانای «لێ قەوماو ،لانە وراز،داماو و بێ دەسەڵات ،...» بەکار دێنا ودەیکوت:

«ئاخر کوردی ئەرامەنە چەی دەسەڵاتە!؟»

ئاشکرایە ،مێژووی دەکار هێنانی ئەم وشەیە -بەم مانایە -،دەگەڕێتەوە بۆ پاش چەپاو و قەلاچۆی دڵتەزێنی «ئەرمەنی یەکان» لە تورکیا.

ئەوەی لە گرە دا،مەبەستە .شوێنەواری کارەسات و کۆکوژی یە، لە سەر «زمان».

کۆڵینەوە و ورد بوونەوە لە چۆنیەوتی ڕەنگ دانەوەی کارە سان و لێقە ومانی «کۆمەڵگە» لەسەر «ژینگە و زمانگە» باسێکی تۆکمە وتەسەلی پێ دەوێ .

هیچ کارەسات و پێشهاتێکی گرنگ نییە،لەجیهانی واقع دا رووبدا وشۆپ وشوێن لەسەر زمان دانە نێ.مانا گۆڕکێ وشەی «ئەرمەنی» دەرئەنجامی و کۆمەڵکوژی وئە نفالاندنی نەتەوەیەکی دراوسێ یە ،دەزمانی کوردی دا.بێ گومان تاڵان و بڕۆ و کوشت و بڕی گەلی ئەرمەنی،بەتایبەت لە ١٩٠٥ لە وشە و وێژەی زمانی ئەرمەنی دا رەنگ/دەنگی داوەتەوە،ویژە وئەدەبیاتێکی بەرفراوانی ئافراندووە.هەروەک «فەرمان» کارەساتە بەردەوام وبێ بڕوانەوە وکۆکوژی ئە نفالاندنی کوردانیش لە سەدەی بیستەم دالەسەر وشە و زمانی کوردی شۆپ و کاریگەری خۆی داناوە.

ئێزدی یەکان تەنانەت بۆ ئەم نەهامەتی و کۆکوژی یەک لە دوای یەکانەی بەسەریان دا هاتووە ،وشەی «فەرمان»دەکاردێنن .کە هەمبەرێکە بۆ زاراوەی فەرمی ونێونەتەوەیی «ژنوساید» کە لە م نووسینە دا-وە ک هە مبە ریک لە زمانی کوردی «ئەنفالاندن»دە کار هینرا .

شک لەوەدا نییە کەشوێن و شۆپی هەموو «فەرمان»وکارەساتەکان لە وشە و وێژە -چ وێژەزار و چ وێژە نووس-ی زمان دا،بەدیاردەکەوێ. تەنانەت بەو «وشەفەرمان»ان و «نەهامەت- وشە» گەلە وا ،دە زمان دا لمتیان گرتووە،دەکرێ گەلێگ زانیاری لێ هەڵکرێنین، سەبارەت بە و فەرمان و ژنۆسایدانەی لەمێژووی کوشت و بڕوو شەڕ و شۆڕ و تاڵان و بڕۆ کە لە ئێمەی دانیشتووی رۆژهەلاتیناڤین و نەخوازە لە کوردان ،قەوماوە .ڕێزکردنی گشت ئەوفەرمانگەلە وا بەسەر کوردەواری دا هاتووە بە پێ تاریخی قەومانیان ،لە میژوو، بۆ خۆی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی وردی پێدەوێ.

لێرە دا سەرە باس،هەریەک لەم «فەرمان»انەیە ،کە بریتی یە لە قەومانی فەرمانی پیس و نگریس و نگەویسی «ئەنفال»

ئەوەی راستی بێ،رەنگ دانەوەی «بێداد»ی ئەنفال لە وێژەو وشەی کوردی دا توێژینەوەی سەبەخۆ ی گەرەکە.بەلام لێرە دا بەبۆنەی ساڵوەگەڕ وتالیادی ئەنفالەوە هێندێ وشە ی سەر بەم فەرمان و کارە ساتە،دێنم،بەشکەم ببێتە هەوێنی لێکۆڵینەویەکی تۆکمە و تەسەل -چ زانکۆیی و چ ئازاد - لەلایەن توێژەرەوە وخوێندکارێکی پرسا وبەدەربەستە وە.

باسی «ئە نفالاندنی زمان» ژنوسایدی زمانی -مینا ئە و سیاسە تە ی کە مالیستە کان ،لە تورکیا ،بۆ چە ندین دە هە،دە رحە ق بە کورمانجی باکوور،وە ک زمانێکی قاخە کراو ، گرتیانە پێش.

---



وشەنامەیێک بۆئەنفالاندن و ئە نفالیسم

ئەنفالکار*/ئەنفالکەر*/ /ئەنفالچی*/ئەنفالستان* /ئەنفالنامە*/

گۆڕەنفال/ چاڵەنفال/ ئەنفالگە /ئەنفالە شێعر:شێعرە نفال/ئەنفالبێژ/ ئەنفال وێنە /

ئەنفالگەڕ/ئە نفال دیتوو/ئەنفالنووس/ژنەنفال دایکەنفال /»صف»ی ئەنفال و...

ژین دوژمنان :

ئەنفالیسم/پارتی ئەنفالیست/ ئەنفالیسمی بەعس/ئەنفالنژاد/ئەنفال ڕەگەز/ ئەنفال ئایین/ئەنفال پیشە /ئەنفالشا:سەددام/ ئەنفالسالار/عەلی ئەنفال:عەلی کیمیایی /ئەنفال بەگ /سەرئەنفالچی:بارق حاجی حنتە / ئە نفالاندن / ئە نفالێتی ی /ئەنفالخنکێن /ئەنفالکوژان/ئەنفالخولقێن/ ئەنفالکرد /ئەنفالگەر/ئە نفالێنە ر/ئە نفالێنراو ...و...ئە نفالاندنی ئە رامە نە /دێرسیم /ئێزدییە کان و...

لەشکەری ئەنفال /عەقڵیەتی ئەنفال/حیزبی ئەنفال /وڵاتی ئەنفال/ مەکتەبی ئەنفال/ ئەنفالبیران/ئەنفالیسمی بەعس/ ئاتاتورک و... / جاشەنفال.....

